حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی راگەیاندن

# هەڵسەنگاندنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا

## دیپلۆماتیک مەگەزین وەک نموونە

نامەیەکە خوێندکار

هژار کیفە شریف

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی راگەیاندن.

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. فواد عەلی ئەحمەد

٢٧٢٢.کوردی ٢٠٢٢.زایینی ١٤٤٤.هجری

"راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بریتیە لە دەربازکردنی ئەو دۆخەی هەیە لە چنگی زلهێزە دەسترۆەوەکان"

جولیان ئاسانج

دامەزرێنەری پێگەی ویکیلیکس

"سەرتاپای پیشەکەم پەیوەستە بە بایەخی راستییە ویستراو و نەویستراوەکان و کردنی وڵاتەکەم بەمێرگێکی ناسداریانە"

سیمور هیرش

دیارترین رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی لە جیهان

رەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(**هژار کیفه شريف**) بەناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا - دیپلۆماتیک مەگەزین وەک نموونە**) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (راگەیاندن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

سەرپەرشتیار: د. فواد عەلی ئەحمەد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

رێکەوت: ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.سەلام نصرالدين

سەرۆکی بەشی (راگەیاندن)

رێکەوت: ٢٥ / ٥ /٢٠٢٢

ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار(**هـژار کیفە شریف**) بەناونیشانی **(هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستاندا - دیپلۆماتیک مەگەزین وەک نموونە)** خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بەپلەی(          ) بڕوانامەی ماستەری لەزانستی (ڕاگەیاندن) پێبدرێت.

واژوو:

ناو: باقر داود حسێن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٩/١١

واژوو:

ناو: پ.ی.د. کاروان عەلی قادر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام:

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٨/٢٤

واژوو:

ناو: پ.ی.د. صادق حەمە غریب احمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام: ئەندام

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٨/٢٤

واژوو:

ناو: فوئاد عەلی محەمەد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار:

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٨/٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەوەکالەت.

ڕێکەوت: ٢٠٢٤/١٠/٢

**پێشکەشەبە...**

❖ دایکم... پاڵپشت و هاندەری هەمیشەیی لە قۆناغەکانی ژیانمدا.

توێژەر

## سوپاس و پێزانین


- ❖ سوپاس بۆ بەڕێز (د. فواد عەلی ئەحمەد) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم کە لەماوەی نووسینی توێژینەکەدا ماندو بوو لەگەڵمدا.
- ❖ سوپاسێکی شایستە بۆ بەڕێز (د. هێمن مەجید حەسەن) کە هاوکارم بوو لە دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بە توێژینەوەکەم، هەروەها ڕێنماییە زانستیەکانی کە لە هەر هەنگاوێکی ئەم توێژینەوەیەدا کاری گرانیان بۆ ئاسانکردووم.
- ❖ سوپاس بۆ بەڕێز (د. هێرش ڕەسوڵ) بۆ هەوڵ و ماندووبونەکانی لە بەجێگەیاندنی هەنگاوە زانستیەکان توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە شیکارینامەی توێژینەوەکەیان بۆ هەڵسەنگاندم.
- ❖ سوپاس بۆ بەڕێز (دارا مەلا شەفیق) هاوکارم بوو لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست بە توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاس بۆ بەڕێز (بارام سوبحی) هاوکارم بوو لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست بە توێژینەوەکەم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

بــابەتی ئەم تــوێژینەوەیە بــریتییە لە (هەڵســەنگاندنی راپــۆرتی بنکۆڵکــاریی لە مــاڵپەڕە هەواڵییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان دا) کەبـابەتێکی هەنـوکەیی و گرنگـی ئەمـڕۆی زانسـتیی راگەیاندنە و بووەتە جێی بـایەخی دەزگـا رۆژنامەوانییەکـان، لەو ڕوانـگەیەوە ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی دۆخی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە پانتایی مـاڵپەڕە هەواڵییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان دا، بە ڕێـگەی شـیکاریی و گەڕان بەدوای ئامـاژە پێکهاتەییەکـانی راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی لەو راپۆرتـانەی کە مـاڵپەڕە هەواڵییەکـانی هەرێمـی کوردستان بەناوی راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی ئاراسـتەی وەرگرەکـانی دەکـات، بـۆ ئەو مەبەسـتەش مـاڵپەڕی (دیپلۆماتیـک مەگەزیـن - diplomatic magazine) بەنمـوونە وەرگیـراوە، تێکـڕای راپۆرتەکـانی بەرنـامەی (سـندوقی رەش) ی مـاڵپەڕی نـاوبراو کەژمارەیـان (٢٠) راپــۆرتە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/٣— ٢٠٢١/١١/٢٩) بەرهەمهێنراون وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگیـراوە، لەو سـۆنگەیەوە ئامــانجی ئەم تــوێژینەوەیە ئاشــنابوونە بە ئاســتی زانســتیبوونی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکـان و رەسـەنبوونی ئەو راپۆرتـانەی کە لەو مـاڵپەڕانە بڵاوکـراونەتەوە لەگەڵ ئەو ئامانجـانەی کە راپۆرتەکـان هەوڵـی بەدیهێنانیـان داوە و خسـتویانەتەڕوو، هەروەهـا تاچەنـد توانیویانە پرۆسەی ڕۆچوون و قوڵبوونەوە لە راپۆرتەکان ئەنجام بدەن. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، توێژەر رێکاری ڕووپێـوی شـیکاری (المسـح التحليـلي) بەکارهێنـاوە کە گونجاوە لەگەڵ رەوتی توێژینەوەکەیدا، بۆگەیشـتن بە ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکەش شـێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێنراوە، لە کۆتاییـدا تـوێژینەوەکە گەیشـت بە چەنـد دەرئەنجامێـک لە دیارترینیــان: راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان بەرێبــازی زانســتیی بنکۆڵکــاریی ئامــادەکراون، زانیارییەکانی پشتی بە بەڵگەو سەلماندنەکان بەستووە، هەروەها راپۆرتەکان تاڕادەیەکی بـاش پرۆسەی رۆچوون و قوڵبوونەوەیان ئەنجامداوە و رووماڵی رەهەندەکانی دۆزی راپۆرتەکانیـان کردووە، بەقوڵی بەدوای ئەو بەڵگەو زانیارییـانەدا گەڕاون کە دۆزی راپۆرتەکـان خواسـتویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان تەنیا بریتی بووە لە خستنەڕووی دۆزەکان و لە کۆتایـدا نەیـانتوانیوە چارەسـەری پێویسـت بـۆ دۆزەکـان بـخەنەڕوو و پێشـنیار و راسـپاردە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بەدۆزەکان بکەن.

**پێکهاتەکانی توێژینەوەکە**


| بابەتەکان | لاپەرە |
|---|---|
| وتە | أ |
| ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| پێشکەشە | س |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پوختەی توێژینەوەکە | ح |
| پێرستی توێژینەوەکە | خ- ز |
| پێرستی خشتەکان | س- ش |
| پێشەکی | ١ – ٣ |
| **بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە** | **٤ – ٢١** |
| **پاژی یەکەم: پێکهاتەی ڕێبازنامەکە** | **٥ – ٩** |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | ٥ |
| دووەم: بایەخی توێژینەوەکە | ٦ |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ٧ |
| چوارەم: جۆری توێژینەوەکە | ٧ |
| پێنجەم: ڕێکاری توێژینەوەکە | ٨ |

| | |
|---|---|
| پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە | ٨ |
| شەشەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان | ٩ |
| **پاژی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو** | **١٠ – ٢١** |
| یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان | ١٠ |
| دووەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٠ |
| سود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو | ٢١ |
| **بەشی دووەم: زانیارینامە** | ٢٢ – ٥٦ |
| **پاژی یەکەم: راگەیاندنی بنکۆڵکاریی** | **٢٢ – ٤٣** |
| **دەستپێک** | ٢٣ |
| یەکەم: گەشەی مێژوویی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی | ٢٤ |
| دووەم: چەمک و پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی | ٣١ |
| سێیەم: پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی | ٣٤ |
| چوارەم: تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی | ٣٨ |
| پێنجەم: ئیتیکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی | ٤٠ |
| **پاژی دووەم: راپۆرتی بنکۆڵکاریی** | **٤٤ – ٥٦** |
| یەکەم: راپۆرتی بنکۆڵکاریی | ٤٤ |
| دووەم: بنەماکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی | ٤٥ |

| | |
|---|---|
| سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی | ٤٧ |
| چوارەم: گرنگی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی | ٤٩ |
| پێنجەم: ئەرک ئامانجەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی | ٥٢ |
| شەشەم: جیاوازی نێوان ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی و ڕاپۆرتی کۆنباو | ٥٤ |
| **بەشی سێیەم: زانیارینامە** | **٥٧ – ٩١** |
| **پاژی یەکەم: ماڵپەڕەکان** | **٥٧ - ٧٩** |
| **دەستپێک** | ٥٨ |
| یەکەم: دەرکەوتنی ئینتەرنێت | ٥٩ |
| دووەم: گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان | ٦١ |
| سێیەم: گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان لەهەرێمی کوردستان دا | ٦٧ |
| چوارەم: چەمک و پێناسەی ماڵپەڕەکان | ٦٩ |
| پێنجەم: جۆرەکانی ماڵپەڕەکان | ٧٣ |
| شەشەم: تایبەتمەندیەکانی ماڵپەڕەکان | ٧٦ |
| **پاژی دووەم: ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکان دا.** | **٨٠ – ٩١** |
| یەکەم: دۆخی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکان دا . | ٨١ |
| دووەم: دۆخی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا | ٨٦ |
| **بەشی چوارەم: کردەنینامەی توێژینەوەکە** | **٩٢ – ١٢٥** |

| | |
|---|---|
| **پاژی یەکەم: ڕێکارەکانی شیکاری ناوەڕۆک** | **٩٢ – ١٠٧** |
| دەستپێک | ٩٣ |
| یەکەم: نموونەی توێژینەوە | ٩٤ |
| دووەم: شیکاری ناوەڕۆک | ٩٧ |
| سێیەم: دیاریکردنی یەکە و دەستەکانی شیکاری | ٩٩ |
| یەکەکانی شیکاری | ٩٩ |
| دەستەکانی شیکاری | ١٠٠ |
| چوارەم: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شیکارینامە | ١٠٢ |
| پێنجەم: دیاریکردنی دەستەکانی توێژینەوەکە | ١٠٣ |
| شەشەم: ڕێکارەکانی دروستی و جێگیری | ١٠٥ |
| دروستی | ١٠٥ |
| جێگیری | ١٠٧ |
| **پاژی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان** | **١٠٨ – ١٢٥** |
| یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان | ١٠٩ |
| دوەم: دەرئەنجام | ١٢٣ |
| سێیەم: راسپاردە | ١٢٤ |
| چوارەم: پێشنیار | ١٢٥ |

| | |
|---|---|
| لیستی سەرچاوەکان | ١٢٦ – ١٣٦ |
| پاشکۆ | ١٣٨ – ١٤٧ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ١٤٨ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٤٩ |

# پێڕستی خشتەکان



| ژ.خشتەکان | خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | جیاوازی نێوان ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی و ڕاپۆرتی کۆنباو | ٥٤ |
| ٢ | ئەنجامەکانی ڕاپێوینامەی بەرایی | ٩٥ |
| ٣ | دیاریکردنی دەستەکان | ١٠٣ |
| ٤ | بۆچوونی شارەزایان تایبەت بە فۆڕمی شیکارینامەی توێژینەوەکە | ١٠٦ |
| | رونکاریەتایبەتییەکانی ڕاپۆرتەکانی مشتەی توێژینەوەکە | **١٠٩-١١٢** |
| ٥ | وەرگری مەبەست | ١٠٩ |
| ٦ | ڕەگەزی ڕاپۆرتساز | ١١٠ |
| ٧ | ماوەی ڕاپۆرتەکان | ١١١ |
| ٨ | شێوازی خشتنەڕووی ڕاپۆرتەکان | ١١١ |
| ٩ | سنوری جوگرافی ڕاپۆرتەکان | ١١٢ |
| | ئاماژە پێکهاتەییەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی | ١١٣ – ١٢٥ |
| ١٠ | زانستیبوون | ١١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | ڕەسەنایەتی | ١١٤ |
| ١٢ | ڕۆچوون و قوڵبونەوە | ١١٥ |
| ١٣ | هەڵسەنگاندنی زانیاریەکانی | ١١٦ |
| ١٤ | ئامانجەکان | ١١٧ |
| ١٥ | پەیامەکان | ١١٨ |
| ١٦ | پێوەرەکانی دۆزی ڕاپۆرتەکان | ١٢٠ |
| ١٧ | سەرچاوەکانی زانیاری | ١٢١ |
| ١٨ | ئەنجامی ڕاپۆرتەکان | ١٢٢ |

## پێشەکی

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ناوێکی دیار و مێژوویەک لە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتەکان، تا ئاستی سەلماندنی خۆی لەکۆمەڵ، ئێستا سەردەم سەردەمی راگەیاندنی بنکۆڵکارییە چیتر راگەیاندنی کۆنباو ناتوانێت وەرگرەکانی قایل بکات بەو کەمە زانیاریانەی پێشکەشیان دەکات، لەنێو ئەو ژینگە ئاڵۆز و پڕ لە ململانێیانەی کۆمەڵ، راگەیاندنی کۆنباو زۆرجار دەستە وەستانە لە گەیشتن بەڕاستیەکان، ئەمەش کەلک و پێویستی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی زیاتر کرد لە کۆمەڵ، ئەم جۆرەی راگەیاندن بە رێبازێکی نوێ و بە شێوازێکی نوێی رووماڵکردنی دۆزەکان هەوڵی گەیشتن بەراستیە شاراوەکان دەدات، ئەم جۆرە تەنیا بریتی نیە لە گواستەوەی هەواڵ و زانیاری لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بەڵکو خۆی روداو دروست دەکات هەرخۆشی دەچێتە قوڵایی ئەو روداوانە و رەهەندەکانی ڕوماڵ دەکات و پرۆسەی بنکۆڵکردن ئەنجام دەدات تادەگات بە حەقیقەت، راگەیاندنی بنکۆڵکاریی هەرتەنیا بریتی نیە لە جۆرێکی نوێ لە گواستنەوەی هەوڵ زانیاری و ڕووماڵکردنی دۆزەکان، بەڵکو زیاتر دەرِوات و کۆمەڵ وتاکەکانی فێردەکات هەمیشە بە بیری بنکۆڵکارییانە بۆ دیاردە و پێدراوەکانی چواردەوریان بڕوانن، هەمیشە بەدرِدۆنگیەکی ژیریانە ئەو زانیاریانە وەرگرن کە ئاراستەیان دەکرێت تاگەیشتن بە راستیەکان، بۆئەوەی لەئەنجامدا تاکێکی هۆشیار و متمانە بەخۆبوو لە کۆمەڵ دەربکەوێت. ئەگەرچی پەیرِەو کردنی ئەم جۆرەی راگەیاندن پێویستی بە ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیەکەی وایکردوە لەهەموو کۆمەڵێک بایەخ بەم جۆرەی راگەیاندن بدرێت و ببێتە پێویستیەکی سەردەم، بەڕەچاو کردنی گرنگی و بایەخەکەی رۆژنامەوانان و دەزگا رۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستان سەرباری ئاستەنگیەکان و نەبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆی هەوڵیانداوە کەم و زۆر پەیرِەوی ئەم جۆرەی راگەیاندن بکەن و کۆمەڵ و کەسایەتی و دامەزراوە فەرمیەکان لەگرنگی و بایەخی هۆشیاربکەنەوە. لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیە بۆ ئاشنابوون بەم جۆرەی راگەیاندن لە پانتایی جۆرێکی نوێ لە ئامرازەکانی راگەیاندن کە بریتییە لە ماڵپەڕەکان کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیا بوەتە ئامرازێکی رۆژنامەوانی دیار و بەرچاو لە کۆمەڵ، لێرەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بکات بەمەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو وەک:

دڵنیابوونەوە لە ڕەچاوکردنی بنەما زانستییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی کە لە ماڵپەڕە هەواڵییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.

گەیشتن بەوەی کە کردەی ڕۆچوون و قوڵبوونەوە بە ناخی ڕووداو و ڕەهەندی دۆزەکانیاندا تایبەتمەندێتییەکی پێکهاتەیی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکانن.

گەیشتن بە ڕەسەنبوونی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکان و دڵنیابوون لەوەی کە بەرهەمی خودی هەڵسوڕاوانی ماڵپەڕی مەبەستن.

ئەم توێژینەوەیە لە چواربەشی سەرەکی پێکدێت:

**بەشی یەکەم: ڕێبازنامە**

لەبەشێکی سەرەکی و دوو پاژ پێکدێت، پاژی یەکەم تایبەتە بە رەگەزە سەرەکیەکانی ڕێبازنامە کەبریتین لە" کێشەی توێژینەوەکە، بایەخی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە، سنوو ر و دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە)، پاژی دووەم تایبەتە بە( توێژینەوەکانی پێشوو، تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو، سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو).

**بەشی دووەم: زانیارینامە**

ئەم بەشە لە دوو پاژ پێکدێت، بەجۆرێک پاژی یەکەم ئەم زانیاریانە لە خۆ دەگرێت( گەشەی مێژووی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، چەمک و پێناسە، تایبەتمەندییەکانی، جیاوازیەکانی، ئیتیکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی)، پاژی دووەمیش تایبەتە بەزانیارییەکانی پەیوەست بە راپۆرتی بنکۆڵکاریی.

**بەشی سێیەم:زانیارینامە**

ئەم بەشەش لە دوو پاژ پێکدێت، پاژی یەکەم تایبەتە بە ماڵپەڕەکان زانیاری لەبارەی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت، ئینتەرنێت، گەشەی مێژووی ماڵپەڕەکان، چەمک و پێناسە، گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان، پاژی دووەمیش تایبەتە بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە سەردەمی ماڵپەڕەکان ئەم زانیاریانە لە خۆدەگرێت( دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لەسەردەمی تەکنەلۆژیا و ماڵپەڕەکان دا ، دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان دا)

**بەشی چوارەم: کردەنینامە**

ئەم بەشە تایبەتە بە لایەنی کردەنی تـوێژینەوەکە، لەدوو پـاژ پێکـدێت، پـاژی یەکەم تـایبەتە بە (ڕێکارەکـانی شـیکاری نـاوەڕۆک )، پـاژی دووەمـیش تـایبەتە بە (خسـتنەڕوی ئەنجامەکـان، دەرئەنجامەکان، پێشنیار، راسپاردەکان).

# بەشی یەکەم

# رێبازنامەی توێژینەوەکە

## پاژی یەکەم

( کێشە، بایەخ، ئامانج، رێباز و رێکار، سنوور، چەمک و زاراوەکان)

## پاژی دووەم

یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو.

دووەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو.

سێیەم: سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

# پاژی یەکەم

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە

بەهۆکاری بایەخ و گرنگیەکەی و ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵدا دەیگێڕێت، ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی بوەتە پێویستیەکی ئەمڕۆی کۆمەڵ بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکان و ڕاستیە شاراوەکان و پتەوکردنی بنەماکانی چاودێری بەسەر دامەزراوە فەرمی و تایبەتییەکان و کەسایەتیە گشتییەکاندا، ئەوەش لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵدا، هەرئەم گرنگیەشی وایکردووە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی جیهان گرنگی بەم جۆرەی ڕاگەیاندن بدەن.

بە ڕەچاوکردنی کەڵک و بایەخی ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن، هەندێک لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستان بانگەشەی پەیڕەو کردنی دەکەن. لەو سۆنگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (**نارووونی ئامازە پێکهاتەییەکان و ڕەچاوکردنی هەنگاوە بنەڕەتیەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لەو ڕاپۆرتانەی کە لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا بڵاودەکرێنەوە)**.

بە مەبەستی زیاتر خستنە ڕوو و ڕوونکردنەوەی کێشەکەی توێژینەوەکە، ئەم پرسانە دەخەینە ڕوو:

١. ئایا ڕاپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان بە ڕێبازی زانستی ئامادەکراون؟

٢. ئایا ڕاپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان ئامازەکانی ڕەسەنبوونی تێدا بەدیدەکرێت؟

٣. ئایا ڕاپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان ڕۆچونەتە قوڵایی کێشەو ڕوداوەکان، یاخود ڕەهەندە شاراوەکانی کێشەو ڕوداوەکانی ئاشکرا کردووە؟

٤. ئایا پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ زانیارییەکانی بەکارهاتوو لە ڕاپۆرتەکان ئەنجامداروە؟

٥. پەیامەکانی ڕاپۆرتەکان لە ماڵپەڕەکان کامانەن؟

٦. ئایا پێوەرەکانی بوونی دۆزێکی نموونەیی و گونجاو بۆ ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ڕاپۆرتەکان ڕەچاوکراوە؟

٧. سەرچاوەکانی زانیاری ڕاپۆرتەکان کامانەن کە پشتی پێبەستوون لەبەدەستهێنانی زانیارییەکانیدا؟

٨. ئایا راپۆرتەکان گەیشتوون بەو ئەنجامانەی کە پێویستە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان پێی بگەن؟

**دووەم/ بایەخی توێژینەوەکە**

بایەخی توێژینەوەکە لە بایەخی گۆڕاوەکانییەوە سەرچاوەدەگرێت، واتە راپۆرتی بنکۆڵکاریی لەهەرێمی کوردستان دا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ماڵپەڕەکان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو بابەتەکە، واتە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و ماڵپەڕەکان بابەتی گرنگن بۆ کۆمەڵی هەرێمی کوردستان و پەیوەستن بە کۆی کردەکانی گەشە و ئەو گۆڕانکارییانەوە کە پێویستن بۆ هەڵاویردنی چەقبەستوویی و خولانەوەی نێو بازنەکان، سەرەڕای بایەخە زانستی و لۆژیکییەکەیان، کە پێویستییەکی پڕبایەخی ئەم سەردەمەیە و بەتایبەتیش لەبواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکارییدا.

لەوێشەوە، دەکرێت لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە:

١.ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەشدارییەکی کاریگەرە لەفراوانکردنی بوارە زانستی و ئەکادیمییەکەی هەرێمی کوردستان دا و بەتایبەتیش ڕاگەیاندن.

٢.ئەم توێژینەوەیە، کاریگەرێتی دیاری دەبێت لە تاوتوێکردن و ناساندنی ڕەهەندەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی، پاشان ئاشانبوون بەو دۆخەی لە پانتایی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا.

٣.دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی زانستی بۆ هەڵسوڕاوانی بواری ڕاگەیاندن و کارکردنی مکوڕانە و ئاوێتەکردنی بەم سەردەمە نوێیە، لەویشەوە دەبێتە هاندانێک بۆ رۆژنامەوانان و پسپۆڕانی بواری رۆژنامەوانی بۆ گرنگیدان بەم جۆرەی راگەیاندن، روماڵکردنی دۆزە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵ بە پێی رێباز و شێوازەکانی ئەم جۆرە نوێیەی راگەیاندن.

٤.دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی زانستی بۆ کۆمەڵی هەرێمی کوردستان، چونکە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بابەتێکی گرنگی کۆمەڵە و بەو پێیەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی کار لەسەر کێشە و رووداوەکانی کۆمەڵ دەکات، رۆدەچێتە نێو قوڵایی دۆزەکانی کۆمەڵ، هەوڵی ئاشکراکردنی رەهەندەکانی دەدات، زۆر جار دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە پێکهێنانی رایگشتی.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە**

١.ئاشــکراکردنی هەبــوونی ئاماژەپێکهاتەییەکــانی راپــۆرتی بنکۆڵکــاریی لە پانتــایی مــاڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا.

٢.گەیشتن بە ڕەسەنبوونی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و دڵنیابوونەوە لەوەی کە بەرهەمی خـودی هەڵسوڕاوانی ماڵپەڕەکانن.

٣.ئاشنابووون بەوەی تاچ رادەیەک ڕێبازی زانستی  راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە راپۆرتەکانی ماڵپەڕە هەواڵییەکاندا پەیڕەو کراوە.

٤.دڵنییــابوونەوە لەوەی کــردەی ڕۆچــوون و قوڵبــوونەوە بە نــاخی ڕووداو و ڕەهەندەکانیانــدا تایبەتمەندێتییەکی پێکهاتەیی راپۆرتەکانی ئەوماڵپەڕانەیە.

٥.دڵنیابوونەوە لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی بەکارهاتوو لە راپۆرتەکان.

٦. ئاشنابوون بە پەیامەکانی راپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان.

٧. ئاشنابوون بە سەرچاوەکانی زانیاری راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

٨. ئاشنابوون بە رەچاوکردنی پێوەرەکانی دۆزی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە راپۆرتەکانی ماڵپەڕە هەواڵییەکان.

٩. ئاشنابوون بە ئەنجامەکانی راپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان.

**چوارەم/ جۆری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە **(وەسفی)** یەکانە و چـونکە ئەم جـۆرە لە توێژینەوەکـان لەسەر بنەمای دیاریکردنی تایبەتمەندی دیاردە و دیـاریکردنی پێکهـاتە و جـۆرێتی و پەیوەنـدی نێوان گۆڕاوەکان و ئاراستە و هۆکارەکانی خۆی دادەڕێژێت، سەرەڕای ئەوەی هەوڵی ناساندنی کێشە و دیاردە هەنوکەییەکان دەدات، وەکچۆن هەن.[1] هەروەها وێنـاکردنی پەیوەنـدی نێـوان دیاردەیەک لەگەڵ دیاردەیەکی دیکە و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە.[2]

---

بڕوانە:

[1]- نائـل عبـدلحافظ العواملـة، اسـاليب البحـث العلمـي، قسـم الادارة العامـة، كليـة الاقتصـاد والعلـوم الاداريـة (الجامعـة الاردنية،١٩٩٧) ص١٠٢.

[2]- مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، مناهج البحث العلمى وتطبيقاتهـا فـي الإعـلام والعلـوم السياسـية، (دار الوفـا الطباعة ولنشر، الاسكندرية،٢٠٠٧)، ص٩٥.

**پێنجەم/ ڕێکاری توێژینەوەکە**

لەتاوتوێکردنی لایەنی کردەنی توێژینەوەکە پشت بە ڕێکاری ڕوپێوی بەستراوە، ئەم ڕێکارە یەکێکە لە ڕێکارە گونجاوەکان لە توێژینەوە وەسفیەکان، کە بەکاردەهێنرێت لە توێژینەوە ڕواڵەتیەکان و کێشە هەنوکەییەکان بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیارییەکان بە شێوازێکی زانستی و ڕێکخراو پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکە،[1] بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجەکانیشی لە ڕەهەندی کردەنییەکەیدا، پشت بە شێوازی (شیکاری ناوەڕۆک) بەستراوە، بەو پێیەی شێوازێکی گرنگە لە توێژینەوە مرۆییەکان و بە هۆیەوە بابەتی شیکارکراو لە ڕێگەی ئامرازی شیکارینامە وە بەشێوەیەکی چەندێتی وچۆنیەتی و ڕێکخراو وەسف دەکرێت.[2] ئەمەش بە وەسفکردنێکی ڕێکخراو و بابەتیانە و پۆلێنکردنی تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانییەکان.[3] سەرباری بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتن لەکۆکردنەوەی بەشێک لە زانیارییەکانی توێژینەوەکە کە توێژەر لە بەشی زانیاری نامەی توێژینەوەکەدا پشتی پێبەستووە.

**شەشەم/ سنووری توێژینەوەکە**

- **سنووری کات**

گوزارشتە لە ماوەیەکی دیاریکراوی تەمەنی دیاردە یان دۆز یان بابەتێکی دیاریکراوی بەئامانجگیراو بۆ تاوتوێکرد لەلایەن توێژەرەوە بەشێوەیەکی گشتی. لەو سۆنگەیەوە سنوری کاتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو ماوەیەی کە ئەو ڕاپۆرتانەی تێدا بەرهەمهێنراون کە لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەست گیراون، کە بریتیە لە: (**٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩**).

- **سنووری شوێن:**. سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەرێمی کوردستان.

---

بڕوانە:

[1]- محمد فاتح حمدي، سميرة سطوطاع، مناهج البحث في العلوم الاتصال والاتصال وطريقة اعداد البحوث، (دار الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٩)،ص١٣٠.

[2]- صابر بكر بۆكانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، (چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، ٢٠١٦)، لا٩٤.

[3]- مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٧-١٢٨.

- **سنووری بابەتی:.**

بــریتیە لەکــۆی ڕاپۆرتەکــانی بەرنــامەی **(ســـندوقی ڕش)** کە ژمارەیــان (٢٠) ڕاپــۆرتە و لەنێوان**(٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩)** بەرهەمهێنروان.

**حەوتەم/ دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

**هەڵســـەنگاندن:** واتە تــاوتوێکردن و هەڵســەنگاندنی دۆخــی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان و هەڵهێنجاندن و خستنەرووی ئاماژە پێکهاتەییەکانی و رەچاوکردنی هەنگاوە بنەرەتییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە پانتایی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا.

**راپۆرتی بنکۆڵکاریی**: بریتییە لەکۆی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەرنامەی **(سندوقی ڕەش)**ی ماڵپەڕی دیپلۆماتیك مەگەزین بەرهەمیهێناون لە سەرجەم تەمەنی خۆیدا و ژمارەیان (٢٠) راپۆرتە و وەکو مشتی توێژینەوەکە وەرگیراون و کاریان لەسەر کراوە.

**مــاڵپەڕ:** مەبەســت لە مــاڵپەڕ لە پانتــایی ئەم تــوێژینەوەیەدا بــریتیە لە مــاڵپەڕە هەواڵیــیە کوردیەکانی هەرێمی کوردستان، واتە ئەو ماڵپەڕانەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت نوێنەرایەتی یەکێک لە دەزگا رۆژنامەوانییە هەواڵییەکان دەکەن یاخود ماڵپەڕێکی رۆژنامەوانی سەربەخۆن و تەنها لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بابەتە رۆژنامەوانییەکانیان ئاراستەی وەرگرەکانیان دەکەن.

**هەرێمــی کوردســتان**: بـریتیە لەنـاوچەیەکی جـوگرافی دیـاریکراو خـاوەنی سـنوور و پـێگەو سیستمی کارگێری خۆیەتی لە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتی عێراق، بەدەقی دەستوری وەکو هەرێمێکی فیدراڵی دانی پێدا نراوە.[١]

بڕوانە:

[١]- دەستوری هەمیشەیی عێراق، ماددەی ١١٣.

# پاژی دووەم

# توێژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم/خستنەڕووی توێژینەوەکان

### ١/ توێژینەوەی: حسین/ ٢٠١٣[1]

ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە توێژینەوە وەسفیەکان، ناونیشانەکەی بریتیە لە (**الصحافة الاستقصائية كنمط مستحدث في الصحافة العربية**) ئەم توێژینەوەیە باس لە گرفت و کێشەکانی بەردەم راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەکات لە رۆژنامە مسریەکان، هەروەها هەوڵی داوە هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی ئەو جۆرەی راگەیاندن بکات، هاوکات باس لە و تێڕوانینە جیاوازانەش دەکات کە لە نێوان هەردوو توێژی پیشەیی و پسپۆڕی لەسەر دۆخ و ئێستا و داهاتووی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی دروست بووە، ئەم توێژینەوەیە رێکاری رووپێوی لە ڕەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی بەکار هێناوە لەگەل ئەوەشدا شێوازی بەرواوردکاری بەکارهێناوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی تویژینەوەکە:**

١.زانین و خستنەڕووی توانای سەرنووسەری رۆژنامەکانی مسر لە گرنگیدان بەکاری بنکۆڵکاریی، و ئەو هۆکارانەی کە وای لێکردن شارەزابن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و بەراورد بە ژانەرەکانی دیکەی رۆژنامەوانی.

٢.ئاشنابوون بەو سەرچاوانەی کە سەرنووسەرەکان یاخود رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار بیرۆکەی کارەکەی لێوە وەردەگرن لەو دەزگایانەی کە کاری بۆدەکەن.

٣.ئاشنا بون بە هەست کردنی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی مسر بە چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و گرنگی و رۆڵی ئەم جۆرەی راگەیاندن بۆ کۆمەڵ.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.گرنگی و رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە کۆمەڵ بۆ چاکسازی و ئاشکراکردنی شاراوەکان، ئەو هۆکارانە بوون کە سەرنووسەران رۆژنامەوانان گرنگی بە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بدەن.

---

[1]- حسين محمد ريع عثمان، الصحافة الاستقصائية كنمط مستحدث في الصحافة العربية، اطروحة دكتورا، جامعة مينا، كلية الاداب، قسم الاعلام،٢٠١٣.

٢.سەرنووسەر یاخود بەرپرسانی یەکەی بنکۆڵکاریی رۆژنامەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی بیــرۆکەی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان، دوای خســتنەڕووی کــۆی بیرۆکەکــان و گفتوگــۆکردن لەسەریان، پاشان ئەنجامدان یـان کـارکردن لەو بیرۆکـانەی کە رۆژنـامەکە یـان رۆژنـامەوانەکە دەتوانێت کاری لەسەر بکات.

## ٢/ توێژینەوەی محمد/٢٠١٥ [1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری -مەیـدانی- بەراوردکـاریە، ناونیشـانەکەی بـریتیە لە **(واقع الصحافه الاستقصائية في الصحف الفلسطينية)** ئەم تـوێژینەوەیە کـاری لەسـەر دۆخـی راگەیانــدنی بنکۆڵکــاریی کــردووە لە رۆژنامەکــانی فەلەســتین، وەک زانینــی ئەو دۆزانەی کە رۆژنامەکـان کـاری لەسـەر دەکەن هەروەهـا جـۆری سـەرچاوەکانیان کە زانیـاری لێـوەردەگرن، هاوکـات دەستنیشـانکردنی ئەو ئاسـتەنگانەی ڕوبەڕوی رۆژنامەوانـانی بنکۆڵکـار دەبـنەوە. ئەم تــوێژینەویە یەکــێکە لە تــوێژینەوە وەســفیەکان، بــۆ بەرجەســتە کردنــی لایەنــی کردەنــی توێژینەوەکەش رێکاری روپێـوی بەکارهێنـاوە، بـۆ گەیشـتن بە ئامانەکانیشـی هەردوو ئـامرازی شیکاری ناوەڕۆک و راپێوی بەکار هێناوە.

### لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١-زانینی رێژەی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە رۆژنامەکان.

٢-ناسینی ئەو دۆزانەی کە لە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی رۆژنامەی مەبەست رەنگیداوەتەوە.

٣- زانینــی ئەو کێشــەو ئاســتەنگانەی رووبەڕوی رۆژنامەوانــانی بنکۆڵکــاریی دەبــنەوە لەکــاتی ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

### لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

٢- گرنگیدانی رۆژنامەکانی فەلەستین بە دۆخی ئابووری، لە ئەنجامی هەرەسی دۆخی ئابووری کۆمەڵی فەلەستینەوە بووە کە تێیدا ژیاون.

٢- رۆژنامەکانی فەلەستین لە زۆربەی راپۆرتەکانیان پەیڕەوەی رێبازی بنکۆڵکارییان کردووە.

---

[1]- محمد صابر الشرافي، واقع الصحافه الاستقصائية في الصحف الفلصطينية، رسالة ماجستير، جامعة الاسلامية_غزة، كلية الاداب، برنامج الصحافة، ٢٠١٥.

٣- بەرەنگار بونەوەی گەندەڵی و کەمتەرخەمی کارگێڕی و ئاشکراکردنی کێشـەیەکی دیـایکراو، لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانە بوونە کە هانی ڕۆژنامەوانانی داوە تا کار لە سەر ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی بکەن.

**٣/ توێژینەوەی: نەبیل/٢٠١٦.**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری بەراودکاریە، ناونیشانەکەی بریتیە لە (**واقع الصحافة الاستقصائية في المواقع الالكترونية الفلسطينية**) ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئاشنابوون دەدات بە دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکـاریی لە ماڵپەڕەکـانی فەلەسـتین و زانینـی رادەی بایەخپێـدانیان بەم جـۆرەی راگەیانـدن، بەمەبەسـتی ئاشـنابوون بە رێبـاز و ئامـانج و سـەرچاوەی دۆزی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکـانی ماڵپەڕەکـان، هاوکـات ئاشـنابوون بە ئاسـتی بەیەخـدانی رۆژنامەوانـانی ماڵپەڕەکان بە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، هەروەها دید و بۆچوونیـان پەیوەسـت بە راگەیانـدنی بنکۆڵکاریی. تـوێژینەوەکە لە جـۆری تـوێژینەوەیە وەسـفیەکانە و تـوێژەر لە رەهەنـدی کردەنـی توێژینەوەکەی هەردوو رێکاری رووپێوی شیکاری و پەیوەندیەکان و بەراوردکاری بەکارهێناوە، هاوکات بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی هەریەک لە ئامرازەکانی شیکارینامە، راپێوینـامە، چاوپێکەوتن ی بەکارهێناوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئاشنابوون بە ئاستی گرنگیپێدانی ماڵپەڕەکان بە راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان .

ئاشنابوون بە ئامانجەکانی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان لە ماڵپەڕەکان.

ئاشـنابوون بە کۆتـایی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکـان زانینــی رەهەنــدە شـاراوەکانی دۆزەکـان لە ماڵپەڕەکان.

٤. ئاشنابوون بە سەرچاوەکانی زانیاری و سنوری جوگرافی دۆزی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگیان بە کۆتایی راپۆرتەکان داوە کە ئەمەش رەهەندێکی سەرەکی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکانە.

---

[1]- نبيل احمد سعيد سنونو، واقع الصحافة الاستقصائية فـي المواقـع الالكترونيـة الفلسـتينية، رسـالة ماجسـتير ، جامعـة الاسلامية_غزة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، الصحافة، ٢٠١٥.

٢.ئاشـــكراكردنی کـــرده نایاســـاییەکانی کـــۆمەڵ لە دیـــارترین ئەو ئامانجـــانەبوونە کە ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی داوە.

٣. ماڵپەڕەکان بەشێوەیە کـی بەرچـاو گرنگیـان بە ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکـان داوە، هەوڵیـان داوە وەرگران ئاشنای ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن بکەن.

٤. گرانی دەست گەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**٤/ توێژینەوەی: دەشتی/٢٠١٧**[١]

ئەم تـوێژینەوەیە تـوێژینەوەیەکی مەیـدانیە، ناونیشـانی تـوێژینەوەکە بـریتیەلە (**مـاڵپەڕی ڕۆژنامەنووسـی بنکۆڵکـاریی لە هەرێمـی کوردسـتان دا)** لەم تـوێژینەوەیەدا بـاس لە مـاڵپەڕی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی کراوە لە هەرێمی کوردستان هەروەهـا بـاس لە بـایەخ و تایبەتمەنـدی و گرنگی ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن دەکات لە کۆمەڵ، لەگەڵ ئەوەشدا بـاس لەو ئاسـتەنگ و کێشـانە دەکـات کە دێـنە بەردەمـی لە بەجێگەیانـدنی چـاودێری و بینینـی ڕۆڵـی خـۆی وەک دەسـەڵاتی چوارەمدا، ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە توێژینەوە وەسفیەکان، ڕێکاری ڕوپێوی بەکار هێنـاوە لە ڕەهەندی کردەنی توێژینەوەکە و ئامرازی ڕاپێوی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. دیاریکردنی ماڵپەڕی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان.

٢.زانینـی بـژاردەی ڕاگەیانـدنکارانی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بە پـیگەی ڕۆژنامەنووسـی بنکۆڵکاریی لە هەرێمدا و بایەخ و پێویستی بۆ کۆمەڵ و وڵاتەکە.

٣.ئاشـــکراکردنی ئاســـتەنگ و کێشـــەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووســـی بنکۆڵکـــاریی لە هەرێمـــی کوردستان، کاریگەری لە بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێری و دروستبونی دەسەڵاتی چوارەم.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.نزمی ماڵپەڕی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان.

---

[١]- دەشتی عەلی ڕەشید، پێگەی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە، ٢٠١٧.

٢.کەمی هاندان بۆ رۆژنامەنووسی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان چۆنیەتی ئەنجامدانی، چ لەلایەن دامەزراوەکانی راگەیاندن بێت یاخود لەلایەن رێکخراوە رۆژنامەوانیە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانەوە بێت.

٣.بەهۆی بوونی ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەمی نەیتوانیوە ئەرکی چاودێری و بەجێ بگەیەنێت و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم.

**٥/ توێژینەوەی: حسن/٢٠١٧**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە، ناونیشانەکەی بریتیە لە(**التحقیقات الاستقصائیةفي العالم العربي..الاهتمامات واسالیب في الاعداد والکتابة والتقدیم**) ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئاشکرا کردن و خستنە ڕوی دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی عەرەبی دادەت و هاوکات هۆکارەکانی گەشەو پەرەپێدانی لە دوو ئاستی گرنگی کۆمەڵ کە بریتین لە ئاستی ئەکادیمی و پیشەیی، پیشاندانی شێوەیەکی گشتی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە ئامرازەکانی راگەیاندنی عەرەبی، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، توێژەر رێکاری رووپێوی بەکار هێناوە لە ڕەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی، هاوکات هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێناوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١.ئاشنا بوون بە گرنگی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە جیهانی عەرەبی، و سەرچاوەکانی زانیاری راپۆرتەکان و کاتی پێویست بۆ ئامادەکردنیان.

٢.ئاشنا بوون بەشێوازی بەکار هاتوو لە ڕووی چۆنیەتی ئامادەکاری و نووسین و سازاندن و پێشکەشکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

٣.ئاشنابوون بە هەردوو گۆڕاوی جیاوازی بابەتی و جیاوازی ئامراز لە شێوازەکانی نووسین و پێشکەشکردن و دانانی ناونیشان و روبەر و جۆرێتی سەرچاوەی راپۆرتەکان.

[1]- حسن منصور، التحقیقات الاستقصائیةفي العالم العربي..الاهتمامات واسالیب في الاعداد والکتابة والتقدیم، **مجلة العربیةلبحوث الاعلام والاستصال**، العدد(٢٤) ینایر/مارس-٢٠١٩.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.دارشتنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بە شێوازی چیرۆک رێژەی ٦٥% ی راپۆرتە بنکۆڵکارییە عەرەبیەکان پێکدەهێنێت، شێوازی توێژینەوە ٢٠.٨%، شێوازی خستنە رووی بەڵگەنامەکان ١٣.٩%، پێکدەهێنێت.

٢.ماوەی ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە نێوان سێ هەفتە بۆ شەش مانگی خایاندووە، کە ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو ئاشنابوونەی کە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی خرایە ڕوو بەوەی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان پێویستیان بە ماوەی پێویستی خۆی هەیە.

٣.دۆزە کۆمەڵایەتیەکان لە پێشەوەی گرنگیپێدانی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان دێت، لە پاشان دۆزە تەندروستیەکان، دواتر هەریەکە لە دۆزە سیاسی و ئابووری و ژینگەیی و فێرکاریەکان زنجیرەی گرنگیدانەکانی راپۆرتە بنکۆڵکارییە عەرەبییەکانیان گرتووە.

**٦/ توێژینەوەی: محمد نافذ/٢٠١٨**[١]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە( **اتجاهات الصحفيين الفلسطينيين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية**) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە  ئاشنابوون بە هۆشیاری رۆژنامەوانانی فەلەستین پەیوەست بە ئاکاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، هاوکات زانینی ئاستی پابەند بوونی رۆژنامەوانانی فەلەستین بە ئاکاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی، زانینی ئەو کێشەو بەربەستە پیشەیانەی کە رووبە رووی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێک بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری رۆژنامەوانان پەیوەست بە ئاکاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، توێژەر رێکاری رووپێوی بەکار هێناوە لە رەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی و ئامرازای راپێوی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١.ئاشنابوون بە ئاستی پابەندبوونی رۆژنامەوانانی فەلەستین بە ئاکاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

---

[١]- محمد نافذ صبحي فروانة، اتجاهات الصحفيين الفلسطينيين نحو اخلاقيات الصحافة الاستقصائية، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامة غزة، كلية الاداب و لاعلوم لانسانية، الصحافة، ٢٠١٨.

٢.ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو بنەما و پێوەر و ئاکارانەی کە پێویستە رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار پێوەی پابەند بن.

٣.زانینی ئەو هۆکارانەی هانی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی دەدات کە سنوورەکانی کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی ببەزێنن.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.سیستمی سیاسی و کردارە نا ئاکاریەکانی دژی رۆژنامەوانان لە دیارترین ئەو هۆکارانەن کە رۆژنامەوانان گرنگی یاخود بایەخی ئەو تۆ بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی نادەن، هەروەها ئاشنا نەبوونی رۆژنامەوانان بە چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی گرنگی پێنەدانیان.

٢.هاوکاری نەکردنی دامەزراوە حکومی و فەرمیەکانی دەوڵەت بۆ رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار و گرانی دەست گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە وا لە رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار دەکەن سنوورەکانی ئاکاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ببەزێنن.

٣. راستگۆیی و بابەتی بوون لە گرنگترین ئەو بنەما ئاکاریانەیە کە رۆژنامەوانان گرنگیان پێداوە لە ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**٧/ توێژینەوەی: روان/٢٠١٩**[١]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە(**دور الصحافة الاستقصائية في كشف القضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين**) توێژینەوەکە هەوڵی داوە ئاشنابێت بە رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئاشکراکردنی دۆزە گەندەڵیەکانی ئوردن، لە روانگەی رۆژنامەوانانی ئوردنەوە، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە،توێژەر لە رەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی رێکاری رووپێوی بەکارهێناوە و هاوکات ئامرازی راپێوی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی.

[١]- روان عماد حمام، دور الصحافة الاستقصائية في كشف القضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين، رسالة ماجستير، جامعة شرق الاوسط، كلية الاعلام ، قصم الصحافة و الاعلام، ٢٠١٩.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١.دەستنیشـانکردنی ئەو دۆزانەی کە بەلای راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی گـرنگن لە ئاشـکراکردنی گەندەڵیەکانیان، لە ڕوانگەی رۆژنامەوانانی ئوردنەوە.

٢.ئاشنابوون بە رۆڵی راگەیانـدنی بنکۆڵکاریی لە لایەن رۆژنامەوانـانی ئـوردن لە ئاشکراکردنی ئەو دۆزە گەندەڵیانەی کە کاریگەریان لە کۆمەڵی ئوردن هەبووە.

٢.زانینی ئەو ئاڵەنگاریانەی کە ڕوبەڕوی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی دەبێتەوە.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.کێشەکانی گەندەڵی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی لە دیـارترین ئەو دۆزانەن کە بە بـڕوای رۆژنامەوانانی ئوردن راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بایەخی پێداوە.

٢.رۆژنامەوانـانی ئـوردن تـا رادەیەکـی بـاش ئاشـنان بە رۆڵـی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی لە ئاشکراکردنی دۆزە گەندەڵیەکان.

٣.هەبوونی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری لە بەردەم گەشەکردنی راگەیاندنی بنکۆڵکـاریی، وەک راهێنـانی رۆژنامەوانانی دەزگاکـانی راگەیانـدن لە سـەر ئەم جـۆرەی راگەیانـدن و هاوکـات هەسـتکردنی دەزگاکـانی رۆژنـامەوانی بە گرنگـی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی و نەبـوونی هەمـاهەنگی نێـوان دامەزراوەکـان و رۆژنامەوانـانی بنکۆڵکـار لە دیـارترین ئەو ئاڵەنگاریـانە بـوون کە ڕوبەڕوی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەبێتەوەوە لە وڵاتی ئوردن.

**٨/ توێژینەوەی: بشری/٢٠١٩**[١]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیەلە(**اساليب المعالجـة الاعلامية للقضايا السياسية في البرنامج التلفزيونية الاستقصائية برنامج- ما خفـي مـن قنـاة الجزيـرة- انموذجـا**) ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـی ئاشـنابوون دەدات بـۆ بەرنـامە تەلەفزیـۆنییە بنکۆڵکارییەکانی پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان بۆ زنجیرەکانی بەرنامەی(**ما خفي من قناة الجزيرة**) هەروەها ئامانجەکانی ئەم جۆرە لە بەرنامە بنکۆڵکارییەکان و چۆنیەتی ئەنجامـدانیان، تـوێژینەوەکە لەجـۆری تـوێژینەوە وەسـفیەکانە، تـوێژەر لە رەهەنـدی کردەنـی

---

[١] - بشرى داود سبع، اساليب المعالجة الاعلامية للقضايا السياسية في البرنامج التلفزيونية الاستقصائية برنامج- ما خفي من قناة الجزيرة- انموذجا، **مجلة العلوم الانسانية والاجتماعية**، المجلد(٣) العدد(١٢) ٣٠ديسمبر٢٠١٩.

توێژینەوەکەی ڕێکاری ڕووپێوی بەکارهێناوە، هاوکات شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١.زانینی ئەو شێوازانەی کە بەکار هێنراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشـەکان و پێشکەشـکردنیان لە بەرنامە تەلەفزیۆنیە بنکۆڵکارییەکان.

٢.ئاشنابوون بە جۆرێتی دۆزە سیاسیەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی نموونەی توێژینەوەکە

٣.ڕوانین یاخود زانینی سـەرچاوەکانی زانیـاری کەبەرنامەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە پشـتی پێدەبەستێت.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.پسپۆران و شارەزایانی بواری دۆزەکان لە پێشەوەی ئەو سەرچاوانەن کە بەرنامەی(**ما خفـي من قناة الجزيرة)** پشتی پێدەبەستێت لە دەستکەوتنی زانیارییەکانی بەڕێـژەی **٤١.٩%**، پاشـان هەریەک لەسەرچاوەکانی کتێب و بەڵگەنامەکان و شایەدحاڵەکان زانیارییەکانی بەرنامەکە پێک دەهێنن.

٢.توندوتیژی و بابەتە نائاکاریەکانی کۆمەڵ و تیرۆری نێودەوڵەتی، دیـارترین ئەو دۆزانەبـون کە بەرنامە بنکۆڵکارییەکان گرنگیان پێداوە یاخود لە پێکهاتەی بەرنامەکان ڕەنگیداوەتەوە.

**٩/ توێژینەوەی خمیس/٢٠٢٠**[1]

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاریە، ناونیشانەکەی بـریتیە لە(**الصـحافة الاستقصـائية و دورها في كشف انتهاكات حقوق الانسان في الـوطن العربـي)** ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـی ئاشـنا بوون دەدات بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکانی مـافی فـرۆڤ لە دەوڵەتە عەرەبیەکان، لە هەناوی ئەو ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییانەی تایبەت بە پێشـێلکاریەکانی مـافی مرۆڤ ئەنجامدراوە لە جیهانی عەرەبی و لە تۆڕی (اريج) بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئاشنابوون بە گرنگتـرین ئەو سـەرچاوە و ئـامرازانەی کە پشـتی پێدەبەسـترێت کە لەلایەن ڕۆژنامەوانـانی بنکۆڵکـارەوە کـۆکراوەتەوە. تـوێژینەوەکە لە جـۆری تـوێژینەوە وەسـفیەکانە، تـوێژەر ڕێکـاری

---

[1]-خميس حواس حاجم، الصحافة الاستقصائية و دورها في كشف انتهاكات حقوق الانسان في الوطن العربي، رسالة ماجستير، جامعة تكريت، كلية الاداب، قسم الاعلام، ٢٠٢٠.

رووپێوی بەکار هێناوە لە رەهەندی کردەنی توێژینەوەکەیدا، هاوکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەش شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکار هێنراوە.

**گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١.ئاشــنابوون بە نــاوەرۆکی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان کە کە دۆزی پێشــێلکاریەکانی مــافی مرۆڤیان لە جیهانی عەرەبیدا لە خۆ گرتووە.

٢.ئاشکراکردنی ئەو پێشێلکاریانەی کە رویانداوە و بەردەوامن لە کۆمەڵی عەرەبیدا.

٣.زانینی دۆز یان بابەتەکانی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، پەیوەست بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵی عەرەبیدا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.راگەیاندنی بنکۆڵکاریی رۆڵێکی دیـاری هەبـووە لە پێشـێلکاریەکانی مـافی مـرۆڤ لە جیهـانی عەرەبیدا، راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان توانیویەتی ئەو پیشێلکارییە مرۆییـانە ئاشـکرا بکـات کە لە پەیماننامەی شەرەفی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

٢.راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان ئەوەیــان ئاشــکراکردووە کە یەکێــک لە هۆکارەســەرەکیەکانی پێشێلکاریە مرۆییەکان لە جیهانی عەرەبیـدا، بـابەتی پیشـێلکاریە یاسـاییەکان و دواتـر ئـازادیە بنچینەییەکــانی تــاک و گشــتیە، کە ئەمەش ئامــاژەیەکە بە پابەنــد نەبــوونی دەســەڵاتی جێبەجێکردن بە بڕیارەکانی دەسەڵاتی یاسادانا و دادوەری و بنەماکانی رێکەوتـن و پەیماننـامە نێودەوڵەتیەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٣.زۆربەی راپــۆرتە بنکۆڵکارییەکــان خۆیــان بە دوور گرتــووە لە رۆچــون بە نــاو پێشــێلکاریە سیاسیەکان یـان ئەو کێشـانەی پەیوەسـتن بە دامەزراوە فەرمـی و سـیادی و سـەربازیەکان، بە هۆی سنوردارکردنی کاری رۆژنامەوانی لە وڵاتانی عەرەبی و نەبوونی یاسایەکی پێشـکەوتووی کاری رۆژنامەوانی.

**دووەم/ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەکانی پێشوو کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێدراوە بوونە سەرچاوەیەکی باش و بەکەڵک بۆ توێژەر لە ڕەهەندی تیۆری و کردەنی توێژینەوەکەیدا، بەوەش پاش تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو بەراوردکردنی بە توێژینەوەکەی خۆی توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانە:

١.جۆری ئەم توێژینەوەیە لە هەمان جۆری ئەو توێژینەوانەیە کە لە بڕگەی توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەی پێدراوە واتە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەکانە.

٢.ڕێکاری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ڕێکاری ڕوپێوی کۆی توێژینەوەکانی پێشوو هەمان ڕێکاری ئەم توێژینەوەیەیان بەکارهێناوە.

٣.توێژەری ئەم تویژینەوەیە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکار هێناوە لە ڕەهەندی کردنی توێژینەوەکەی، بەهەمان شێوە هەریەک لە تویژینەوەکانی(محمد ، خميس، نبيل، حسن، بشري) هەمان شێوازی ئەم توێژینەوەیەیان بەکار هێناوە، بەڵام توێژینەوەکانی (دەشتی، ڕوان، محمد نافذ) ئامرازەکانیان جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ شێوازی بەکارهاتووی ئەم توێژینەوەیە.

٤.لەرووی ئامانجەوە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ هەندێک لە ئامانجەکانی هەریەک لەتوێژینەوەکانی(حسين، محمد، حسن، بشري، نبيل) بەڵام ئامانجەکانی جیاوازە لەگەڵ ئامانجەکانی هەریەک لەتوێژینەوەکانی(دەشتی، ڕوان، خميس، محمد نافذ).

٥.لەڕوی دەرئەنجامەوە: دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەک لە (حسين، محمد، ڕوان، نبيل) بەتایبەت لە ڕووی ئاشکراکردنی گەندەڵی و کردە نایاساییە شاراوەکانی کۆمەڵ نزیکە، بەڵام لەگەڵ دەرئەنجامی توێژینەوەکانی(دەشتی، خميس، محمد نافذ، حسن، بشری)جیاوازە.

٦.**لەڕوی بابەتەوە:** بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەمان بابەتە لەگەڵ هەریەک لەتوێژینەوەکانی(دەشتی، خميس، محمد نافذ، حسن، بشری، ، حسين، نبيل، ڕوان، محمد) واتە ئەم توێژینەوانە هەریەکەیان بەئامانجی جۆراو جۆر ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانیانن.

**سێیەم/ سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

١.لە ئامادەکردنی رێبازنامەی توێژینەوەکەی توێژەر هەوڵیداوە لەروانگەی شێوازی داڕشتنی کێشەی و پرس و ئامانجەکانی تویژینەوەکەی، هەروەها چۆنیەتی دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان و پاشان ناساندنیان کەڵک لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت.

٢.توێژەر لە رەهەندی تیۆری توێژینەوەکەی هەوڵیداوە کەڵک لە پلانی ئەو توێژینەوانە وەربگرێت، لەڕووی شێوازی خستنەڕوی زانیارییەکان و داڕشتنیان و ئەو زانیاریانەی کەپێویستە پەیوەست بە هەردوو گۆڕاوی سەرەکی و وابەستەی تویژینەوەکەی بخرێتە روو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیداو ئەو زانیاریانە بخاتە ڕوو کە توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێنەداوە یان پەیان پێنەبردووە بەتایبەت لە زانیارییەکانی گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتیە لە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

٣.لە رەهەندی کردەنی توێژینەوەکەیدا توێژەر سودی لەو توێژینەوانە وەرگرتووە کە هەمان ئامرازی تویژینەوەکەی خۆی بەکارهێناوە کە ئەویش بریتیە لە ئامرازی شیکارینامە، بەشێوەیەک لەکاتی ئامادەکردنی شیکارینامە و دیاریکردنی دەستە و یەکەکان بەرەچاوکردنی ئامانج و پرسی تویژینەوەکەی و بەراورد کردن لەگەڵ شیکارینامەی تویژینەوەکانی پێشوو کەڵکی لە شیکارینامە ئەو توێژینەوانەش وەرگرتووە.

٤.توێژینەوەکانی پێشوو زیاتر هەوڵیانداوە دۆخی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بخەنەڕوو وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە روانگەی ئامازە پێکهاتەییەکان و رەچاوکردنی هەنگاوە بنەڕەتیەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی، بۆ ئەوەی لە کۆتایدا بگەین بەو دەرئەنجامەی ئایا ئەو راپۆرتانە مەرجە زانستیەکانی راپۆرتی بنکۆڵکارییان تێدا رەچاکراوە یاخود نا.

# بەشی دووەم

# راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

## پاژی یەکەم

یەکەم/گەشەی مێژویی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

دووەم/چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

سێیەم/پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

چوارەم/تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

پێنجەم/ ئیتیکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

## پاژی دووەم

# راپۆرتی بنکۆڵکاریی

یەکەم/راپۆرتی بنکۆڵکاریی.

دووەم/ بنەماکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی.

سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی.

چوارەم/ گرنگی راپۆرتی بنکۆڵکاریی.

پێنجەم/ ئەرک و ئامانجەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

شەشەم/ جیاوازی نێوان راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباو.

**دەستپێک**

راگەیانــدنی بنکۆڵکــاریی لە رۆژگــاری ئەمــڕۆدا بــوەتە پێویســتیەکی ســەردەم و رۆژ بە رۆژ رۆژنامەوانــان و دەزگــا رۆژنامەوانییەکــان هەســت بەگرنگــی ئەم جــۆرەی راگەیانــدن دەکەن، ئەمەش بــوەتە هۆکارێــک بــۆ ئەوەی دەزگــا رۆژنامەوانییەکــان و خــودی رۆژنامەوانــان گرنگــی پێبدەن و بەپێی بنەما و رێبازی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی رووماڵی دۆزە گرنگەکانی کۆمەڵ بکەن، چونکە بە پەیڕەوکردنی رێکارە زانستیەکانی ئەم جۆرەی راگەیانــدن دەتوانرێــت ئەو زانیاریــانە ئاشکرابکرێت کە پێشتر هەوڵی شاردنەوەیان دراوە، لەڕوانگەی گرنگــی و بــایەخی ئەمــجۆرەی راگەیانــدن هاوکــات وەک گــۆڕاوی ســەربەخۆی تــوێژینەوەیەکەی تــوێژەر لە بەشــێکی تایبەتــدا هەوڵیداوە دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بخاتە پێشچاو و گرنگترین ئەو زانیارانە نمایش بکات کە پەیوەستن بەراگەیانــدنی بنکۆڵکــاریی، لێرەشــەوە دەخوازرێــت ئامــاژە بەوە بــدرێت  بەشــی دووەمــی ئەم تــوێژینەوەیە لە دووپــاژ پێکــدێت، پــاژی یەکەم تــایبەتە بە ناســاندنی راگەیانــدنی بنکۆڵکــاریی وەک جــۆرێکی نــوێی راگەیانــدن و رومــاڵکردن و پــاژی دووەمــیش تــایبەتە بە رەهەندەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی وەک بۆتەی داڕشتنی کردە بنکۆڵکارییەکان.

## یەکەم: گەشەی مێژوویی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی وەکـو هەردیاردەیـەک لـە دیاردەکـانی سیسـتمی کۆمەڵایـەتی هـەر کۆمەڵێک سەرەتای دەرکەوتن و گەشە مێژووی تایبەت بە خۆی هەیـە، دەرکـەوتنی راگەیانـدنی بنکۆڵکـارییش رەوتـی مێـژووی خـۆیی هەیە،سـەرەتای دەرکـەوتنی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی دەگەرێتەوە بۆ ئەو لادان وگەندەڵیانەی کەلەکۆمەڵەکانـدا سـەریانهەڵدا، هـەر بۆیـە لەئـەنجامی گرنگیپێدانی ئەم کێشانەی کۆمەڵ لەلایەن راگەیاندنەوە، جۆرێکی نوێی راگەیاندن سـەریهەڵدا بـەناوی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی. لێرەشـەوە دەکرێـت بڵێـین گەشـەی مێژوویـی راگەیانـدنی بنکۆڵکاریی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

### قۆناغی یەکەم: لێکۆڵینەوەکان لە رێگەی راگەیاندنی کۆنباوەوە

لەسـاڵی (١٦٩٠- بنجـامین هـاریس) رۆژنامەیـەکی بـڵاو کـردەوە بـەناوی (روداوە گشـتیەکان) کە بەیەکەم رۆژنامەی جۆری خۆی دادەنرێت لە ئەمەریکادا، پێش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئەم رۆژنامەیە کاری لەسەر ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی سەربازە فەرەنسیەکان دەکرد دژی هندییە سورەکانی ئەمەریکا، کەئەمەش بووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی مۆڵـەتی چـاپکردنی رۆژنامەکـە. بۆیـە لـەو ماوەیـەدا (هـاریس) هەوڵیـدا چەنـدین لێکۆڵینـەوەی تـر سـەبارەت بـەکارە بەدکارییەکـانی بەریتانیـەکان لـەخاکی ئەمـەریکا بـڵاو بکاتـەوە، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی بەریتانیا بەتوندی بەرەنگاری بوونەوە.[1]

لەسـاڵی**١٧٣٥**، رۆژنـامەنووس(جۆهـان پیـتەر زینجـر - Johan peter zinge) کـاری لەسەرگەندەڵیەکانی حاکمی ویلایەتی نیو یۆرک کرد، لەئەنجامدا دادگـا سـاڵێک سـزای زینـدانی بەسەرداسـەپاند بەتـۆمەتی هانـدان دژی دەسـەڵات، هەربـۆیە پـارێزەرەکەی لـەکاتی بەرگـری لێکردنی ئاماژەی بەگوزارشتێک کرد کەبۆماوەی دوو سەدە بوو بە بنەمایەک بـۆ رۆژنامەوانـانی بنکۆڵکاریی کە بریتـی بـوو لـە (ئـازادی بـۆ ئاشـکراکردنی پێشـێلکاریەکانی دەسـەڵات، بەڕێگـای

---

بڕوانە:

[1]- عیسى عبدلباقی موسی، الصحافه الاستقصائیة آطر نظریة ونماذج تطبیقیة، (دار العلوم النشر و التوزیع –قاهیرة، ٢٠١٣)، ص ٢٠-٢١.

قسەکردن و ئاشکراکردنی راستیەکان) پاشان لە ساڵی **١٧٤١**، رۆژنامەنوس (جیمس فرانکلین) کاری لەسەر ئەو گەندەڵیانە کرد کە کەنیسەی پرۆتستانتی ئەنجامی دابوو لەمیانی بەرنامەی ڕووبەڕووو بونەوەی نەخۆشی ئاولە.[1] دواتر لەساڵی **١٨٣٦**، رۆژنامەی (نیۆرک هیرالد) تاوانێکی کوشتنی ئاشکراکرد لەئەنجامی بڵاو کردنەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنێک،[2] پاشان لەساڵی**١٨٨٧**، لەساڵی**١٨٨٧**، رۆژنامەنووس (نیلی بلای) کۆمەلێک ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی بەشێوەیەکی شاراوە ئەنجامدا، کە بەیەکەم لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاریی دادەنرێت لە جیهاندا، بەشێوەیەک بەبیانوی توشبوونی بەنەخۆشی دەرونی بۆماوەی دە رۆژ لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی کەمینەکان لە نیۆرکدا مایەوە، دواتر ئەوەی ئاشکراکرد کە چۆن بەشێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشەکان دەکرێت، دوابەدوای بڵاو کردنەوی ئەم راپۆرتە بڕیار درا چاکسازی لەدامەزراوە تەندروستیەکانی کەمینەکان بکرێت.[3]

**قۆناغی دووەم: سەردەمی رۆژنامەنووسانی پشکنەرانی گەندەڵی**

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی زێڕینی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دادەنرێت، چونکە دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون وایکرد راگەیاندنی بنکۆڵکاریی زیاتر ببێتە پێویستی کۆمەڵگە و رۆڵی خۆی بگێڕێت، یەکەم بەهۆی دابڕانی دەسەڵات لەکۆمەڵگەی ئەمەریکی بەتایبەت لەگەڵ چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیران، هەروەها سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، دووەم بەهۆی

---

بڕوانە:

١- الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبيقات عملية البرنامج الانمائية لامم المتحدة- العراق، بدون سنة نشر ،ص ٢٩.

٢.عربى مصري، التحرير الاستقصائي، (من المنشورات جامعة الالفتراضية السورية، جمهورية العربية السورية، ٢٠١٨)، ص ٩٨

٣- بشرى داود سنجرى، صناعة التحقيقات الاستقصائية المقومات الفنيه المهنية للمحقق الصحفي ، المقومات الفنية المهنية للمحقق الصحفي، (دار الكتاب الجامعي ، الجمهوريه البنانية، ٢٠١٥)، ص١٧.

4- James L. Aucoin, The Evolution of American investigative journalism, The Curators of the University of Missouri University of Missouri Press, Columbia, Missouri 65201 Printed and bound in the United States of America,2005, p17.

لێشـاوی کـۆچ بـۆ ئەمـەریکا. ئـەم هۆکارانـەش بـوونە هـۆی بڵاوکردنـەوەی چەنـدین رۆژنامـە کەبەشێوازی بنکۆڵکاریی کاریان لەسەرلادان و گەندەڵیەکانی دام ودەزگا حکومی و تایبەتەکانی کۆمەڵ دەکرد،[١]

وەکـو رۆژنامـەکانی (مـاک کلـویر – McClure) ژمارەیـەک ڕاپـۆرتی بنکۆڵکـاریی بـڵاو کـردەوە سەبارەت بە ئابڕوچونە سیاسیەکانی ئەمەریەکا، هەروەها سەرپەرشتی کۆمەڵێک راپۆرتی تـری کرد، ژمارەیک لەو رۆژنامەنووسانە بوون بە ئەفسـانە لـە مێـژووی راگەیانـدنی ئەمـەریکا وەکـو (لینکۆلن ستیفنز – Linkoln Stiffens- ایدا ترابیل – Ida Trabell- وروی ستانرد بیکـر- Roy Sstanard Baker). لـەژمارەی کـانوونی دووەمـی ١٩٠٣، رۆژنامـەنووس (ایـدا ترابیـل – Id Tarbell) لە رۆژنامەی (ماک کلویر – McClure) راپۆرتێکی بڵاو کردەوە لەسەر گەندەڵیـەکانی گەورە کۆمپانیای ئەمەریکی بواری نەوت (سـتاندارد ئۆیـل – Standard Oil) پاشـان (لینکـۆلن ستیفنز) کۆمەڵێک ڕاپۆری بڵاوکردەوە لەسەرگەندەڵیەکانی شارەکانی ئەمەریکا. دواتر چەنـدین ڕاپـۆرتی بنکۆڵکـاریی دیکـە بڵاوکرایـەوە پەیوەسـت بـەکرێکاران، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی چەندین چاکسازی لەکۆمەڵگەی ئەمریکدا ئەنجام بدرێت.[٢]

هەر لەبەردەوامــی هەوڵەکانیــان کۆمــەڵێک رۆژنامــەنووس ســەرکردایەتی هــەڵمــەتێکی رۆژنامەوانیان دەکرد بەتایبەت دژ بەگەندەڵی لەساڵی **١٩٠١**، ئەمـەش لـەکاتێکـدابوو پیشەسـازی گەشەی فراوان و خێرای بەخۆیەوە بینی و بوە هۆی قۆرخکاری لەلایەن کۆمپانیاکـان و پاشـان شڵەژانی گشتی لێکەوتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانـەش زۆرێـک لـە چـاودێران پێیـان وابـووە نزیـک بونـەوەی نێـوان بازرگـانی و سیاسـەت گەنـدەڵی و کـاری نـەخوازراوی لێدەکەوێتـەوە. پاشـان لەساڵی **١٩٠٦**، (بزوتنـەوەی لێکۆڵینـەوەی گەنـدەڵی) دەرکـەوت بـەم شـێوەیە بـەردەوام بـوو بـۆ ماوەی دووساڵ و ساڵی **١٩١١**، سەرکەوتنی بەدەستهێنا.[٣]

نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم گـەورەترین دانپێـدانان بـوو بـۆ گرنگیـدان بـە راگەیانـدنی بنکۆڵکاریی، بۆیە هەندێک لە رۆژنامەکان هەوڵی بەدەستخسـتنی ئـەو پێویسـتیانەیان دەدا کـە

---

بڕوانە:

٢- عیسی عبدالباقی موسی ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩.

٣- عبدالرزاق الدليمي ، الصحافة الاستقصائية، (داراليازوری العلمية للنشر و التوزيع ، بيروت-٢٠١٩)، ص ٣٢.

بتوانن باشترین راپۆرتی بنکۆڵکاریی لێ بەرهەمبهێنن، وەکو تێچونێکی دارایی زۆر بەبەراورد بە ڕاپۆرتە کۆنباوە رۆژانەکان، هەروەها بەشێک لە دەزگاکانی راگەیاندن پەیامنێرانی خۆیان دەنارد بۆ مەیدانی شەڕ و ململانێکان بۆ ڕومالّکردنی راستیەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ ناوەندگیریەکی فەرمی یاخود ئاژانسەکانی هەواڵ کەزۆرجار کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و بەبازاڕ کردنی زانیارییەکانیان دەکرد.[١]

لەگەڵ دەرکەوتنی حەفتاکانی سەدەی بیستەم رۆژنامەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرفراوان هانی رۆژنامەوان و سەرنوسەرانی رۆژنامەکانیان دەدا بەشێوەیەکی جیاواز ڕاپۆرت و چیرۆکە هەواڵیەکانیان ئامادەبکەن و شێوازی کۆنباو وەلابنێن، لێرەشەوە پەیامنێران رۆڵی گرنگیان بینی لەئاشکراکردنی ئەو دۆسیە گەندەڵی و ئابڕووبەرانەی کەپێش جەنگی جیهانی دووەم رویانداوە.[٢]

**قۆناغی سێیەم: دەرکەوتنی چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی**

لە حەفتاکانی سەدی بیستەمدا راگەیاندنی بنکۆڵکاریی گەشەیەکی بەرچاو و فراوانی کرد، ئەمەش لەبەرچەند هۆکارێک کە دیارترینیان ئەوەبوو پشتیوانیەکی دارایی زۆردەکرا، چونکە ئەگەر لەماوەی ساڵانی **١٩٦٨** دا پەیوەندیەکی نارێکخراو هەبوووبێت لەنێوان رۆژنامەوانان و دامەزراوە رۆژنامەوانیەکان پەیوەست بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، ئەوا لەحەفتاکاندا سندوقێکی سەربەخۆی هاوکاری دارایی بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەرکەوت بەناوی (Fund of investigative journalism) بۆ هاوکاریکردنی دارایی رۆژنامەوانان و دامەزراوەکان کە کاریان لەسەر ئەم جۆرەی راگەیاندن دەکرد، لەئەنجامدا توانی سەرکەوتوو بێت لە هاوکاری دارایی نزیکەی**٦٠** پرۆژەی ڕوماڵی بنکۆڵکاریی لەماوەی ساڵانی **١٩٧١- ١٩٧٣** کەبووە هۆی ئاشکراکردنی چەندین دۆسیەی پەیوەست بەو دۆخە گومانـاوی و گەندەڵیەی کە لە چالاکیە ئابووری و سیاسیەکانی حکومەت هەبوون.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- عزام ابو الحمام ، المنهج العلمی فی الصحافة الاستقصائیة ، (دار الاسامة للنشر و التوزیع ، الاردن – عمان ،٢٠١٤)،ص٢٠.

[٢]- عیسی محمود حسین، الصحافة الاستقصائیة مهنة المتاعب، والاخطار ، (زهران للنشر و التوزیع-الاردن ، ٢٠١٢)، ص ٣٥.

[٣]- عزام ابو الحمام، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢١.

هەر لەماوەی ساڵانی حەفتاکانـدا راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی گـەورەترین دۆسـیەی ئـابڕوچونی سیاسـی ئاشـکراکرد کـە بـە ئـابڕووچونی (واتـەرگێت) ناسـراوە، ئـەم روداوە بەگـەورەترین ئابڕوچونی سیاسی دەژمێردرێت لەمێژوی ئەمریکا، کاتێک (ریچارد نیکسۆن) سەرۆکی هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمـەریکابوو، کـەبوو بـە وێسـتگەیەکی گرنگـی بـواری راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی لە ئەمەریکاو جیهان، ئەم کارە لەلایەن هەردوو رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی(بـووب وودوارد،کـارل برنشـتاین –Bob Woodward ,Cary Bernstein) لەرۆژنامـەی (واشـنتۆن پۆسـت – Washington Post) بە ناونیشـانی (هـەموو پیاوەکـان سـەرۆکن) بـڵاو کرایـەوە، پاشـان بـە ئابڕوچوونی (واتەرگێت) ناسرا، بۆیە ئەم دوو رۆژنامەوانە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە ئاشکراکردنی دیـارترین دۆسـیەی ئـابڕووچونی دوای جـەنگی جیهـانی دووەم. پـاش ئاشـکرابوونی ئـەم ئابڕوچونە سیاسیە کۆنگرێسی ئەمەریکا دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە، سەرۆک (ریچارد نیکسـۆن) ی ناچـار بەدەسـت لەکارکیشـانەوە کـرد.[1] دواتـر ئـەم دۆزە کاریگـەری قـوڵی بەسـەر کـاری رۆژنامەوانی بەجێهێشت ئەمەش بووە پاڵنەرێک بۆ ئەو رۆژنامەوانانەی کـە کاریگـەر بـوون بـە ڕێبازەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی تاوەکو پەیوەندی بە بەشـەکانی راگەیانـدنی بنکۆڵکارییـەوە بکەن لەو دامەزراوانەی کەکاریان تێدا دەکرد.[2]

هـەر لـەم قۆناغـەدا کۆمـەڵێک دامـەزراوەی گرنگـی ڕاگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی دامـەزران، گرنگترینیـان (فیدراسـیۆنی پـەیامنێران و نوسـەرانی بنکۆڵکـاریی) بـوو کەلەسـاڵی**١٩٧٥،** لە ئەمەریکـا دامـەزرا. لـەکۆتایی سـاڵی **١٩٧٦**، هەڵمـەتێکی فـراوان دەسـتی پێکـرد بەمەبەسـتی چاودێری کردن و ئاشکراکردنی چالاکیەکانی ئەو تاوانانەی کە بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو لەلایـەن گروپـە تاوانکاریەکانـەوە ئەنجامـدەدرا، بـە بەشـداری **٣٨** رۆژنامـەوانی دەزگـای راگەیانـدن لـە ئەمـەریکا، کـەبووە هـۆی ئاشـکراکردنی چـالاکی گروپـە مافیاییـەکان و ژمارەیـەک دۆسـیەی گەنـدەڵی، پاشـان لە کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمدا لەگـەڵ روخـانی دیـواری بـەرلین، راگەیانـدنی

---

بڕوانە:

[1] - عربي المصري ، التحرير الاستقصائي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٣-١٠٤

[2]- David Leigh, investigates journalism, registered company springer Nature Switzerland,2019,p6

بنكۆڵكاریی بەوڵاتانی ئەمریكا و ئەوروپا و ئاسیا بڵاو بووەوە، راپۆرتە بنكۆڵكارییەكانی ئەم وڵاتانە چەندین دۆسیەی گەندەڵی سیاسی وداراییان ئاشكر كرد .[١]

لەكۆتایی ساڵی١٩٧٦ بەسەرۆكایەتی سەرنووسەری رۆژنامەكانی ( News Day ,Reporter Green) (كۆمەڵەی هاوڕێیانی رۆژنامەوانانی بنكۆڵكاریی) پێكهێنرا كە ئامانجیان بریتی بوو لە ئەنجامدانی رووماڵكردنی تاوانەكان. بەپێی گێرانەوەكانی(دیفد كابلان) سەرۆكی یەكێتی پەیامنێرانی بنكۆڵكاریی، لەساڵی**١٩٧٦** رۆژنامەی (یوئێس نیوز) توانی تیراژی رۆژانەی بگات بە یەک ملیۆن دانە، خوێنەرەكانی بگات بە **١٠** ملیۆن خوێنەر .[٢]

لەساڵی **١٩٨٠** بەكارهێنانی تەكنیكەكانی كۆمپیوتەر برەوی سەند، رۆژنامەوانان خۆیان لەبەردەم سیستمێكی نوێی تەكنەلۆژیا و ئەرك وبەرپرسیارێتی جیاواز بینیەوە و چەمكی روماڵی بنكۆڵكاریی كۆمپیوتەری هاتە ئاراوە كە بریتی بوو لەكۆكردنەوە وشیكردنەوەی مادە رۆژنامەوانییەكان لەڕێگەی ئامرازە ئەلیكترۆنیەكان، بنیاتنانی ناوەندێكی زانیاری نموونەیی، پاشان بەهۆی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای كۆمپیوتەر راگەیاندنی بنكۆڵكاریی زیاتر گەشەی سەند، ئەمەش بەهۆی هەبوونی دەرفەتی پۆلێنكردنی ئەو داتا و زانیاریانەی كە رۆژنامەنوسان بەدەستیان دەهێنا سەبارەت بەو بابەتانەی كەكاریان لەسەردەكرد، بەجۆرێک یارمەتیان بدات لە گەیشتن بە دەرئەنجامێكی چەندایەتی و ورد.[٣] دواتر لەماوەی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو تۆڕەكانی ئینتەرنێت دەركەوت و چۆنیەتی پێشكەشكردنی بابەتە بنكۆڵكارییەكان گۆڕانی بەسەردا هات بەجۆرێک توانی زانیاریەكان بەشێویەكی سەرج ڕاكێش پێشكەش بكات، بەهۆی فراوانی و هەبوونی دەرفەتی زیاتر بۆ بەكارهێنانی زانیاریەكانی بابەتە بنكۆڵكارییەكان لەناو تۆڕەكانی ئینتەرنێت، وەكو بەستەری بەڵگەنامەكان و وێنە و گرتە ڤیدۆییەكان.[٤]

---

بڕوانە:

١. الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبيقات عملية ، البرنامج الانمائية لامم المتحدة- العراق ، ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣

٢- عبدالرزاق الدليمي، سەرچاوی پێشوو، لا ٢٩.

٣- حسن محمد ابو حشيش ، محاضرات الصحافة الاستقصائية، مدرس الصحافة و الاعلام قسم الصحافة و الاعلام( فی الجامعة الاسلامية)، ص٢٠١٣.

٤- عربي المصري، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٤- ١٠٣.

**قۆناغی چوارەم: بەجیهانیبوونی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.**

لەسەرەتاکانی سەدەی بیست ویەک و ساڵی٢٠٠١دا تۆڕی جیهانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی (Global Investigative Journalism Network) دامەزرا. ئەم رێکخراوە کە لە شێوەی کۆڕبەندێکی جیهانیدا بوو، بەشێوەیەکی خێرا و سەرنجراکێش گەشەی سەند، لەوێوە باشترین بیرۆکە و ئەزموونەکانی بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئاڵوگۆڕ دەکرا و بوبە ناوەندێک بۆ رۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی.[1] هەروەها پێگەی رێکخراوەکەیان (www.gijn.org) بووە بە سەکۆیەکی زانیاری وەرگرتن بۆ رۆژنامەوانان و راهێنەرانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، ئەم تۆڕە کاتێک دەرکەوت راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەماوەی دابەزینی رۆڵی خۆیدا بوو، لەو سەردەمەدا رۆژنامەوانانی نەوەی حەفتاکان کە ئەزموونیان لە (واتەرگێت) وەرگرتبوو گەشتبوونە دەیەی پێنجەمی تەمەنیان، دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی رۆڵی راگەیاندن بۆ راگەیاندنێکی جیهانی بنکۆڵکاریی. پاشان رەوتێکی نوێی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئەوروپای خۆرهەڵات دەکەوت بەڕابەرایەتی (بول رادو، ستیفان کاندیا) لە سەنتەری ناوەندی رۆمانیا بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، کەتوانیان گەشە بدەن بە نوێکردنەوە و پێشکەوتنی رێکار و ڕێبازەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەجیهاندا.[2]

لە لایەکی ترەوە ساڵی **٢٠٠٥** دا تۆڕی (ڕۆژنامەوانانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی عەرەبی) لە عەمانی پایتەختی ئوردون دامەزرا، کەبەیەکەم دامەزراوەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دادەنرێت لەجیهانی عەرەبیدا، بەمەبەستی برەودان بەم جۆرەی راگەیاندن لە راگەیاندنی عەرەبیدا، لەرێگەی پشتگیری کردنی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار بە کردنەوەی خولی راهێنان لەسەر دەستی رۆژنامەوانانی بەئەزموون و بەناوبانگ لە بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و پاڵپشتیان بۆ ئەنجامدانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی و بڵاوکردنەوەیان لەناوەندە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکاندا.[3]

---

بڕوانه:

[1]- عبدالرزاق الدليمي ، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٣-١٥٤

[2]- الصحافة الاستقصائية مناهج الشاملة بحسب اريج ،مارل لى هنتر،لوک سينجيرز،يحي غانم، سعدحتر، محمد فاضل العبيدلي، (مؤسسة فردريش ناومان من اجل الحرية- بدون سنة طبع) ، ص٥٥.

[3]- عن اريج ،https://arij.net ، ٢٠٢١/٤/١٤، ٥:٠٠ م

رۆژنامـەوانانی عێراقـی دەستەوسـتان نـەبوون بەرامبـەر ئـەو پەرەسـەندنە گەورەیـەی کـە لە رۆژنامەوانی نێودەوڵەتی و عەرەبیدا بەچاوی خۆیان بینیـان، بۆیـە هـەموو هەوڵێکیانـدا بـۆ وەرگرتنـی ئـەو جـۆرە نوێیـەی ڕاگەیانـدن کەماوەیـەکی زۆربـوو جیهـانی رۆژنامـەوانی داگیـر کردبوو، بەهۆی گرنگی زۆری ئەم جۆرەی راگەیاندن بۆ کۆمەڵی عێراق، وەکـو بەشـێک وڵاتـانی جیهان کۆمەڵێک رێکخراو دەرکەوتن کـە هـەوڵی سەرپێخستنی ئـەم جـۆرەی راگەیانـدنیان دا، وەکو (روانگەی ئازادی رۆژنامەوانی، پەیمانگای جەنگ وئاشتی، سەنتەری پاڵپشتی راگەیانـدنی سەربەخۆ).[١]

بەهۆی گرنگی و بایەخەکەی و پێویستی کۆمەڵی عێراقی بـۆ ئـەم جـۆرەی راگەیانـدن لـە (**٩-ئایار-٢٠١١**) ( تۆڕی رۆژنامەوانانی عێراق بۆ ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی Network of Iraq Reporters for - Investigative Journalism )ناسراو بە (نەریج) لەشاری سلێمانی دامەزرا، ئەرکی ئەم تۆڕە بریتی بووە لە پاڵپشـتیکردنی دارایـی و راوێژکـاری بـۆ رۆژنامـەوانانی بـواری راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی، کـارکردن بـۆ بـڵاو کردنـەوی کلتـوری بنکۆڵکـاریی لـە راگەیانـدنی عێراقیـدا، چـاودێریکردن و بـەدواداچون بـۆ دۆزەکـانی گەنـدەڵی بـواری دارایـی و کـارگێڕی، ئـەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر چین و توێژەکانی کۆمەڵی عێراقی ئەنجام دەدرێت.[٢]

## دووەم: چەمک و پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

### ١. لەڕوی زمانەوانیەوە

**أ.لەزمانی کوردی دا:**

بنکۆڵکاریی لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی (بنکۆڵ+کاری)پێک دێت، لە فەرهەنگە کوردیەکاندا بە چەندین شێوە ماناکراوە وەکو:

١. بنکۆڵ: **(بن + کۆڵ)** بنکەن، بنکەند، لەگەڵ چاوگی کردن دێت ئەم مانایانە دەدات،

- هەڵکۆڵینی بنی دیوار بۆ روخاندنی.

---

[١]- معوقات الصحافة الاستقصائيةالعراقية من وجة نظرالصحفيين العراقيين، بحـس مقـدم للمـؤتمر العلمـی الثالـث " نحـو رؤية المستقبليةلبناء اعلام مسؤل" اعداد، آ.م.د، بشرى الحمداني ،(كلية الاعلام الجامعة العراقية ، ١٨-١٩ نيسان،٢٠١٦).

[٢]- دەربارەی ئێمە ،https://nirij.org / ، ٢٠٢١/٤/١٧، ١٢:٥٥.

- هەڵکەندنی دەوروبەری ڕەز و دار و توتن بۆ باشتر ئاو خواردنەوەی.

**٢.کنە:** پلان گێڕان و ژێر کەسێک بەتاڵکردن لەبنەوە بێ ئەوەی پێی بزانێ، بنکەنکردن، بنکەندکردن.[١]

**ب.لەزمانی عەرەبیدا:**

چەمکی بنکۆڵکاریی لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوازانە هاتووە**(التقصي، قصاء، واقصي الرجل، القصو، عن القصوم، الاقصى)**.[٢]

کۆی ئەو مانایەنەی کە لەزمانی عەرەبیدا بۆ چەمکی بنکۆڵکاریی هاتووە، هەموویان ئەوە دوپات دەکەنەوە کەلەوشەی (**التقصي** )وە هاتووە، یان سەرجەمیان هەمان مانای (**التقصي** ) دەبەخشن، (**قص**) پیشەیەکی ناسراو بوو لەسەردەمی دواکەوتوویی (**جاهيلي**) و سەرەتاکانی شارستانیەتی ئیسلامی، کاتێک بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە کەسانێک هەبوون توانایان هەبوو بەدوای هەڵتوان بکەون، یاخود شوێن پێی ئاژەڵ و کاروانەکان بکەون ، یاخود بەدواداچوون و قوڵبوونەوە بۆ ئەو کارانە بکەن کەپێیان سپێرابوو.[٣]

**٢. ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی وەک چەمکێکی زانستی**

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەسەر بنەمای پاراستن و پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دامەزراوە، بەکارکردن بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکاری و کردارە هەڵەکان و گەڕان بە شوێن ڕاستییەکان و ئاشکراکردنیان بۆ ڕایگشتی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیاندن پەیوەستە بەڕۆڵی ناسراوی (سەگی پاسەوان) یانی پاراستنی کۆمەڵ لە لادان و گەندەڵیەکان، بەپێی ئەو ڕوانگە لیبراڵیەی کە ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەم دەبینێت، هاوتەریب لەگەڵ سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی کۆمەڵ.[٤]

---

بڕوانە:

[١]- عەلی نانەوازادە، فەهەنگی کوردی هەرمان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، (چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، کوردستان - هەولێر، ٢٠٠٥)، لا ٣١٦-٢١٧.

[٢]- ابن منظور، لسان العرب، دار المعارف،قاهرة، بەبێ ساڵی چاپ.

[٣]- حسن محمد ابو حشيش، اوراق العمل ضمن مساق الصحافة الاستقصائية، (الجامعه الاسلامية- غزه، ٢٠١٦)، ص٤.

[٤]- حسين على الفلاحي، الاعلام الجديد و الاعلام التقليدى، (دار الغيداء و النشر- عمان، ٢٠١٣)، ص٢٩.

هەروەها دیاریکردنی چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی پێویستی بە ڕونکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندیە هەیە کە لەگەڵ کەسایەتیەکانی نێو دەسەڵاتدا هەیەتی، بەبەراورد کردنی ئەو پەیوەندیەی کە ئەو کەسایەتیانە لەگەڵ رۆژنامەوانانی کۆنباو هەیانە، چونکە راگەیاندنی کۆنباو زانیاری لەسەرچاوە فەرمیەکانەوە (دامەزراوە حکومیەکان) وەردەگرێت، بەڵام راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لێکۆڵینەوە لەو زانیاریانە دەکات کەلەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە و خوێندنەوەی قوڵیان بۆدەکات.[1]

هەربۆیە بەپێ زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەم چەمکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوسەدە لەمەوبەر لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو سەریهەڵدا، بەتایبەت لە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپادا. چەمکی بنکۆڵکاریی واتای قوڵبوونەوەیە بەنێو ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵ، لە پێناو دەرخستنی راستیەکان بۆ ڕایگشتی، ئەگەر ئەو ڕاستیانە هەرچۆنێک بێت لەگەڵی بن یا دژی بن، کە پێی دەوترێت راگەیاندنی بنکۆڵکاریی یان لێکۆڵینەوە یاخود راگەیاندنی قوڵ.[2]

لەگەڵ زۆربوونی پێناسەکانی چەمکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی یان لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاریی، سەرەڕای هەندێک جیاوازی لە شێوەکانیاندا، زۆربەی پێناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بریتیە لەو لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیانەی کە لەسەر بنەما و شێواز و ڕێوشوێنەکانی بنەما زانستی و پیشەییەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دادەڕێژرێت، بۆ گەیشتن بە راستیە شاراوەکان، یاخود شوێن هەندێ کێشەی ئاڵۆز دەکەون و ناڕونیەکانی ئاشکرا دەکەن بۆ جەماوەر، بە ئامانجی دروستکردنی بنەمای چاودێری لەسەر بەرپرسان و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیە گشتیەکان، لەگەڵ کۆمەڵێک زاراوەی هاو واتا کە بەهەمانشێوە ئاماژە بۆ ئەو جۆرەی راگەیاندن دەکەن وەک (بنکۆڵکردن، پشکنین، تویژینەوە، لێکۆڵینەوە).[3]

---

بڕوانە:

[1]- عیسى عبدالباقی، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٠.

[2]- عیسى محمود حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣.

[3]- عزام ابو الحمام، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣.

**سێیەم: پێناسەی  راگەیاندنی بنکۆڵکاریی**

راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی پێناسـەی هەمـەجۆری بـۆکراوە، بـەڵام زۆربـەیان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە کـە پرۆسـەیەی گـەڕان و توێژینەوەیـە بۆگەیشـتن بـە راسـتیە شـاراوەکان، یـاخود ڕونکردنـەوەی هەنـدێک کێشـەی نـاڕوون کـە لای جـەماوەر جێگـەی گومـانن، بـە ئامـانجی هاتنەکایەی بنەمای چاودێری لەسەر دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندی  گشتی، لەو سۆنگەیەوە توێژەر ئاماژەی بە چەندین پێناسەی هەمەجۆر کردووە کە بریتین لە:

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی پرۆسەیەکی هزریە هەڵدەستێ بەکۆکردنـەوە و هـەڵگرتنی بیرۆکـە و راستیەکان و داڕشتنیان لە چوارچێوەی بۆتەیەکی ڕۆژنامەوانی و پاشان شیکردنەوەی بـژاردە بەردەستەکان و بڕیاردان لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی و دوور لـە هەسـت و سـۆز،  ئەمـەش وا لـە رۆژنامەوانەکە دەکات لە هەرکاتێکـدا بێـت رەخنـە لـەو دۆخـە خراپـە بگرێـت تـا ئەوکاتـەی کـە زانیاری وراستیەکانی لا بەردەستبێت.[١]

**پێناسەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە روانگەی دامەزراوەی ئەکادیمیای بی بی سی:** راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بە تەواوی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی تایبەت و سەرچاوەی نهێنی و راستیە ناتەواوەکان دەکات، پاشان ئەم بەڵگە و زانیاریانە دەکات بە بابەتێکی رۆژنامەوانی کاریگەر، ئەمەش ئاسـان نیە چونکە پێویستی بە وردبوونەوەی قـوڵ هەیـە لـە دانـانی بیرۆکـەی کارەکـە و مامەڵـەکردن لەگەڵی، پاشان ئامادەکردنی بۆ بەرهەمهێنانی راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی، دواجار کارەکە بەجۆرێک ئەنجام دەدرێت کە دەیکاتە رۆژنامەوانێکی  لێهاتوو و شارەزای  فرەڕەهەند.[٢]

**پێناسەی تۆڕی راگەیاندنکارانی بنکۆڵکاریی عەرەبی (اریج- IRIJ):** بریتیە لە خسـتنەڕووی بابەتـە شـاراوەکان بـۆ جـەماوەر، کـە کەسـێک یـاخود کەسـانێک لـە پێگـەی دەسـەڵات هـەوڵی شاردنەوەیان دەدەن، یـاخود بەرێکـەوت لـە پشـت کۆمـەڵێک ئـاڵۆزین کـە تێگەیشـتنیان ئاسـان نابێت، پێویستی بە بەکارهێنانی سەرچاوە و زانیاری و بەڵگەی نهێنی و ئاشکرا هەیە، بەوپێیەی جـۆرێکی بـاڵای راگەیاندنــە بـۆ ئاشـکراکردنی کێشـەکان وسـەلماندنیان بەبەڵگـەو زانیاریـە

---

بڕوانە:

١- عیسی عبدالباقی، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٢.

٢- عربي المصري، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤.

سەلمێنراوەکان، چونکە بەشێوەیەکی بابەتیانە کار لەسەر دۆزەکان دەکات، بەمەبەستی ئاشکراکردنی رووداوە شاراوەکان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.[١]

**پێناسەی (دیفد نابل) سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتی رۆژنامەنوسان بۆ ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی**

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بریتیە لە شێوازێکی دامەزراوەیی تەواو، پشت دەبەستێت بە گەران و وردبینی و بنکۆڵکردنی تەواوەتی دۆزەکان، لەسەر بنەمای بابەتی و وردی و دڵنیابونەوە لە راستی ودروستی زانیارییەکان، لەپێناو سەرهەڵدانی هەستی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و هێنانەکایەی شەفافیەت، هاوکات بووە بە ئامرازێک بۆ لێپرسینەوە لە بەرپرسان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.[٢]

سەرچاوەی تریش پێناسەی دەکات بەوەی کە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەیی رۆژنامەوانی رەخنەییە، پەیوەستە بە شێوازەکانی چاودێری و شیکاری و ڕاپرسیەوە، بە دانانی گریمانە و تاقیکردنەوەی، بە بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆییەکان و بەڵگەنامە و وتۆمارەکان و ئەرشیفیە بینراو و بیستراوەکان. هەندێک جار پەنا بۆ بەکارهێنانی ئامرازە تایبەتیەکانیش دەبرێت وەکو ؛ دزەکردن و وێنەگرتنی نهێنی و تۆمارکردنی دەنگی، بۆ ئەوەی نهێنییەکان ئاشکرا بکەن و نادیارەکان دەربخەن، پاشان پێشکەشکردنی ئەنجامێکی نوێی شایستە بە بنەماکانی بەرژەوەندی گشتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئاشکراکردن و لێپرسینەوە.[٣]

**پێناسەی (رنا صباغ) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆڕی راگەیاندنکارانی عەرەب بۆ ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی**: راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راگەیاندنێکی پتەوە، لەسەر بنەمای بەڵگاندنی زانیاری و ڕاستیەکان کاردەکات، باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە کرۆکی راستییەکان، ئەو زانیاریانە تێدەپەڕێنێت کە پێشتر لەسەر هەمان بابەت ئاشکرا کراوە، هەروەها پێشێلکاری و خراپەکاریەکان ئاشکرا دەکات و بنەمای لێپرسینەوە و سزادان کارا دەکات.[٤]

---

بڕوانە:

[١] -البرنامج الانمائية الامم المتحدة- العراق، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣.

[٢]- عبدالرزاق الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩.

[٣]- اياد الداود، فن التقصي، الفيلم الوثائقي التحقيقي، (معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠١٩)، ص١١.

[٤]- بشرى حسين الحمداني، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٢.

هاوكات له پێناسـەيەكى تـردا راگەيانـدنى بنكۆڵكـاريى پێناسـەدەكرێت بەوەى كە: بريتيـە لـە گەڕان و قوڵبوونەوە لە دۆزەكانى كۆمـەڵ، كـە پێشـتر لێكۆڵينـەوە و گـەڕانى قـوڵى بۆنـەكراوە، هاوكـات زانـين و ئاشـكرابوونى زانياريـەكانى پشـتەوەى كێشـەو ڕوداوەكـان و ناسـاندنيان بـە جەماوەر، كـە پێشـتر لەلايـەن كەسـانى دەسـەڵاتدارەوە شـاردراونەتەوە، هەربۆيـە ڕاگەيانـدنى بنكۆڵكـاريى ڕاگەيانـدنێكى پتـەوە، بـەهۆى كـاركردنى لەسـەر كێشـە و دۆزەكـان بەشـێوازێكى بابەتيانـە و سـەلماندنى زانياريـەكان ، بـەئامانجى ئاشـكراكردنى شـاراوەكان و گۆڕينيـان بـۆ بەرژەوەندى گشتى.[١]

لە لايەكيترەوە راگەيانى بنكۆڵكاريى بـە راگەيانـدن و خسـتنەرووى كێشـەو گرفتـى نـوێ و دياريكراو ناودەبرێت، دواى توێژينەوەيەكى قوڵ و ورد وسـەلمێنراو، بەپشـت بەسـتن بـەتواناو لێهاتوويى خودى ڕۆژنامەوان لـە كۆكردنـەوەى راسـتى وزانياريـەكان، بـۆ تيشـك خسـتنە سـەر هەڵەى دامەزراوەكان لە بـوارە جياوازەكـانى ژيانـدا بـە ئامـانجى خزمـەتكردن بـە بەرژەوەنـدى گشتى.[٢]

هەروەها بەوەش وەسـف دەكرێـت كە راگەيانـدنى بنكۆڵكـاريى  هەوڵـى ڕۆژنـامەوانى نـوێيە (ناتەقليـد) بە ئامـانجى دەرخسـتنى ڕاسـتيەكان و ئاشـكراكردن و خسـتنەڕوى لادان و نەريـتە هەڵەكـان لە هەمـوو بوارەكـانى ژيانـدا، بە پەيڕەوكردنـى شـێوازى تـوێژينەوە و بنكۆڵكارييـانە بەڕەچاوكردنى بنەماكانى (بابابەتى بوون و وردى و دروستى و ڕاسـتگۆيى) و بەپشتبەسـتن بە بەسـەرچاوە سـەلمێنراوەكان، بەمەبەسـتى بەديهێـانى ئامـانجە خواسـتراوەكان لە پاراسـتنى بەرژەوەندييەكانى كۆمەڵ و خزمەتكردنى بەرژەوەندى گشتى .[٣]

بۆئەوەى زياتر لە راگەياندنى بنكۆڵكاريى تێبگەين باشـترە سـەرنج لـەو پێناسـەيە بـدەين كـە رۆژنامـەوانى بنكۆڵكـاريى(ديڤـد كـابلن)بـۆ ئـەم جـۆرە لـە راگەيانـدن دەيكـات، لـە ڕێگـەى پێشكەشكردنى ڕونكردنەوەيەكى سـەرەتايى لـە بـارەى راگەيانـدنى بنكۆڵكـاريى كـە بـريتين لـە چوار راستى گرنگ:

---

بڕوانە:

١- على عبدالفتاح كنعان، ادارة المؤسسات الاعلامية، (دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٤)،ص٨٨.

٢- حرية الاطلاع على المعلومات الصحافة- دليل صحفيين العرب، (لندن، ٢٠٠٧)، ص٢٢.

٣- حسين علي الفلاحي، سەرچاوەى پێشوو، ل٣٠.

- راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی راگەیانـدنی دزەکـردن نیـە: وەرگرتنـی زانیاریـەک لـە سـەرچاوە فەرمیەکانەوە، پاشان نوسینەوەی و بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژی دواتر، ئـەم شـێوازە ناچێتـە چـوار چێوەی راگەیاندنی بنکۆڵکارییەوە.

- راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راگەیانـدنی تایبەتمەنـد نیـە: ئـەم جـۆرەی راگەیانـدن بـە راگەیانـدنی تایبەتمەنــد دانانرێــت، چونکــە راگەیانــدنی بنکۆڵکــاریی بەتــەنها کــار لەســەر بابــەتێکی دیاریکراو(سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری..)ی ناکات.[١]

- راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی راگەیانـدنی دۆزە ئابڕوچونـەکان نیـە: راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی بـە راگەیانـدنی تـاوان و گەنـدەڵی پێناسـە دەکرێـت، ئەگـەر چـی (کـاپلن ) پێـی وایـە هەنـدێک بەریەککـەوتن هەیـە لەگـەڵی ،بـەڵام راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی لـە ئێسـتادا تیشـک دەخاتـە سـەر بابەتەکانی فێرکاری و بەکارهینانی دەسەڵات و گەندەڵی دارایی و بازرگانی، تەنیا لەبـەر ئـەوەی رۆژنامـەوانێک ڕومـاڵی تـاوان وگەنـدەڵی دەکـات و بـەدوای پەرەسـەندنەکانی ئـەو دۆزانـەدا دەچێت، مانای ئەوە نیە بنەماکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەکاردەهێنێت.

- راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راگەیاندنی رەخنەیی نیە: راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان پێویستیان بە کاتی زۆر هەیە، هەفتە، مانگ وتەنانەت ساڵیش.بۆیە دەکرێت هەندێک لە ڕەهەندەکانی ڕەخنەیی لـە خۆبگرێت، بەڵام ئەگەر وتارێک بنووسی پێویستی بە رەخنەو تویژینەوە و وردبوونەوە هـەبێت مانای ئەوە نیە کارێکی بنکۆڵکارییت ئەنجام دابێت.[٢]

## چوارەم: تایبەتمەندیەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

**١. توێژینـەوەی راسـتەقینەیە:** توێژینەوەیـەکی راسـتەقینەیە زۆرێـک لـە رۆژنامـەوانان پێـی هەڵدەستن، بە بەکارهێنانی مادەی خـام یـاخود چاوپێکـەوتنی گشـتگیر، یـاخود بـەراوردکردنی راستیەکان و ژمارەکان ئاشکراکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان کە پێشتر پەی پێنەبراوە.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- حسن محمد أبو حشيش، ، مساق الصحافة الاستقصائية، (الجامعة الإسلامية – غزة، ٢٠١٤)، ص٨.

[٢]- أربعة أمور لا تنطبق على الصحافة الاستقصائية، https://arij.net/materials،26/4/2021، pm. 11:8.

[٣]- دليل الصحافة الاستقصائية من اجل التنمية، (مؤسسة فريدريش ايبرت، مصر، ٢٠١٦)، ص٤٢.

**٢. پاراستنی بەرژەوەندی گشتی:** بریتیـە لـە ئاشـکراکردنی زانیاریـە نادیارەکـان پەیوەسـت بـە دۆزێکی گرنگی کۆمەڵ بۆ بەشێکی فراوان لە جەماوەر، هاوکات هەوڵدان بۆ سـەروەری یاسـا و لێکۆڵینەوە لە دادپەروەری، پاراستنی بێلایـەنی خـۆی لـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ زانیاریـەکان، بـۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت پشت بە بڕیارەکانی ببەستێت.(١)

**٣. ئاستی مەترسی:** راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راگەیاندنی پێشەنگە، ئەو زانیاریانە ئاشکرا دەکات کە کەسانێک یاخود دەزگا و لایـەنێک نایانـەوێت ئاشـکرا بکرێـت وهـەوڵی شـاردنەوەی دەدەن، هاوکـات تـەکنیکی هاوچـەرخ بـەکاردەهێنێت لـە دەستخسـتنی زانیاریـەکان لـە سـەرچاوە جیاوازەکانەوە، لە کاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زانیاریەکان و تۆمارە فەرمیەکان.(٢)

**٤. پرۆسەیەکی ماوە درێژە:** پێویستی بە پلان و توێژینەوە و وردبوونەوە هەیە لە زانیاریەکان و دڵنیا بوون لە راستی سەرچاوە جیاوازەکان، هەروەها دورکەوتنەوە لەبەرژەوەندی تایبـەتی و پاراستنی متمانەی جەماوەر و هاوکات میکانیزمێکی دیاریکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریـەکان و رونکردنەوەی بۆ جەماوەر.(٣)

**٥. کاری بنکۆڵکاریی پێویستی بە ئارامگرتنی زۆر هەیە**، چونکە ڕۆچونە بە نێـو قـوڵایی بابەتـە مەترسیدارەکان و ئاشکراکردنی ئەو راستیە نهێنی و شاراوانەی کە کەسانێک هەوڵی بـە نهێنـی مانـەوەی دەدەن، هاوکـات کاریگـەریان لـە سـەر بەرژەوەندیـە گشـتیەکان هەیـە، بەمەبەسـتی راسـتکردنەوەی هەڵـەکان و چاکردنیـان، هەربۆیـە تایبەتمەندیـەکانی توێژینـەوەی تێـدا بەکاردەهێنرێت و پشت بەسەرچاوەی جیاواز دەبەسـتێت بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامـانجی دیاریکراو.(٤)

---

بڕوانە:

١- مارك هنتر، مساق تمهيدي عن الصحافة الاستقصائية في الجامعات العربية، (شبكة إعلاميـون مـن أجـل صـحافة عربيـة استقصائية-أريج)، ٢٠١٩، لا٣.

٢- روان عماد الحمام، دور الصـحافة الاستقصـائية فـي كشـف قضـايا الفسـاد مـن وجهـة نظـر الصـحفيين الاردنـين، رسـالة ماجستير غير منشور، جامعة الشرق الاوسط،كلية الاعلام، قسم الصحافة الاعلام، ٢٠١٩،ص٢٧.

٣- منيرابو راس، ياسرالبنا، زاهرالبيک، الصحافةالاستقصائية:مفهومها و ماهيتها-نشأتها و تطورهـا-علاقتهابالبحـث العلمـي، ورقة البحثية، (الجامعة الاسلامية- غزة،كليةالاداب، قسم الصحافة،٢٠١٢)، ص٥.

٤- عربي المصري، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠.

**٦.ڕەسەنبوونی ئەنجامەکان:** ڕاپۆرت و لێکۆلینەوە بنکۆڵکارییەکان کاری ڕەسەنن، ئەنجامی ئەو لیکۆڵینەوانە نیە کە لەلایەن لایەنە یاسایی و دامەزراوە فەرمیەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بەڵکو کاری ڕەسەنن بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە زیندووەکانی کۆمەڵ و گرنگیدان بەو ڕوداوانەی کە کاریگەریان بەسەر زۆرینەی کۆمەڵەوە هەیە، هاوکات هەوڵی ڕونکردنەوی کێشە کۆمەلایەتیە ئاڵۆزەکان دەدات، پشت بەو شێوازانە دەبەستێت کە زۆرترین وردبوونەوەی تێدایە بۆ بە دەستهێنانی دەرئەنجامێکی ژیریانە بە پشت بەستن بە زانیاریە دابەشبووەکان کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدەستی هێناوە.[١]

**٧. نوێکاری:** راگەیاندنی بنکۆڵکاریی شێوازێکی نوێی راگەیاندنی هاوچەرخە، جیاوازە لە راگەیاندنی کۆنباو و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، پەیوەستە بە ئاشکراکردنی گەندەڵی و دۆزە ئابڕوچونەکان و لادانەکان لە دەزگا فەرمیەکان یاخود تێوەگلانی هەندێک لە کەسایەتیە دیارەکانی کۆمەڵ کە لەهەرکۆمەڵێک دەشێت ڕوبدات.[٢]

دەکرێت لە کۆی پێناسەکاندا بڵێین :. راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بریتیە لە راگەیاندنی نویێ، واتە شێوازەکانی کارکردنی راگەیاندنی کۆنباو لە ڕومالّی دۆزە گرنگەکانی کۆمەڵ تێدەپەڕێنێت، چونکە شێوازە ڕۆژنامەوانیەکانی ڕاگەیاندنی کۆنباو هەندێک جار ناتوانن پەی بەو زانیاریانە ببەن کە گومان و دڕدۆنگیەکان لەسەر کێشەو ڕوداوەکان هەڵبماڵێت، هەربۆیە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی هەوڵ دەدات کنەی  دۆزە شاراوە و گوماناویەکانی کۆمەڵ بکات بە ڕێکار و ڕێبازی تایبەت بەخۆی، بەمەبەستی گەیشتن بەو زانیاریانەی کە پێشتر پەی پێنەبراوە، بە ڕەچاو کردنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی کۆمەڵ و دورکەوتنەوە لە بەرژەوەندی کەسی.

---

بڕوانە:

[١]- حسن منصور، التحقيقات الاستقصائية في العالم العربي..الاهتمامات و اساليب الاعداد والكتابة والتقديم، **مجلةالعربيةلبحوث الاعلام والاتصال**-العدد (٢٤)،مارس/يناير-٢٠١٩،ص٤.كلية الاعلام - جامعة الاهرام الكندية.

[٢]- عیسی عبدلباقی، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٠.

**پێنجەم: ئیتیکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی**

بەشێوەیەکی گشتی ئیتیکی پیشەیی کاری رۆژنامەوانی پرسێکی گرنگی نێو بواری رۆژنامەوانییە، بە وەلانانی و پەیڕەو نەکردنی بنەماکانی ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی دەکرێت ببێتە هۆی شلەژانی کۆمەڵ و بەلاڕێدا بردنی ئامانجەکانی کاری رۆژنامەوانی، لەو روانگەیەوە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی وەکو جۆرێکی جیاوازی راگەیاندن ئیتیکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە شێوەیەک لە شێوەکان جیاوازە لەئیتیکی راگەیاندنی کۆنباو.

**لە ڕووی زمانەوانیەوە**، ئیتیک (**Ethics**) لە بنەڕەتدا لە وشەی(**Etos** )ی یۆنانیەوە هاتوە واتە نەریت یان ئادا ب، بەڵام لە رووی زاراوەییەوە دەتوانین بڵێین شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری مرۆیی، رەفتارەکانی مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا، هەروەها شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەری لەبوارەکانی ژیانیدا.[١]

ئەگەرچی ئیتیک هەندێک جار لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵدا گۆڕانکاری بەسەردادێت بەڵام تا ئاستێکی زۆر لە هەموو وڵات و کۆمەڵەکاندا لەیەک دەچن، کە گوزارشتێکە ئاماژە بە رەفتاری رۆژنامەوانان دەکات کە پەیوەست بە پەیامە رۆژنامەوانییەکان دەینوێنن و تەنانەت بە گۆڕانی کاتیش گۆرانکاریەکی ئەوتۆیان بەسەردا نایات.[٢]

بەشێوەیەکی گشتی ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، لێرەدا توێژەر ئاماژەی بەچەند پێناسەیەک کردووە کە بریتین لە:.

"ئیتیک پەیوەستە بە ناخی مرۆڤەکانەوە، هەروەها تێگەیشتنی بۆ پرسە هەنوکەییەکان بۆ ئەوەی پەیامێکی بابەتیانە و بێلایەنانە دابرێژێت و خوێنەر هەست نەکات بەلاڕێدا براوە، هاوکات تێگەیشتن لە ئیتیک لە کەسێکەوە بۆکەسێک یا خود لە دەزگایەکەوە بۆدەزگایەک لە سەرنوسەرێک بۆ سەرنوسەرێک دەگۆڕێت، رەنگە ئەوەی بەلای رۆژنامەوانێک یاخود

---

بڕوانە:

١- هێرش رەسوڵ، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، (چاپخانەی سەردەم، سلێمانی-٢٠١٣)، لا١٠٨.

٢- سامان فەوزی، هێڵەیاساییەکانی کاری رۆژنامەوانی، لە بڵاوکراوەکانی (رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت، ٢٠١١)، لا١٦٠.

دەزگـایەکی رۆژنـامەوانی ئیتیـک بێـت لە لای رۆژنامەوانێـک یـاخود دەزگـایەکی تـر ئیتیـک نەبێت".[١]

هەروەها دەگوترێـت "ئیتیـک وەک دیسـپلینێکی فەلسـەفی تایبەتمەنـدێتی زیـاتری هـاتە پـاڵ، ئیتیک زیاتر بەرەو ڕوی هەڵسەنگاندنی تاکەکەس خـۆی دەڕوات، واتە هەڵسـوکەوتەکانی خـۆی هەڵدەسەنگێنێت هەوڵدەدات پێوانە خۆییەکان لەگەڵ ڕوداوەکانی دەرەوەدا بگونجێنێت".[٢]

لەگەل ئەوەشدا پێناسـەکراوە بەوەی کە بـریتیە لە کۆمەڵێـک پێـوەر و بنەمـای پیشـەیی کە لە ئەنجـامی بیکردنەوەیەکـی دروسـت هـاتۆتە بـوون، لە کاتێکـدا یاسـاکان لەتوانایانـدا نـیە ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکەن لە کاتێکی دیاریکراودا دەبنە ڕێنیشاندەر لە ئەنجامدانی هەرکارێـک بە شـێوەیەکی پیشـەیی، ئەم پێـوەرانەش لە سـەر بنەمـای پیشـەیی و کـۆمەڵایەتی و ئاکـاری دارێژراوە و دەرچوونی هەر بڕیارێکی ئاکاریش واتا جێبەجێکردنی ئەم پێوەرانە لە کارەکەت.[٣]

هەروەها کۆمەڵێک بنەما و بەهای ڕێکخراون گرنگی خۆی هەیە بۆ رۆژنامەوانان چونکە دەبێت ڕێنوێنی کارێک بۆ کارکردنی رۆژنامەوانەکە پەیوەست بەو بابەتـانەی کـاری لەسـەر دەکـات، بە پشــت بەســتن بە کۆمەڵێــک بنەمــا و ئاکــاری پیشــەییانە، پاشــان ئەم بنەمایــانە دەبێــت بە چاودێرێکی خودی بۆ کاری رۆژنامەوانی و ئەو دۆزانەی کە ڕاست و دروست و بابەتین.[٤]

ئیتیک کۆمەڵێک پێوەر و بنەمایە بە ئامانجی ڕابەریکردنی رۆژنامەوانان لەکـاتی رومـاڵکردنی روداوەکـان و ئاراسـتەکردنیا لە وەرگرتنــی ئەو بڕیــارانەی کە گونجــاون و لە گەڵ بنەماکــانی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆڵیان لە کۆمەڵ یەکدەگرێتەوە، هەروەها دڵنیـاکردنەوەی جەمـاوەر لە مافی بەدەستهێنانی زانیاری و ئەنجامدانی گفتوگـۆی ئـازاد، لەگەڵ کەمتـرین زیـان گەیانـدن بە

---

بڕوانە:

[١]- مەغدید سەپان، بنەماکامی ئیتیک و ئیتیک لە راگەیاندنی کوردیدا (چاپخانەی پەنجەرە، تاران-٢٠١٥)، لا٢٧-٢٨.

[٢]- یۆستاین گاردەر،ئۆتەبیوهمە، و: بەهرۆزحەسەن، جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا، چاپی چوارەم، (چاپخانەی رجایی- تاران، ٢٠١٤)، لا٨٠٧.

[٣]- عبدالعزیز شریف، آخلاقیات الاعلام، (دار یافا العلمیة للنشر والتوزیع، عمان-٢٠١٣)، ص٤٩.

[٤]- محمد مونیر حیجاب، و: یەحیا عومەر ڕێشاوی ، میدیا و بابەتیبوون لەسەدەی بیست و یەکدا، (ناوندی رۆشنبیری سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، سلێمانی -٢٠١٨)، لا٤٤.

جەماوەر و تاکەکانی کۆمەڵ یاخود سەرچاوەکان، هاوکات دەستەبەری پاراستنی شکۆی پیشەیی و دەستپاکی رۆژنامەوانان.[١]

**ئیتیکی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی**

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی پەیوەستە بە کۆمەڵێک بنەما و پێوەری ئاکاری کە دەبنە رێنیشاندەرێک بۆ ئەوانەی کاری بنکۆڵکاریی دەکەن. دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی چڕ دەبێتەوە لە چۆنیەتی کۆکردنەوە و گەیشتن بە زانیارییەکان و شیکردنەوە و رێکخستنیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بۆ ئەم کارانەش رەچاوی  کۆمەڵێک بنەماو پێوەری پیشەیی و یاسایی بکرێت، هەرچەندە زۆرێک لە رۆژنامەوانان لە کاری راگەیاندن بەگشتی و راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەتایبەتی لە پێناو کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئەم پێوەرانە دەبەزێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندانەی کە رێگرن لەبەدەستهێنانی زانیاری لە زۆرێک لە وڵاتان.[٢]

ناوەندی (ویسکۆنسن) بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی لەساڵی **١٩٩٦** چەند بنەمایەکی ئیتیکی بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی بڵاوکردەوە لە گرنگترینیان :[٣]

١.دەبێت رۆژنامەوان راستگۆیی و دادپەروەری و بوێری هەبێت لە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییەکان.

٢.مامەڵەی رۆژنامەوان لەگەڵ سەرچاوەکان و کەسایەتیەکان لە سەر بنەمای رێزگرتن بێت، هەروەها پەیوەست بێت بە مافی جاماوەر لە وەرگرتنی زانیارییەکان و هۆشیارکردنەوەیان لە دۆزە گرنگەکانی ژیانیان.

٣.رۆژنامەوانان بەرپرسیارن لە بەردەم خوێنەران و بینەران و گوێگران لە بەرامبەر ئەو راپۆرتە بنکۆڵکارییانەی پێشکەشیان دەکەن.

٤.ناکرێت هەوڵی ئیهانەکردنی کەسانی مەبەست بدرێت لە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، دەبێت راپۆرتەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێت دوربێت لە هەستی شەرەنگێزی و هاندانی کەس یاخود لایەنی کارلەسەر کراو.

---

بڕوانە:

[١] - سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، الطبعة الثانية، (مكتبة الفلاح للنشر  والتوزيع، كويت-٢٠١٤)، ص٧٩.

[٢] - زهير ياسين، وآخرون، التحقيقات الاستقصائية لدول ربيع العربي فى الشبكة اريج، دراسة تحليلية، ٢٠١٨، ص٩.

[٣] - زهیر یاسین، وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧.

**رێبەری (ئەریج) بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئاماژەی بەچەند خاڵێک کردووە  پەیوەست بە ئیتیکی کاری بنکۆڵکاریی.**[١]

١.لەکاتی کاردانەوەی لایەن یاخود کەسی کارلەسەر کراو نابێت رۆژنامەوان بابەت و تۆمەتی کەسی تێکەڵ بە راپۆرتەکانی بکات.

٢.کاری بنکۆڵکاریی کارێکی گرانە و ماندوو بونی زۆری پێویستە، نابێت ئەم ماندوو بونە کار بکاتە سەر ناوەرۆکی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و هەستی تۆڵە سەندن و شەرەەنگێزی تێدا رەنگبداتەوە.

٣.نابێت بەبێ مۆڵەت وەرگرتن و وێنە و دەنگەکان تۆمار بکرێت، بەڵام لە هەندێک باری تایبەتدا رۆژنامەوان دەکرێت  وێنە و دەنگەکان تۆمار بکات بەمەرجێ ئەم رێگەیە نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەدەستهێنانی زانیارییەکان.

سەرباری پێویستبوونی ئەو بنەمایانەی باسکران، پ.ی.د. هێمن مەجید مامۆستا لە بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی حەسەن وای دەبینێت کاتێک پابەندبون بەو بنەمایانە بەرهەمی نابێت و لەرێیانەوە رۆژنامەوان ناتوانێت بەزانیارییەکان بگات و بەرژەوەندی گشتیش لە مەترسیدایە، ئەوا رۆژنامەوان ناچار دەبێت پەنا بۆ چەند رێگایەکی دیکەی وەکو (نهێنیکاری، خۆپۆشی، زانیاریکڕین، بەکرێگرتن)ببات، بەڵگەشی بۆ ئەم کردانە راپۆرتەکانی رۆژنامەوانی ئەمەریکی (نیلای پلای) ە کاتێک لە رێگەی (خۆپۆشی) هەوڵیدا زانیاری بەدەستبهێنێت پەیوەست بە دۆخی نەخۆشخانە دەرونیەکان.[٢]

---

بڕوانە:

[١]- یوسری فۆدە، بیا پۆردسن، رەنا سەباغ....هتد، و:کۆڕاڵ حەمەنوری، لەپێناو راستیدا- رێبەری ئەریج بۆرۆژنامەگەری بەدوداچوون، بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ، لا١٣٧.

[٢]- هێمن مەجید حەسەن، وانەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاری، قۆناغی خوێندنی باڵا/ ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، ٢٠١٨-٢٠١٩.

# پاژی دووەم

# راپۆرتی بنکۆڵکاریی

## یەکەم/ راپۆرتی بنکۆڵکاریی

راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی بـریتیە لەو بـۆتە رۆژنـامەوانییەی کە کـردە بنکۆڵکارییەکـانی تێـدا دادەڕێژرێـت، لەسـەر بنەمـای سـەلماندنی راسـتی و زانیارییەکـان، بە پەیڕەوکردنـی شـێواز و رێکـاری زانسـتی و بابەتیـانەی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی، بە ئامـانجی ئاشـکراکردنی زانیـاریە شـاراوەکان بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی، هەروەهـا ئەم ژانەرە یەکـێکە لە گرنگتـرین ژانەرە رۆژنامەوانییەکـان بەوپێـیەی هەوڵـی کـۆکردنەوی هەواڵ و بۆچـوون و ڕوداوەکـان دەدات لە هەنـاوی خۆیـدا، لەگەڵ ئەوەشـدا یەکـێکە لە گرانتـرین ژانەرە رۆژنامەوانییەکـان و پێویسـتی بەشارەزایی و تواناو لێهاتویی بەرز هەیە، بەمەبەسـتی سـودگەیاندن بە بەرژەوەنـدی گشـتی و لێپرسینەوەی کاربەدەستان و چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت ئامادە دەکرێـت.[1] "چـونکە راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی کـار لەسـەر ئاشـکراکردنی زانیـاریە شـاراوەکان دەکـات، هەروەهـا ئەوزانیاریانەی کەبەرپرسان بە مەبەست دەیشارنەوە، زۆرجاریش دەکرێت بە بێ مەبەست ئەو زانیاریانە ئاشکرانەکرابن کە بۆ دۆزینەوەی ئەم زانیاریانە پێویسـتی بەبەڵـگەو سـەلماندن هەیە لە لایەن خودی رۆژنامەوانەوە".[2]

راپۆرتی بنکۆڵکاریی کارکردنە لەسەر بنەمای تیشک خستنە سـەر بیـرۆکەیەک یـان کێشـەیەک یاخود دیـاردەیەکی ئەرێنـی یـاخود نەرێنـی، لەمیـانەی وتـووێژ و ڕونکـردنەوە و شـیکردنەوەی کێشـە و دیاردەکـان بەهاوکـاری کەسـانی نزیـک لەوکێشـە و دیـاردانە، بـۆیە دەکرێـت بوترێـت چەمکێکـی گشـتگیرە لەسـەر بنەمـای فەلسـەفەی لێکـۆڵینەوە و گەڕان و وردبـوونەوە و پشـت

---

بڕوانە:

[1]- خميس حواس حاجم، الصحافة الاستقصائية و دورها في كشف انتهاكات حقوق الانسان في الوطن العربي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة تكريت، كلية الاداب، قسم الاعلام، ٢٠٢٠.

[2]- عبدالخالق ئیبراهیم، بنەماکانی نوسین لە رۆژنامەگەریدا، (چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر، ٢٠١٤)، لا٢١٥.

بەستن بە ڕێبازی زانستی بنكۆڵكاریی كاردەكات، پەیوەست و بەو كێشە و دۆزانەی كاری لەسەر دەكات ئەو زانیاری و هەواڵانە تێدەپەڕێنێت كە پێشتر لەبارەیەوە زانراوە.[1]

ڕاپۆرتی بنكۆڵكاریی كردەیەكی زانستیە بریتیە لە پرۆسەی توێژینەوە و گەڕان لە دۆزێ بە بەكارهێنانی تەكنیكەكانی روونكاری و شیكردنەوە لەچوارچێوەی پرۆسەیەكی پیشەیی بەرز و بابەتیانە بەئامانجی سودگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی، بەرەچاوكردنی كاتی پێویست بەمەبەستی گەیشتن بەزۆرترین زانیاری و رووماڵكردنی كۆی ڕەهەندەكانی ئەو دۆزەی كە كاری لەسەر دەكات، لەسەر بنەمای ئەو زانیاری و بۆچونانەی كە لەسەر دۆزەكە هەیەتی بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێك و گەیاندنی بەوەرگرەكانی.[2]

ڕاپۆرتی بنكۆڵكاریی بریتیە لە رۆچون بە ناو قوڵایی كێشە و دۆزەكان، هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنی هۆكارەكانی بە بەڵگەی باوەڕپێكراوە، بەدەر لەو ڕاستی و زانیاریە ئاشكرایانەی كە پێشتر لە سەر دۆزەكان یاخود كێشەو ڕوداوەكان ئاشكرا كراون، بەڵكو هەوڵی ئاشكرا كردنی ئەو زانیاریانە دەدات كە پێشتر پەی پێنەبراوە.[3]

كەواتە راپۆرتی بنكۆڵكاریی بووەتە پێویستیەكی كۆمەڵ، هاوكات تەواو كردنی ئەرك وبەرپرسیارێتی دەسەڵاتە هەمەجۆرەكانی، هەروەها ئاشكراكردنی ئەو راستیانەی كە دەبنە هۆی سود یاخود زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی، لێرەوە راپۆرتی بنكۆڵكاریی لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی پێشكەش بە تاكەكانی كۆمەڵی دەكات دەبێتە هۆی بەرچاو روونی بۆیان سەبارەت بە بۆچوون و هەڵوێستەكانیان پەیوەست بە دۆزەكانی كۆمەڵ.[4]

## دووەم/ بنەماكانی راپۆرتی بنكۆڵكاریی

هەركارێكی زانستی كۆمەڵێك بنەما و شێوازی كاركردنی خۆی هەیە، دواتر ئەو بنەمایانە دەبن بە شوناسی ئەو كارە زانستیە. راپۆرتی بنكۆڵكارییش وەك هەر كارێكی دیكەی زانستی

---

بڕوانە:

[1]- جمال جاسم محمود، التحقيق الصحفي، **مجلة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية**، المجلد٢٤، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص٣١٣.

[2]- عزام ابو حمام، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.

[3]- حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع الاشكاليات، (دار العالم العربي، مصر-قاهرة، ٢٠١٤)، ص٢١١.

[4]- عبدالخالق ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، لا٢١٧.

چەندین بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە رۆژنامەوانان و پسپۆرانی بواری بنکۆڵکاریی لە کاتی ئەنجامدانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی ڕەچاوی ئەو بنەمایانە دەکەن یا خود دەبێت ڕەچاوی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت راپۆرتی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی پێبناسرێتەوە. هاوکات بنەماکانی راپۆرتی بنکۆڵکارییش بەتەوای جێگیر نەبوون و رۆژنامەوانان و دەزگا بنکۆڵکارییەکان بەشێوازی جیاواز دەستنیشانیان کردووە، لەو ڕوانگەیەوە توێژەر ئاماژە بە گرنگترین ئەو بنەمایانە دەکات کە لەلایەن پسپۆڕانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئاماژەی پێکراوە:

**١/ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان**: هەر زانیاریەک بڵاو بکرێتەوە پێویستە پێشتر بەمەبەستی دڵنیا بوونەوە لە دروستی ئەو زانیاریە هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت، پاشان زانیاری و ژمارە دروستەکان نیشانە بکرێن، هەروەها سەرچاوەی لێدوان و وتەکان تۆمار بکرێن، پێویستە ئەو سەرچاوانە بەکار بهێنرێت کە زۆرترین وردیان تێدایە، پێویستە دورکەوێتەوە لە بەکارهێنانی زانیاریەک تاوەکو دڵنیا نەبێتەوە لە راستی و دروستیان، پشت ببەستێت بەو بەڵگانەی کە دڵنایی تەواویان لەسەر هەیە هەروەها پێویستە لەلایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پشت ڕاست بکرێتەوە.(١)

**٢/ نوێکاری**: پێویستە بیرۆکەی راپۆرتەکە نوێ بێت یاخود جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەر بێت، دەکرێت یەکێک بێت لەو بابەتانەی کە پێشتر لە یەکێک لە دەزگاکانی راگەیاندن کاری لەسەر کراوە، بەڵام لێرەدا لە گۆشەیەکی دیکەی کێشەکەوە کاری لەسەر بکرێت، هەروەها پێش دەستنیشانکردنی بابەتەکە کۆمەڵێک بیرۆکەی لەگەڵ بخرێتەڕوو بەمەبەستی گفتوو گۆکردن لەسەری و دیاریکردنی ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکە.(٢)

---

بڕوانە:

١- الصحافة الاستقصائية منهج الجديد لكشف الفساد لتحديد القيم الاجتماعية، فاضل محمد البدرانی، **مجلة العلوم الاجتماعية**، العدد١٣، جويلية٢٠١٥،ص٨.

٢- الصحافة الاستقصائية، معهد الصحافيين المحترفين- الجامعة البنانية الامريكية بتعاون مع مركز قناة الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير، ( الدوحة- قطر، ٢٠٠٦)، ص١٣.

**٣/ راستەقینەیی (واقعي) :** پێویستە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان پەیوەست بێت بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە، واتە دەبێت رەنگدانەوەی کێشەو داواکانی کۆمەڵ بێت، دوربێت لە بابەتە فکری و تەرفیهی وفەلسەفیەکان.[١]

**٤/ زانین**: کەسانێک یاخود لایەنێک هەوڵی شاردنەوەی زانیاریەکان لە سەر بابەتێک دەدەن، رۆژنامەوان دەبێت هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو زانیاریانە بدات، لێرەدا دەبێت رۆژنامەوان سەربەخۆیی تەواوەتی خۆی بپارێزێت و بەبێ لایەنگیری هەوڵی ئاشکراکردنی زانیاریەکان بدات، هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کەشایەنی لێکۆڵینەوەن، دەرخستنی هەواڵی راستەقینە و دورکەوتنە لە فێڵ ودرۆ و چیرۆکی دروست کراو.[٢]

**٥/ کارامەیی**: کارکردن لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە بەردەوام چاو و گوێیان کراوەیە، واتە خاوەن هۆشیاریەکی گشتین، پاشان کۆکردنەوەی کۆی هەواڵ زانیاریەکان، پێویستە بەردەوام گوێگرێکی باش بێت بۆ ئەو ڕوداوانەی لەدەوری ڕودەدەن، هەربۆیە باشترین رۆژنامەوانی بنکۆڵکار ئەوانەن کەناهێڵن هیچ بابەتێکی شایەنی لێکۆڵینەوە بە سەریاندا تێپەڕێت.[٣]

**٦/ بوێری**: پێویستە رۆژنامەوان بەرەنگاری ئاڵەنگاریەکان بێتەوە و لەکاتی بوونی هەر مەترسیەک لەسەر ژیانی بێدەنگ نەبێت، پێویستە لەم کاتەدا دەزگاکەی لێ ئاگادار بکاتەوە و ژیانی بپارێزێت.[٤]

## سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی

راپۆرتی بنکۆڵکاریی جۆرێکی نوێی راگەیاندنە و جیاوازە لە راپۆرتی راگەیاندنی کۆنباو، هاوکات ئەم جۆرەی راپۆرت تایبەتمەندی دیار و ئاشکراوی خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندیانەش لە لایەن پسپۆرانی بواری راگەیاندن بەگشتی و راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەتایبەتی بەشێوازی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، لەو ڕوانگەیەوە توێژەر ئاماژە بەگرنگترین ئەوە تایبەتمەندیانە دەدات کە راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی  پێدەناسرێتەوە:

---

بڕوانە:

[١]- نبيل شريف، منال شريف، التحري الصحفي (مركز الافق للثقافي، عمان- ٢٠٠٦ ) ص٩.

[٢]- نبيل الشريف، منال الشريف، سەرچاوەی پێشوو، لا٩.

[٣]- دليل الصحافة استقصائية من اجل التنمية، مؤسسة فريدريش إيبرت، (مصر-٢٠١٦)  لا٤٩.

[٤]- دليل الصحافة استقصائية من اجل التنمية ، هەمان سەرچاوەلا٥٠.

١/ **ڕۆچوون و قوڵبونەوە:** هیچ زانیاریەک بڵاو ناکرێتەوە تاوەکو دڵنیا نەبێت لە کامڵبوونی ئەو زانیاریە ، هاوکات هەوڵی دەستکەوتنی زۆرترین زانیاری دەدات لە سەربابەتەکە بۆیە زۆر جار راپۆرتی بنکۆڵکاریی کاتی زۆری پێویستە، ئەمەش وادەکات متمانە بە هەموو جۆرە سەرچاوەیەک نەکرێت، هەربۆیە هیچ زانیاریەک بەبێ دڵنیابوون لە دروستی و پاشان پاکسازیکردنیان بەکارناهێنرێت هەروەها داڕشتنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بەشێوازێکی دراماتیکی کاریگەری زیاتری بابەتەکان پیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی هەر هەڵەیەک جگەلەوەی رۆژنامەوانەکە توشی لێپرسینەوە دەکات راستگۆیی دەزگاکەشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.[١]

٢/ **زانستیبوون:** راپۆرتی بنکۆڵکاریی پشت دەبەستێت بە بنەما زانستیەکان و تویژینەوە و گەڕان بەدوای زانیاریەکان، دانانی گریمانەی پەیوەست بەبابەتەکان، هاوکات کارکردن لەگەڵ داتا و زانیاریەکان بە ڕێبازی زانستی و جیاواز لەگەڵ سروشتی بابەتەکان و پیشکەوتنەکانی، هەروەها لێکۆڵینەوەلە پێناو بنەمای لێپرسینەوە و سزادان، کاتێک هەندێک لە لایەنە فەرمی و نافەرمیەکان دەستیان دەبێت لە شاردنەوەی زانیاریەکان لە جەماوەر.[٢]

٣/ **رەسەنایەتی:** پرۆسەی گەڕان وپشکنینە پشت بە هیچ لایەنێک نابەستێ، جگە لە هەوڵ وماندوبوونی خودی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار، هەر خۆی هەڵدەسێ بە دانانی  وێنەی قۆناغەکانی راپۆرتەکە و دیاریکردنی ئامانجەکانی، گەڕان بەشوێن راستیە شاراوەکان و دەرهێنانی ئامازەکانی و پێشکەشکردنی بەجەماوەر، بەئامانجی بەرجەستە کردنی مافی جەماوەر لە زانین و ڕونکاری. هاوکات بینینی ڕۆڵی چاودێری  لەسەر دامەزراوە گشتیەکان و پارێزگاریکردنیان لە گەندەڵی و لادان لە ئامانجەکانی خۆیان.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- الاعلام التقلیدی و الاعلام ا لاجدید، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٦

[٢] - التحقيقات الاستقصائية لدول الربيع العربي شبكة أريج،

https://joa.journals.ekb.eg/article_79873_054cb3b580ce1b51189cd5636f9ac4a9.pdf، ٢٠٢١/٤/٢٩. ٣:١٣ pm

[٣]- الصحافة الاستقصائية، معهد الصحافين المعترفين-الجامعة اللبنانية الامريكية بتعاون مع مركز قناة الجزيرة الاعلامي للتدريب  والتطوير، (الدوحة-قطر، مارس-٢٠١٦)، ص٢٠.

**٤/ سود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای هاوچەرخ:** بەکارهێنـانی کـۆی رێگـە یاسـایی و تەکنیکیـەکانی سەردەم بۆ ئاشکراکردنی تاوانی هەمەجۆر، لەم ڕوانگەیەوە تۆڕەکانی ئینتەرنێت خزمەتگوزاری زیـاتر پێشـکەش دەکـەن، هاوکـات پۆسـتی ئـەلیکترۆنی و کـامێرا و ئامێرەکـانی تۆمـارکردن و پەیوەنـدیکردنی هاوچـەرخ بوونەتـە تایبەتمەندیـەکی دیـاری کـارکردن لـە سـەر راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکان.[1]

**٥/ کارکردن لەسەر دۆزەکانی گەندەڵی:** بەهۆی هەبوونی توانایەکی بـەرز لـە دەستگەیشـتن بـە زانیاریە شاراوەکان و تێگەیشتنی قوڵ بۆ یاساکان، لەنێوانیاندا یاسـای ناوزڕانـدن، زۆرێـک لـەو بڕوایـەدان کـە راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی چـڕ دەبێتـەوە لـە ئاشـکراکردنی هەڵـەکانی پەیوەسـت بـە دامـەزراوە باڵاکانـەوە، لەگـەڵ ئەوشـدا راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی زیـاتر گرنگـی دەدات بـە گەنـدڵی دامەزراوەکانی حکومەت کە ئەمەش تایبەتمەندیەکی بنەڕەتی راپۆرتی بنکۆڵکارییە.[2]

## چوارەم: گرنگی راپۆرتی بنکۆڵکاریی

راپۆرتی بنکۆڵکاریی نموونەی سەختترین ژانەری رۆژنامەوانییە ، هێز و شوێن پێی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەکان دەستنیشان دەکات، ئەم جۆرەی راگەیاندن توانای پێشکەشکردنی دنیابینییەکی جیـاوازی کنـەکردنی هەیـە بـۆ دۆزەکـان، بـەجۆرێک ئـەم توانایـە لـە شـێوازەکانی دیکـەی رۆژنامەوانی بەدیناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکە لە پرۆسەی چاودێری و دەکرێت ببێتە هـۆی پێکهینانی رایگشتی، گرنگی ئـەم جـۆرەی راگەیانـدن لـە ئاشـکراکردنی گەنـدەڵی پـەیڕەوکردنی کـرداره نـا یاسـاییەکانەوه سـەرچاوەی گرتـووە، بـووە بـە ئـامرازێکی گرنـگ بـۆ گەیشـتن بـە راستیەکان و گەیشتن لەسـەر بنـەمای قـوڵی بـۆ ڕوداوەکـان، هـەروەها سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانیـاری سـەلمێندراوە نموونەیـەکی سـەرکەوتوی ڕۆژنامـەوانی قوڵـە، دەتوانێـت داهاتویـەکی جیاواز بنیات بنێت، دەکرێت ببێت بە ئامرازێک بۆ پێشخسنی کـاری حکومـەت لـە سـەر ئاسـتی جیهان، لەم روانگەیەوە دەکرێت ئاماژە بە گرنگی  راپۆرتی بنکۆڵکاریی بدەین:

---

بڕوانە:

[1]-Hugo de Burgh, investigative journalism, second Edition, published by Rout ledge,2008,p138-139.

[2] - الصحافة الاستقصائية، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠.

**١/ گۆڕانکاری و چاکسای لە کۆمەڵ:** هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی سیاسی و بەرزکردنەوەی ڕونکـاری و لێپرسـینەوەی یاسـایی لـە خزمـەتی بەرژەوەنـدی گشـتی، زیـادکردنی ڕاسـتگۆیی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵ، هەرەوەها کاردەکات بۆ زیاد کردنی کێبرکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیانـدن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی خواستی خاوەن بەرهەمەکان بۆ بانگەشەکردنی کاڵاکانیان لەو دەزگایانە، لەگەڵ ئەوەشدا کارامەیی ڕۆژنامەوانان زیاتر دەکات و بەهرەکانیان زیاتر دەکات متمانەی جەماوەر بە ڕاگەیاندن زیاتر دەکات.[1]

**٢/ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕایگشتی:** لەکاتی ئاشکرا کردنـی تـاوان و گەنـدەڵی سیاسـی و دۆزە ئابڕوچونەکان لەتوانایدایە رایگشتی بەرهەم بهێنێـت، بەتایبـەت ئەگـەر ئەنجامـەکانی لەلایـەن دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن پەسـەند بکرێـت، یـاخود هەنـدێک لـە لایەنـە سیاسـیەکان گرنگـی بـە ئەنجامەکانی بدەن.[2]

**٣/ گەیشـــتن بەســـەرچاوە رەســـەنەکان:** راپـــۆرتی بنکۆڵکـــاریی هەوڵ دەدات بـــۆ گەیشـــتن بەراستیەکان لەسەرچاوە سەرەکیەکان، جەخت لەسەر ڕاستی و بێگەردی زانیاریەکان دەکاتەوە و هەوڵی گەیشتن بە قـوڵایی کێشـەو روداوەکـان دەدات، هـەروەها دەبێتـە ناوەنـدێکی گرنگـی زانیاریـــەکان، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بـــە دەروازەیـــەکی گرنگـــی ئاشـــکراکردنی تاوانـــە دارایـــی وکارگێریەکان دادەنرێت.[3]

**٤/ دەرخستنی هێز و گرنگی ڕاگەیاندن بۆ کۆمەڵ:** گرنگی بە بەرژەوەندیە گستیەکان دەدات لە سەر حسابی بەرژەوەندی تایبەتی، زۆرجار و بەتایبەت لە سیستمە دیموکراسـیەکاندا حکومـەت دەخاتە بەردەم لێپرسـینەوە، بـە بڵاوکردنـەوەی زانیاریـەکانی پەیوەسـت بـە کاروبـاری گشـتی، هەربۆیە دەکرێت بەشدارێکی کارا بێت لە چەسپاندنی بنەما دیموکراسیەکان و چـاودێریکردنی دامەزراوە گستیەکان لەڕێگەی زیادکردنی رۆشنبیری هاوڵاتیان و بەدەستهینانی زانیاریەکان لـە

---

بڕوانە:

[1]- كاظم المقدادي،الإعلام الدولي، تصدع السلطة الرابعة، إعادة تشكيل الخارطة الإعلامية( مطبعة البحر الأبيض، بغداد ٢٠١١)، لا١٨.

[2]- سعد سلمان المشهداني، الصحافة العربية الدولية"مفهوم-الخصائص-المشاكل-النماذج-الاتجاهات" (دارالكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة-٢٠١٤)، ص١٧١.

[3]. Bill Birnbauer, The Rise Of Nonprofit Investigative Journalism In The United States, Routledge/Taylor& francis Group,2019, p55

سەرچاوە زیندوەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتەکانی دیکەی کۆمەڵ هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بەرامبەر بەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن.[١]

**٥/ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی:** راپۆرتی بنکۆڵکاریی تەنها ئامانجی ناسینی رەهەندەکانی زانیاریەکان نیە بەڵکو هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و باوەڕپێکراو دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی وشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ لێپرسینەوەی حکومەت بەتایبەت کاتی هەڵبژاردن، پاشان سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بەرپرسان و کەسایەتیە سیاسی و گشتیەکانی کۆمەڵ بخاتە بەردەم لێپرسینەوەی کۆمەڵ.[٢]

**٦/ بە جیهانیبوونی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی:** راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لەم چەند ساڵەی دوایدا توانیان پەرە بە شێواز و رێباز و ئامانجەکانی بدات و سود لە پێشکەوتنە تەکنیکیەکانی بواری وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری وەربگرێت، کەواتە بەردەوام گرنگی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان زیاتر دەردەکەوێت لەکۆمەڵ، بەهۆی رۆڵی دیاری لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و لادانەکان و بەکارهێنانی دەسەڵات.[٣]

**٧/ بەشداریکردن لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی:** ئامرازێکی کاریگەری چاودێریە بەسەر دامەزراوە فەرمی و رێکخراوە مەدەنی و کۆمپانیا گشتی و تایبەتیەکانەوە، هاوکات بەهۆی ئەو رۆڵەی دەیبینێت لە خزمەتکردنی بەرژەوەدنی گشتی و تێروانینی سیستمە دیموکراسیەکان بۆ راگەیاندنی وەک دەسەڵاتی چوارەم، راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان گرنگی خۆیان پەیدا کردووە، چونکە ئەم جۆرەی راگەیاندن کاردەکات بۆ ئاشکراکردنی شاراوەکان و دیاریکردنی کێشەکان لە پێناو لێکۆڵینەوە و رونکردنەوەی دادپەروەرانە و چارەسەکردنیان.[٤]

---

بڕوانە:

١- بشرى حسين الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية ،من وجهة النظر الصحفين العراقين، بحث مقدم للمؤتمر العلمى الثالث"<u>نحو رؤية المستقبلية لبناء اعلام مسؤل</u>" ١٨-١٩، ابرل ٢٠١٦، كلية الاعلام الجامعة العراقية.

2. Stephen Gillers, journalism under fire protection the future of investigative reporting, Colombia journalism review of books, New York, p,220.

٣- حسين علي الفلاحي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

٤- كاظم المقدادي، سەرچاوەی پێشوو،١٥٧.

## پێنجەم: ئەرک و ئامانجەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

هەر بابەتێکی زانستی بەهۆی پێویست بوون یاخود ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی زانستی هاتۆتەبوون و پێویستی خۆی لە کۆمەڵ سەلماندووە، هاوکات ئەنجامدانی ئەم ئەرکانەش بێ هۆکار نەبووە بەڵکو کۆمەڵێک ئامانجی هەبووە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی، لەو روانگەیەوەیە بەهۆی فراوان بوونی گەشەی کۆمەڵ و ئارەزوی تاکەکانی بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە دیاردە و رووداوەکانی دەوروبەری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی هاتۆتەبوون، بۆ ئەوەی تێراوی حەز و ئارەزووەکانی ئەندامانی کۆمەڵ بکات لەو زانیاریانەی کە کە راگەیاندنی کۆنباو نەی دەتوانی بەو ئەرکە هەڵبسێت و ئامانجەکانی کۆمەڵ لە ڕووی بەدەستهێنانی زانیارییەکان بەدیبهێنێت، بۆیە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە دیارترین ئەرکەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی بکەین، هاوکات لە بەر رۆشنایی ئەرکەکانی ئەو ئامانجانەش دەستنیشان بکەین کە هەوڵی بەدەستهێنیانیان دەدات، چونکە هەر دیاردەیەکە لە دیاردەکانی کۆمەڵ، کاتێک دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە، دەیەوێت بگات بە کۆمەڵە ئامانجێک کە دیاردە و شێوازەکانی پێش خۆی نەیانتوانیوە پێی بگەن.

### گرنگترین ئامانجەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی

- وەهەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵ: بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی راگەیاندن بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە، کە لە وڵاتانی ئەوروپی بەهۆی ئەم ئەرکەی راگەیاندنەوە ناویان لێنا( كلب الحراسة-Watch Dog- سەگی پاسەوان) کە ڕۆڵی هەبوو لە پاراستنی کۆمەڵگە لەگەندەڵی و لادانەکان ، لێرەوە ئەم جۆرەی راگەیاندن دەبێت بە جێی بایەخی جەماوەر، ساڵی **١٩٧١** رۆژنامەی واشنتۆن پۆست کۆمەڵێ بەڵگەی پنتاگۆنی بڵاوکردەوە سەبارەت بە ڕۆڵی سوپای ئەمەریکا لەجەنگی ڤێتنام بەهۆیەوە گەلی ئەمەریکا ئەوکوشتارەیان بۆدەرکەوت کەسوپای ئەمەریکا لە ڤێتنام ئەنجامی دابوو، هەربۆیە ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن بوو لە رێگەی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانەوە توانی ئەمەریکا ڕزگار بکات کە لەبەردەم هەرەسهێنانێکی گەورەدا بوو.[١]

---

بڕوانە:

[١]- عیسی محمود حسن، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠-٢١.

- بەڵام بە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی گرنگی بە ئەرکە هاوچەرخەکانی ڕاگەیاندن دەدات، کە لەلایەن (هارۆلد لاسویل) لە چلەکانی سەدەی بیستەم دیاریکراوە کە بریتیە لە سێ ئەرک: چاودێریکردنی ژینگە ، کارکردن بۆ بەستنەوەی کۆمەڵ بە ژینگە و سنوردانان بۆ ئەو کارانەی کە ڕوبەڕوی ژینگە دەبێتەوە، گرنگیدان بە گواستنەوەی کلتوری ڕۆشنبیری.[١]

• ئاشکراکردنی تاوانە ئابڕوبەرەکان و گەندەڵی سیاسی بەرپرسان.

• ئامرازێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە **ڕاستیەشاراوەکان** لە تا دڵنیادەبێتەوە لە ڕاستی و دروستیان و پیشاندانی وێنەکە وەکو خۆی بەبێ شێواندنی.

• دەروازەیەکی گرنگە بۆ دامەزراوە فەرمیەکان بۆ لێکۆڵینەوەکانیان لە تاوان و گەندەڵیەکان، دەتوانرێت وەکو بنکەیەکی زانیاری وەرگرتن لێی سەیر بکرێت، ڕۆژنامەوانی ئەمەریکی (سیمۆن هێریش) کە یەکێکە لە ڕۆژنامەوانە بە ئەزمونەکانی بنکۆڵکای لەجیهان دەڵێت"داهاتوی ڕاگەیاندن ڕاگەیاندنی قوڵ"ە بۆیە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی پێویستە بۆ هەستانەوەی ڕاگەیاندن و دەمەزراوە ڕاگەیاندنەکان، ئەوەش پێویستی بونیەتی.[٢]

هەروەها ڕاگەیاندنکاری بنکۆڵکاریی سویدی **(نیلز هاسۆن)** ئامانجی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لەسێ خاڵی سەرەکی کورت کردۆتەوە .[٣]

١. ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکانی کۆمەڵ کە لەلایەن کۆمپانیاو دامەزراوە و کەسایەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێت .

٢. هەڵسەنگاندنی کاری حکومەت و کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان و کەسانی دیار لە کۆمەڵ .

٣. سەرنجدان وچاوخشانە سەر کۆی بوارەکانی کۆمەڵ وەک بوارەکانی (سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووی)

---

بڕوانە:

[١]- التحقيق الصحفي كشكل من اشكال التخطية التفسيرية الاستقصائية، فى الضوابط التحقيقات الصحفين الامنية، (الرياض جامعةيفا لعربية للعلوم الامنية،٢٠١٠)،ص٤٠.

[٢]- حسن محمد ابو حشيش، سەرچاوەی پێشوو، لا١١١.

[٣] - الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبقات عملية، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٩.

### شەشەم: جیاوازی نێوان راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباو

بەو پێیەی راپۆرتی بنکۆڵکاریی رێبازی زانستی بنەمای کارکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش وای کردووە لە چەندین رەهەندەوە جیاوازی هەبێت لەگەڵ راگەیاندنی کۆنباو، بێگومان ئەم جیاوازیانەش لە نێوان پسپۆڕانی بواری راگەیاندن بەگشتی و راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەتایبەت بۆچوونی جیاوازی لەسەرە و بە چەندین شێواز ئاماژەی پێکراوە، لەو روانگەیەوە توێژەر ئاماژەی بە دیارترین ئەو جیاوازیانە کردووە کە لەنێوان پرۆسەی ئامادەسازی و سازاندنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباودا هەیە، بڕوانە خشتەی (١)

| خشتەی(١)جیاوازی نێوان راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباو | |
|---|---|
| راپۆرتی کۆنباو | راپۆرتی بنکۆڵکاریی |
| یەکەم/ گەران و کۆکردنەوەی زانیاری[1] | |
| زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە لە یەکێک لە ژانەرەکان دادەڕێژرێت، بەشێوەی( رۆژانە، هەفتانە، مانگانە) بڵاودەکریتەوە. | زانیارییەکان بڵاو ناکرێتەوە تاوەکو دڵنیا دەبێتەوە لە دروستیان و کامڵ بوونیان. |
| بەشێوەیەکی خێرا زانیارییەکان کۆدەکرێتەوە، بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هیچ گەڕانێک و لێکۆڵینەوەیەکیتر بۆ بابەتەکە ناکرێت. | گەڕان و لێکۆڵینەوە لە رەهەندەکانی بابەتەکان بەردەوام دەبێت، تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێت. |
| بابەتاکانی لەسەر کەمترین زانیاری بنیات دەنێت و هەوڵدەدات بەشێوەکی کورت پەیامەکانی بگەیەنێت | کار لەسەر زۆرترین زانیاری دەکات، چیرۆکی بابەتەکانی بەشێوەیەکی درێژ دادەرێژێت، بەزانیاری کەم رازی نابێت. |
| دەکرێت لێدوانی سەرچاوەکان جێگای بەڵگەنامەکان بگرنەوە. | زانیارییەکان و لێدوانی سەرچاوەکان پێویستی بە بەڵگەو سەلماندنی دروست هەیە. |

[1].بڕوانە:

- حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع... والاشكاليات، (دار العالم العربي، قاهرة-٢٠١٤)،ص٣٣.
- حسين على ابراهيم الفلاحي، صحافة التحري والاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، (دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربيةالمتحدة- الجمهورية اللبنانية، ٢٠١٧)،ص٣٥.
- عبدلرزاق الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٧.

| دووەم/ پێداچوونەوە و وردبینی [١] | |
|---|---|
| پێداچونەوەی زمانەوانی و ڕێکخستنی وێنەکان، بۆ دڵنیابوونەوە لە گونجانی وێنە و دەقەکان. | وردەکاری قوڵ بە مەبەستی گونجان یاخود هاوتاکردنی لەگەڵ زنجیرەی وێنەکان و کارتێکەرەکان و بۆ دڵنیابوونەوە لە بوونی کاریگەری. |
| زۆرجار گرنگی بە پێداچونەوەی یاسایی نادرێت. | پێداچونەوەی یاسایی بۆ بابەتاکان دەکرێت بەمەبەستی خۆپاریزی و لێپرسینەوەی یاسایی. |
| پێداچونەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیریایی(منطقي) روداوەکان. | پێداچونەوە بەمەبەستی دڵنیابونەوە لە ڕاستگۆیی دۆز و زانیارییەکان. |
| سێیەم/ ئەنجامەکان [٢] | |
| پەیامەکانی ڕەنگدانەوەی دۆخەکەیە بەوشێوەیەی کەهەیە، ڕۆژنامەوان هیوای بە گەیشتن بە ئەنجامێکی دورمەودا نیە، ئامانجی تەنها گەیاندنی زانیارییەکانە بەجەماوەر. | ڕۆژنامەوان بە ئامانجی گۆڕینی دۆخەکە کاردەکات بۆ دۆخێکی باشتر، زۆرجار نموونە و ڕێگای باشتردەخاتە بەرچاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. |
| پێویست بە تێوەگلان و پەرۆشی ڕۆژنامەوان ناکات بۆ بابەتەکە. | بەبێ لایەنگیری و پەرۆشی ڕۆژنامەوان بۆ بابەتەکان، بابەتێکی بنکۆڵکاریی تەواوەتی لێدەرناچێت و ئامانجەکانی ناپێکێت. |
| هەڵەی ڕۆژنامەوان بەهەند وەرناگیرێت و دەکرێت ئەم هەڵانە ڕووبدەن. | هەر هەڵەیەک ڕوبدات سزای فەرمی و نافەرمی لەسەر دەبێت، دەکرێت ببێتە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆیی دەزگاکە. |

بڕوانە:

[١]- هاشم حسين تميمى، التحقيق الاستقصائي التلفزيوني،الطبعة الثانية، دار الكتب الوثائق، بغداد-٢٠١٩، ص٤٨.

[٢]- بڕوانە:

- بشرى حسين حمداني، التغطية الصحفية الاستقصائية تحقيقات عابرة للحدود، (دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن- عمان-٢٠١٢)، ص٣٩
- حسين محمد ربيع، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤

| | |
|---|---|
| **چوارەم/ کاریگەری[1]** | |
| کاریگەری لەسەر جەماوەر و دامەزراوەکان جێناهێڵن، ئەگەر هەشبێت کاریگەریەکی ماوە کورتە. | کاریگەری بەرچاو لە سەر کۆمەڵ و دامەزراوەکان جێدەهێڵێت و زۆر جار دەبێتە هۆی پێکهێنانی رایگشتی. |
| **پێنجەم/ سەرچاوە[2]** | |
| متمانە بەسەرچاوەکان دەکرێت هەلسەنگاندن بۆ سەرچاوەکان ناکرێت. | رەخنە لەسەرچاوەکان دەگیرێت و بەپرۆسەی هەڵسەنگاندندا تێدەپەڕێت. |
| زانیارییەکان لە سەرچاوە فەرمیەکان وەردەگیرێت، ئەمەش بۆ زیاتر رۆڵی خۆیان وبانگەشەکردن بۆ دامەزراوەکانیان. | سەرچاوە فەرمیەکان هەوڵی شاردنەوەی زانیارییەکان دەدەن، چونکە ئاشکراکردنیان لە بەرژەوەندی دەسەڵات و کەسایەتیەکان دەدات. |
| پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە لەسەرچاوە فەرمیەکان و داداگاکان و کۆمپانیا گشتی و تایبەتیەکان و شارەزایان و شایەدحاڵەکان وەردەگیرێت. | راپۆرتی بنکۆڵکاریی کار لەسەر ئەو زانیاریانەدەکات کە دەزگا فەرمیەکان هەوڵی شاردنەوەیان دەدەن لە جەماوەر، هەروەها ئەو زانیاریانەی کە بەڵگە و سەلماندنی لەگەڵدایە. |

بڕوانە:

[1]- هاشم حسين تميمي، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٠.

[2]- بڕوانە:

- بشرى حسين حمداني، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨.
- حسين علي ابراهيم الافلاحي، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥.

# بەشی سێیەم

# ماڵپەڕەکان

## پاژی یەکەم

یەکەم/ دەرکەوتنی ئینتەرنێت.

دووەم/ گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان.

سێیەم/ گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان لە هەرێمی کوردستان دا.

چوارەم/ ماڵپەڕەکان( چەمک و پێناسە، جۆرەکانی، تایبەتمەندییەکانی)

## پاژی دووەم

یەکەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکان دا.

دووەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا.

**دەستپێک**

ماڵپەڕەکان ناوێکی دیار و گرنگی نێو پانتایی راگەیاندنن بەگشتی، یەکێک لە دەرهاویشتە بەکەڵکەکانی دەرکەوتنی ئینتەرنێت، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ماڵپەڕەکان بونەتە شوێنگرەوەی زۆرێک لە دەزگا رۆژنامەوانییە کۆنباوەکان، دوای ئەوەی شوێنی بە رۆژنامەی کاغەز لێژکرد، بێگومان کۆمەڵی کوردستانیش وەک تەواوی کۆمەڵەکانی جیهان ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەگشتی رەنگدانەوەی بەسەریدا جێهێشت بەتایبەت لە بواری راگەیاندن، لەو سۆنگەیەوە دەزگا رۆژنامەوانییەکانی وەک تەواوی دەزگا رۆژنامەوانییەکانی جیهان ماڵپەڕی خۆیان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزراند، بە تێپەڕبوونی رۆژگار و پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵ شوێنی بە دەزگارۆژنامەوانییە کۆنباوەکان لێژکرد، لێرەوە رۆژ بە رۆژ ماڵپەڕەی رۆژنامەوانی زیاتر دادەمەزرێت، لەو ڕوانگەیەوە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ماڵپەڕەکان وەک گۆڕاوی وابەستەی توێژینەوەکە و لە چوارچێوەی دوو پاژدا زانیارییەکانی خراوەتەڕوو.

**یەکەم: دەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێت**

دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو جیهان پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری پەیوەندی و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بە خۆوە بینی، ئەم پێشکەوتنە کاریگەری کردە سەر شێوەو و ناوەڕۆکی پەیوەندیەکان. ئینتەرنێت دیاردەیەکی سەرەکی ئەم پێشکەوتنە بوو کە خزمەتگوزاری هەمەجۆری پێشکەش بە بەکارهێنەرانی دەکرد، وەک ئامرازێکی کاریگەر و ئاسان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان بە جیاوازی ماڵپەڕی جوگرافیانەوە.

بەوپێیەی ماڵپەڕەکان دەرهاویشتەی دەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێتە پێش ئەوەی ئاماژە بە مێژووی پەیدابوونی ماڵپەڕەکان بکەین، لەسەرەتادا گرنگترین وێستگەکانی دەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێت دەخەینە بەرچاو:

ئەم پێشکەوتنەی بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بوەهۆی دەرکەوتنی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کە دەرفەتێک بوو بۆ سەرهەڵدانی دیمەنێکی نوێ یاخود جۆرێکی نوێی رۆژنامەوانی، لە ئەنجامی سود وەرگرتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان، کە ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتی بوو بۆ ئەوەی ئەم جۆرەی راگەیاندن بەشێوەیەکی فراوان بگات بەدەستی هەمووان، لە ئەنجامدا ناوەڕۆکێکی نوێی رۆژنامەوانی دەرکەوت کە لە توانایدا بێت بە خێراترین رێگا بگات بە دەستی وەرگرەکانی.[١]

پەیدابوونی تۆڕی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **١٩٦٩**، کاتێک وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا تۆڕێکی ئینتەرنێتی سازاند بۆ بەستنەوەی وەزارەتەکە بە کۆمپانیا گرێبەستەکان لە بواری توێژینەوەی سەربازی ئەو زانکۆ و دەزگایانەی کە لەلایەن ئەم وەزارەتەوە پەرەیان پێدەدرا،[٢] پاشان لەساڵی **١٩٨٢** بۆیەکەم جار زاراوەی ئینتەرنێت بەکارهات، کە بەهۆی ئامێرێکی بچوکەوە ئەنجام دەدرێت کە بە**(modem)** ناودەبرێت، ئەم ئامێرە بەکاردەهات بۆ گۆڕینی زانیارییەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاماژەیەکی کارەبایی کە بەهۆی هێڵی تەلەفۆنەوە دەنێردرا.[٣]

---

بڕوانە:

[١] - علی عبدلفتاح كنعان، الصحافة الالكترونية، دار اليازوری، بدون سنة اومكان الطبع، موجودpdf ص،٩٠- ٨٩.

[٢]- حارث عبود، مزهر الاعاني، الاعلام و الهجرة الى عصر الرقمي، (دار المكتبة حامد للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٤)، لا١٢٤

[٣]- محمد عبدلا کەلاری، جیهانگیری میدیا(چاپخانەی خانی دهۆک)، لا ٣٧.

پاشان لەساڵی **١٩٨٤**، زیاتر لە هەزار ماڵپەڕەی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر تـۆڕی ئینتەرنێـت دامەزران، دواتر لە ساڵی **١٩٨٩،** تـۆڕی ئینتەرنێـت پێشـکەوتنێکی گەورەی بە خـۆوە بینـی دوای داهێنانی **(تیم بیر نرزلی)** بە دانـانی یەکەمیـین مـاڵپەڕی ئەلیکترۆنـی بە نـاوی( **World wide Web**)، کە بەهۆیەوە کـار ئاسـانی کـرا بـۆ بەکـارهێنەران تـا بەهـۆی ئەو بەرنـامەیەوە زانیـاریە نوسـراو و بینـراو و بیسـتراوەکانی دەسـتبکەوێت.[1] هەروەهـا لە سـاڵی **١٩٩٣** ئینتەرنێـت زیـاتر گەشـەی سـەند و بە شـێوەیەکی فـراوان بە جیهانـدا بـڵاو بـۆوە، جـگە لەوەش ئامرازەکـانی راگەیانـدن لە سـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت بە شـێوەیەکی بڵنـد پەیامەکانیـان دەگەیانـد لەبەر ئەوەی ئـامرازێکی نـوێ و کـاریگە بـوو لە گـۆڕینی کـۆی رەهەنـدەکانی ژیـان بە گشـتی و بـواری پەیوەندیکردن بەتایبەتی.[2]

کەواتە دەکرێـت بڵێـین ئینتەرنێـت تـۆڕێکی گەورەی زانیـاریە لە هەمـوو شـوێنێکی جیهـان بەردەستە، ڕێگایەکی پێشکەوتووە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و لە هەمان کاتدا گواستنەوە و بەدەسـت گەیشـتینی ئەو زانیاریـانەی خێراترکـرد، هاوکـات بەکارخەرەکـانی توانیـان ئەو خزمەتگوزاریانە دیاری بکەن کە بەکاریان دێنن و ئەو خزمەتگوزاریە تایبەتییانەش دەستنیشان بکەن کە دەیانخەنە نێو تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتەوە.[3]

هەروەهـا ئینتەرنێـت تـۆڕێکی دەوڵەمەنـدە لە داتـا و زانیـاری، لە ڕێـگەی کۆمپیـوتەر یـاخود یەکێک لە ئامێرە زیرەکەکان و بەهۆی تۆڕێکی خەیاڵی جیهـانیەوە دەتوانێـت پەیوەنـدی نێـوان کەسەکان فەراهەم بکات لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدابێت، بـۆ دەسـتکەوتن و ئـاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان یەکتر.[4]

لەو ڕوانگەیەوە یەکێـک لە دەرکەوتەکـانی ئینتەرنێـت مـاڵپەڕە هەواڵییەکـانە، چـونکە لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەزگا رۆژنامەوانییەکان هەوڵیاندا زۆرترین سود لە تۆڕەکـانی

---

بڕوانە:

[1]- سامان فەوزی، هونەر رەسوڵ، میدیای ئینتەرنێتـی و گرفتەیاسـاییەکانی، (لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم،سلێمانی -٢٠٠٤)، لا٢٢.

[2]- وسام فاضل راضي، مهند حميد تميمـي، الاتصـال ووسـائله الشخصـية والجماهريـة والتفاعليـة، (دار الكتـاب الجـامعي ، دولةالامارات العربية المتحدة- الجمهورية اللبنانية-٢٠١٧)، ص٦٢-٦٤.

[3]- شریڤا ستاڤانا، و، کەرکوکی، ئاژانسەکانی دەنگوباس لە کۆترەوە بۆ ئینتەرنێت، (هەولێر-٢٠٠٨) ،لا ١٥٨-١٥٩.

[4]- سەروەت عبدڵا، تاوانە ئینتەرنێتیەکان لەنێوان یاساو ئەخلاقدا، (چاپخانەی بابان،سلێمانی- ٢٠١٠)، لا٢٩.

ئینتەرنێت و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایە وەربگرن، هەر زوو دەزگا رۆژنامەوانییەکان و لە دەستپێکدا رۆژنامەوانی نوسراو هەوڵیاندا ماڵپەڕی خۆیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دابمەزرێنن و لەوێوە پەیامەکانیان ئاراستەی جەماوەرەکانیان بکەن، لێرەشەوە ئینتەرنێت بوە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ رۆژنامەوانی بە ناوی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی.

## دووەم: گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان

رۆژنامەی بێ کاغەز کە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان، دواجار گەیشتە ماڵەکانمان لە رێگەی خزمەتگوزاری بانکی زانیاریەوە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، مانگانە بەچەند دۆلارێک رۆژنامەیەکی رۆژانە بەتایبەتی ئەوانەی شارە گەورەکان، بیست و چوار سەعات هەواڵیان بە خوێنەرانیان دەبەخشی لەگەڵ تازەکردنەوەی هەواڵەکان و زانیاری زیاتر لە چاو چاپی نوسراوی سەر کاغەز، وێڕای ئەمانەش چەندین راپۆرت و چیرۆکیان لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێت بە خوێنەرانیان دەبەخشی، ئەگەر خوێنەر چەند دۆلارێک زیاتری بدابایە ئەوا وەرزش و گۆڵەکان و ئەنجامەکانی ئەسپسواری و هەواڵی نوێی فیلمەکانیان وەردەگرت.[1] کەواتە ماڵپەڕەکان وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە سەرەتا و دەرکەوتن و گەشەی مێژووی خۆی هەیە کە توێژەر لێرەدا بە چەند قۆناغێک ئاماژەی پێکردوون:

### قۆناغی یەکەم: سەرهەڵدانی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی

مێژووی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٠، کاتێک کار بە بەکارهێنانی تەکنیکی (ڤیدۆ تێکست) کرا.[2] هەروەها هەندێک سەرچاوی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەم ئەزموونی بڵاوکردەوەی هەواڵی ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی**١٩٧١**، کاتێک (نوسینگەی گشتی پۆستە-general post office) دەستی بەم کارە کرد لەبەریتانیا لەڕێگەی خزمەتگوزاری (پریستەل- Prestel)، پاشان تا ساڵی **١٩٧٩** بۆ هەموو جەماوەر بەردەست بوو،

---

بڕوانە:

[1]- ئیرڤینگ فانگ، و، گۆران سەباح، مێژووی هۆیەلی گەیاندن - شەش شۆڕشی زانیاری، (بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە٨٨٣، هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٣٩٦

[2]- يعقوب بن محمد الحارثي، مسؤلية المدنية عن النشر الالكتروني، (دار الوائل للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٥)، ص١٧.

خزمەتگوزاریـەکانی بریتیبـوون لـە بڵاوکـراوە هەواڵیـەکان، ئەنجامـدانی مامەڵـە بانکیـەکان لەماڵەوە، بەدەستهێنانی بلیتی فرۆکە.(١)

دواتر لە حەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوو خزمـەتگووزاری (سـیفاکس- ceefax) دەرکـەوت، پاشـان دامەزراوەی پەخشـی بـەریتانیا (BBC ) گەشـەی بـەم خزمەتگوزاریانـەدا، لەهـەمان کاتـدا کۆمپانیای ئەمەریکی (نایت-رایدر Knight-Ridder) هەمان ئـەزموونی دەسـت پێکـرد بـەناوی (فیوترون -Viewtron)، بـەڵام نـەیتوانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت، دواتـر فەرەنسـیەکان توانیان سەرکەوتووبن لە خستنەڕووی سیسـتمی (**مینیتـل**) بـۆ زانیـاری ئـەلیکترۆنی و ڕێبـەری تەلەفون (Mintel electronic information and telephone directory) لەساڵی ١٩٨١، پاشان سیستمی (مینیتێل) توانی یەکەمین ئەزموونی ڕۆژنامەی کاغەزی بکات بە ئەلیکترۆنی، کاتێـک ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن) ئـەم ئـامرازەی بـەکارهێنا لـە بڵاوکردنـەوەی ئەنجامـەکانی رکابەرایـەتی ئۆڵۆمپیاتی وەرزی لوس ئەنجلۆس لەساڵی **١٩٨٤**.(٢)

ساڵی **١٩٨١**، بەیەکەم دەرکەوتنی بڵاوکـراوەی ئـەلیکترۆنی ئـەژماردەکرێت بەجۆرێـک یەکـەم ڕۆژنامە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەر دەکرد بریتـی بـوو لـە ڕۆژنامـەی (کولۆمبـۆس دیسـباتش-Colombes Dispatch) پاشـان ڕۆژنامـەکانی (واشـنتۆن پۆسـت و نیـۆرک تـایمز)، دواتر لەماوەی ساڵانی **١٩٨٥-١٩٨٨**، خزمەتگوزاری ڕۆژنامەیی ئەلیکترۆنی دەرکەوت (Bulletin board Syste) کـە چەنـدین ڕۆژنامـەی جیـاوازی لـە خـۆدەگرت وەکـو ڕۆژنامـەی (هـامیلتۆن سپیکتاتۆر- Hamilton Spectator).(٣)

گەشـەکردنی تـۆڕی زانیـاری جیهـانی بـووە هـۆی پێکـدادانی هەمەچەشـن لـەنێوان کـردە ڕۆژنامەوانیـە ئەلیکترۆنیـەکان و کۆنباوەکـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا بوەهـۆی بـەردەوامبوونی لـە زیـادکردنی یارمەتیـەکانی لـە بەرهـەمهێنان و بـەڕێوەبردنی ناوەڕۆکـە ڕۆژنامەوانیـەکان، تـا

---

بڕوانە:

١- خالـد محمـد غـازی، الصـحافة الالكترونيـة العربيـة:الالتزام والانفلات في الخطـاب والطـرح، (وكالـة الصـحافة العربيـة الناشرون، جمهورية العربية المصرية، ٢٠١٦)، ص٩٨.

٢- شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية-دراسات في التفاعلية في التصميم المواقع، (دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٥) ،ص٢٣-٢٤.

٣- يعقوب بن محمد الحارثي، سەرچاوەی پێشووو، لا٢٠.

دەرکەوتنی یەکەمین شێوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی(one online journalism) لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای خزمەتگوزاری (tale text) کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **١٩٧٦**.[١]
بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە گواستنەوەی هەواڵ و بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان بەوێنە و زمانی جیاواز، هاوکات بەکارهێنانی ئەزمونەکانی (تلیتێکست و ڤیدۆتێکست) لەدەستەی وێستگەی بەریتانیا و وە ئەزمونە کارلێکەکانی دیکە لەبواری گواستنەوەی دەقەکان بەشێوازی ئۆنلاین، هەنگاوی گرنگ بوون لەپێشکەوتنی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی لە ئایندەدا.[٢]

### قۆناغی دووەم: چاپی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەکاغەزیەکان

دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەم هەندێک لە ڕۆژنامەکان و دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان بەشێوازی جیاواز و لە ڕێگەی چەند سیستمێکی ئەلیکترۆنی کە لە قۆناغی یەکەم توێژەر ئاماژەی پێداوە زانیاریەکانیان بە جەماوەر دەگەیاند، ماڵپەڕەکان شێوازێکی نوێی وەرگرت، لێرە بەدواوە ڕۆژنامەکان دەستان کرد بە بڵاو کردنەوەی وێنەیەک لە چاپی کاغەزی خۆیان و پێگەی تایبەت بە خۆیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزراند، کەواتە مەبەست لەم قۆناغە دەستپێکی بڵاوکردنەوەی چاپی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامە کاغەزیەکانە، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین وێستگەکانی کراوە:

هەرچەندە دەرکەوتنی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام تاساڵی **١٩٩٣**، بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیەکان ناوبانگێکی لەو جۆرەیان نەبوو، کاتێک ناوەندی ڕۆژنامەی (سان جوزیە مارکوری نیوز- San Jose Mercury News) لەپێشەنگی ئەو ڕۆژنامانەدابوو کە بابەتەکانی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو کردەوە.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- محمد الراجي، بيئة الصحافة الالكترونيه سياقات التطور و التحدياته(مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠٢٠)، ص١١٧.

[٢]- خالد محمد غازی، الصحافة الالكترونية العربية:الالتزام والانفلات فی الخطاب والطرح، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٩.

[٣] - شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية-دراسات فی التفاعلية فی التصميم المواقع، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧.

دیاریکردنی یەکەمین ماڵپەڕ تا ئێستا بەشێوەیەکی دروست یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە رۆژنامەی سویدی (هیلزنبورگ داگبلاد) یەکەمین رۆژنامەیە لەجیهان کە لەساڵی ١٩٩٠، بابەتەکانی خۆی خستەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.[١]

لەگەڵ ئەوەشدا چەند بۆچونێکی دیکە پێیان وایە یەکەمین ماڵپەڕ دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێژی راگەیاندن و پەیوەندیەکان لە زانکۆی فلۆریدا لەساڵی **١٩٩٣**. پاشان ماڵپەڕەکان لەگەشەی خۆیان بەردەوام بوون بەشێوەیەک لەنیوەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو خزمەتگوزاری فرەمیدیا(Multimedia) هاتەبوون، لەهەمانکاتدا بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیەکان لەگەشەی بەرفراواندا بوون بەشێوەیەک ساڵی **١٩٩١**، ژمارەیان (١٠) بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی بوو، بەڵام لەساڵی **١٩٩٦**، ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (١٦٠٠) بڵاوکراوە، ئەم ژمارەیە لەساڵی **٢٠٠٠**، گەیشتە (٤٠٠) ماڵپەری ئەلیکترۆنی.[٢]

لەگەڵ ئەم بۆچونانەدا چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بەوەدەکەن کەدەستپێکی یەکەم ماڵپەڕ دەگەڕێتەوە بۆ **ئایار/١٩٩٢**، کاتێک (شیکاگۆ ئۆنلاین) لەو بەروارەدا یەکەم بڵاوکراوەی خۆی لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو کردەوە، پاشان ڕۆژنامەی (شرق ألاوسط) وەک یەکەم رۆژنامەی عەرەبی لە **٦/ئەیلول١٩٩٥**، توانی وێنەیەک لە چاپکراوەکەی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو بکاتەوە.[٣]

لە **نۆڤمبر/١٩٩٤** (ئەلیکترۆنیک تەلەگراف) دەرکەوت، کە بریتی بوو لە چاپی ئەلیکترۆنی رۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف) ی بەریتانی، هاوکات لە هەمان ساڵدا رۆژنامەی **تایمز** ی بەریتانی چاپی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاوکردەوە.[٤]

لەماوەی ساڵانی **١٩٩٤-١٩٩٥**، زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا چاپی خۆیان لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت بڵاو کردەوە، بەجۆرێک لەساڵی **١٩٩٤**، شەش رۆژنامە پێگەیان لە سەر تۆڕەکانی

---

بڕوانە:

[١]- علي عبدلفتاح كنعان، الصحافة الالكترونية في ظل الثورة التكنلوجية، (دار اليازوريالعلمية للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٤)ص١٣.

[٢]- محمد الراجي، بيئة الصحافة الالكترنية العربية سياقات التطور و تحدياته، (مركز الجزيرة للدراسات-٢٠٢٠)ص٢٣.

[٣]- نزار بشير جديد، الاعلام المقروء بين الصحافة الورقية الصحافة الالكترونيه، (دار الاعصار العلمى للنشر و التوزيع، عمان،٢٠١٥)، لا٢١٠.

[٤]- شريف درويش اللبان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧،٢٨.

ئینتەرنێت هەبوو، بەڵام لەساڵی **١٩٩٥**، ژمارەیان گەیشتە (١١٥) رۆژنامە، پاشان ئەم ژمارەیە تا ناوەراستی ساڵی **١٩٩٦**، گەیشتە (٣٦٨) پێگە. لە ماوەی ساڵانی **١٩٩٠-١٩٩٥**، زیاتر لە (٧٥٠) رۆژنامە لە جیهاندا پێگەی خۆیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزراند و چاپی ئەلیکترۆنی خۆیان لەو ماڵپەڕانەوە بڵاو دەکردەوە، هەروەها لەسەرەتاکانی ٢٠٠٠، پیشەسازی رۆژنامەوانی پێی نایە نێو جیهانی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی بەتایبەت لەگەڵ زیادبوونی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەهەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و وڵاتان بەگشتی.[١]

پاشان رۆژنامەی واشنتۆن پۆست هەنگاوێکیتر ماڵپەڕەکانی بردە پێشەوە کاتێک وەک یەکەم رۆژنامەی ئەمەریکی پرۆژەیەکی جێبەجێکرد بەناوی (مەرەکەبی کاغەزی-حبرالورقي) بەشێوەیەک توانی لەهەرکاتێکدا بێت ناوەڕۆکی پەیامە رۆژنامەوانییەکان بگۆڕێت یاخود زانیاری زیاتر بڵاو بکاتەوە، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ ماڵپەڕەکان، کەیەکەمجار بوو لە مێژووی ڕۆژنامەی کاغەز و رۆژنامەوانی کۆنباودا روبدات. بەهۆی ئامێرە تەکنیکیەکانەوە پەیامە رۆژنامەوانیەکان توانیان بەبێ سنوور وڵاتان وکیشوەرەکان ببڕن.[٢]

بێگومان رۆژنامەوانی عەرەبیش بێبەش نەبوو لەم پێشکەوتنەی بواری تەکنەلۆژیا و سەرەتای دەرکەوتنی ماڵپەڕە عەرەبیەکان دەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە درێژکراوەی رۆژنامە کاغەزیەکان بوو هاوتەریب لەگەڵ رۆژنامە کاغەزیەکە وێنەیەکی لە پێگەکەی خۆی بڵاو دەکردەوە، لە **ئەیلولی ١٩٩٥** رۆژنامەی (شرق ألاوسط) یەکەم وێنەی ئەلیکترۆنی خۆی وەک یەکەم رۆژنامەی ئەلیکترۆنی عەرەبی بڵاو کردەوە، دواتر رۆژنامەی (نهار ی لبنانی) **لە کانوونی دووەمی١٩٩٦**، وێنەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاو کردەوە، پاش شەش مانگ لەو بەرواره رۆژانامەی (حیاة) پێگەی خۆی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزراند و وێنەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاو کردەوە.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- بسنت عبدالمحسن عبدالطيف العبقاوی، الصحافة الالكترونيه و بيئتها على الشبكة الانترنيت، (خوارزم العلمية للنشر والتوزيع،جدة، ٢٠١٠)، ص٢٨.

[٢]- على اجقو، الصحافة الالكترونية العربية كالمواقع و الافاق الجزائيرية، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

[٣]- رضا عبدلواحد امين، الصحافة الالكترونية، (دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص١١٦.

لەسەرەتای ساڵی **١٩٩٧**، دۆخێکی نوێی رۆژنامەوانی هاتەکایەوە ماڵپەڕەکان لە تەواوی جیهان گەشەیان سەند و بڵاو بوونەوە، ژمارەی ماڵپەڕە رۆژنامەوانییەکان گەیشتە نزیکەی **٣٢٥٠** پێگە، هەروەها لەساڵی **١٩٩٩**، ژمارەی ماڵپەڕە رۆژنامەوانییەکان گەیشتە نزیکەی **(٢٨٠٠)** پێگەی رۆژنامە و **(١٣١١)** پێگەی تەلەفزیۆن و**(٢٢٠٠)** پێگەی ئێزگەیی لەتەواوی جیهان، دواتر ژمارەی پێگە رۆژنامەوانیەکان گەیشتە**(٥٠٠٠)** پێگە لەساڵی **٢٠٠٤**.[١]

روداوی**(١١ی سێپتمبەر)** جگە لەوەی راچەڵەکانێکی جیهانی بوو، هاوکات وێستگەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی، چونکە رۆژنامە و ماڵپەڕە هەواڵییەکان توانیان ئەو ڕوداوە بەشێوەی وشە و دەنگ و وێنە بە شێوازێکی ورد و لێهاتووی و دەگمەن بگوازنەوە بۆ جەماوەر، توانیان ڕکابەری ئامرازەکانی دیکەی رۆژنامەوانی بکەن لە رومالکردنی ئەو روداوە مێژووییە.[٢]

لە پاش ئەو گەشەکردنەی کە ماڵپەڕەکان بەخۆوە بینی لەئێستادا ماڵپەڕەکان چیتر وەک جاران نین، ئێستە زۆر زیاترن لەسەر مەرەکەبێکی ڕەش لەسەر کاغەزی سپی، ئێستا دەنگێکن لەسەر تەلەفۆن، لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرن، بریتین لە (سی دی رومێک)، ئێستا خۆیان خۆیان دادەهێننەوە بۆ گەیاندنی نەک تەنیا هەواڵ بۆ خوێنەران، بگرە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆ هەموو تەمەنێک، رەنگێک، ئاینێک، زمانێک، رەگەزێک، دواتر بۆ هەموو ئارەزویەک.[٣]

لێرەشەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە ئاڵەنگاریەکانی بەردەم رۆژنامەوانی چاپکراو لە سەروی هەموویانەوە ئاڵنگاری ئابووری، وەکو بەرزبوونەوەی نرخی کاغەز و ئامێرە تەکنیکیەکانی دیکە بە بەراورد بە تێچوی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی و ئاڵنگاری ژینگەیی وەک پاراستنی دار و دارستانەکان کە لە بەرهەمهێنانی کاغەز سودی لێدەبینرا و رکابەری ئامرازەکانی

---

پەراوێز:

[١]- رابح عمار، الصحافة الالكترونية و تحديات الفضا الالكتروني- دراسة الميدانية للصحافة الالكترونية الجزائرية، اطروحة الدكتورا، غير منشور، جامعة وهران، كلية علوم الانسانية و الاسلامية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، ٢٠١٦-٢٠١٧.

[٢]- قورارى صونية، اتجاهات جمهور الطلبة نحو الصحافة الاللكترونية، دراسة الميدانيه على عينة الطلبةالجامعين مستخدمين للانترنيت في الجامعةبسكرة، رسالة الماجستير، غير منشور، جامعة محمد خيضر-بسكرة، كلية العلوم الانسانية الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية،٢٠١٠-٢٠١١

[٣] - ئێرڤینگ فانگ، و، گۆران سەباح، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٩٦

دیکەی راگەیاندن لەگەڵ رۆژنامەوانی چاپکراو، هەموو ئەمانە بونە هۆکار بۆ پاڵپشتی و گرنگیپێدان بە رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی.(١)

**سێیەم. گەشەی مێژوویی ماڵپەڕەکان لە هەرێمی کوردستان دا**

هەرێمی کوردستان وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان بەدەر نەبوو لەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆژیەی کەبەسەر کۆی کایەکانی ژیانداهات بەتایبەت لە بواری ڕۆژنامەوانی، بۆیە هەر زوو رۆژنامەوانان و دەزگا رۆژنامەوانیەکان هەوڵیاندا سود لەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایە وەر بگرن و رۆژنامەوانی کوردی لەڕوی تەکنیکیەوە بەرەو پێش ببەن، لەم روانگەیەوە رۆژنامەکان هەوڵیاندا وەکو زۆربەی رۆژنامەکانی جیهان و دەوروبەری هەرێمی کوردستان چاپی ئەلیکترۆنی خۆیان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ جەماوەر بڵاو بکەنەوە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین وێستگەکانی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان دا بکەین:

یەکەمین چاپی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی **١٩٩٦،** کاتێک لەو بەروارەدا رۆژنامەی (**خەبات**) یەکەمین وێنەی ئەلیکترۆنی بەشێوەی ئەزموونی لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت بڵاو کردەوە، دواتر لە **١٩٩٧/١/١،** بەشێوەی هەمیشەیی ژمارەکانی خۆی بەشێوازیPDF بڵاوکردەوە.(٢)

پاشان ماڵپەڕی (PUK) لە رێکەوتی **١٩٩٧/١٠/١٦،** دامەزرا کە توانرا (رۆژنامەی کوردستانی نوێ) بەشێوازی (PDF) رۆژنامەی هەرێم و گۆڤاری سیخورمە ی لەسەر بڵاوبکرێتەوە، لەسەرەتای ساڵی **٢٠٠٠**، بەدواوە کۆمەڵێک ماڵپەڕە دامەزران وەک، (کوردستان نێت، کوردستان پۆست، عامودا، puk media ، ئاوێنە، کوردستان مۆنیتەر) پاشان لەگەڵ بەرەو پێشچونی ڕەوشی رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان ماڵپەڕەکانیش گەشەی زیاتریان سەند و لەو نێوەندەشدا ماڵپەڕی (خەندان) لە رێکەوتی **٢٠١٠/١/١**، لەشاری سلێمانی دامەزرا.(٣)

---

بڕوانە:

١ - بسنت عبدلمحسن عبدللطيف العبقاوی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥.

٢ .صادق حمە غەریب، رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، (چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٥)، لا٩٣.

٣ .یادگار علی محمد، رۆڵی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە دروستکردنی وێنەی (حەشد شەعبی) لای خوێندکارانی زانکۆ،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ، ٤، ٢٠١٨، زانکۆی گەرمیان.

هاوكات له وڵاتی روسیا رۆژنامەیەک بەناوی (كوردستانی نوێ) لەساڵی **١٩٩٨**، یەكەم ژمارەی خۆی له ماڵپەڕیەكی ئەلیكترۆنی كوردی بەناوی (w.w.w.aha.ru/said/index) بەسەرپەرشتی (د. مەغدید سەپان) بڵاوكردەوە، پاشان ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی (كوردستان نێت) كە رۆژنامەیەكی ئەلیكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردی بوو لەبەرواری **١٩٩٩/٨/١٣**، دامەزرا.[1] دواتر له بەرواری **١٩٩٩/٩/١٤**، ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی (كوردیو) كەوتەكار، ئەم ماڵپەڕیە رۆژنامەیەكی رۆژانەی ئۆنلاینی كوردی بوو بەبێ چاپی كاغەزی، بەرهەمەكانی بە هەرسێ زمانی (كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) بە تێكست و فۆتۆ و دەنگ و ڤیدۆ بڵاودەكردەوە.[2]

له **٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤،** لەشاری هەولێر ماڵپەڕیەكی رۆژنامەوانی بەناوی ماڵپەڕەی(پەیامنێر) دامەزرا، پاش یەک ساڵ له مێژوی دامەزراندنی ئەم ماڵپەڕە، بوو بە بناغەی دامەزراندنی یەكەمین ئاژانسی هەواڵی بە ناوی (ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچونی كوردستان) ئەم ماڵپەڕە له شاری هەولێر بەزمانی كوردی و هەردوو زاراوەی (سۆرانی و كرمانجی) هەرسێ زمانی(كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) بابەتە رۆژنامەوانییەكانی لە ماڵپەڕەكەی بڵاودەكردەوە.[3]

ماڵپەڕەی(ئاوێنە) لەگەڵ رۆژنامەی (ئاوێنە) لەسەرەتای ساڵی **٢٠٠٦**، بە زمانی (كوردی) و بە شێوەزاری (سۆرانی) كەوتۆتەكار، ئاوێنە ماڵپەڕێكی رۆژنامەوانی رەخنەگرانەی سیاسی، كۆمەڵایەتی كلتوری هەمەڕەنگە، سەربەكۆمپانیای ئاوێنەیە بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، دەیەوێت ببێت بە سەرچاوەیەكی باوەڕ پێكراوی رۆژنامەوانی ئەلیكترۆنی، خواستی ئەم ماڵپەڕیە تەنها ڕوماڵی هەواڵ و روداوەكان نیە بەڵكو دەیەوێت ببێت بە سەكۆیەک بۆ بیروڕا جیاوازەكان فەراهەم كردنی كلتوری جیاوازی و یەكتر قبوڵكردن.[4]

ماڵپەڕەی(**خەندان**) وەک بەشێک له دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن له كانوونی دووەمی **٢٠١٠،** كەوتەكار ئەم ماڵپەڕە رۆژنامەیەكی ئەلیكترۆنی كوردیە ،پێک هاتووە له

---

بڕوانە:

[1] - ئاراز رەمەان ئەحمەد، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسی- رۆڵی پێگە ئەلیكترۆنییەكان لەپێكهێنانی زانینی سیاسی لەهەرێمی كوردستام، لەبلاوكراوەكانی تۆڕی ئەكادیمیا و دیالۆگی میدیا،بەبێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ٢٠١٩، لا١٢٠.

[2] - دەربارەی ئێمە، https://www.kurdiu.org/ku/b/462681، ٥ /٢٠٢١/٦، ١:٤٠م

[3]- مەغدید سەپان، ئاژانسەكانی دەنگوباس، بڵاوكراوەی ئاراس ژامارە٥٠٥، هەولێر-٢٠٠٦، لا٩٧.

[4]- دەرباره، https://www.awene.com، ٢٠٢١/٦/٥، ٩:٤٣م.

بەشـــەکانی (کــوردی و عەرەبــی و وەرزش و لایــڤ) بەدروشــمی پیشــەیی رومــاڵی هەواڵ و بابەتەناوخۆیی و جیهانیەکان دەکات، بەرهەمەکانی بە تێکست و وێنە و ڤیدۆ بڵاودەکاتەوە.[١]

پـاش ئەو بەرەو پێشـچونانەی کە لە بـواری رۆژنـامەوانی ئەلیکترۆنـی لە هەرێمـی کوردسـتان هاتەکـایەوە، لە مەبەدوا دەزگـا رۆژنامەوانییەکـان چ نوسـراو یـاخود بینـراو تەنـانەت دەزگـا بیستراوەکان، ماڵپەڕەی خۆیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت خستەکار و لەوێـوە پەیامەکانیـان ئاراستەی وەرگرەکانیان دەکرد.

## چوارەم: چەمک و پێناسەی ماڵپەڕەکان

### أ/ چەمکی ماڵپەڕەکان

رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی وەک هەر جۆرێکی دیـکەی راگەیانـدن چەمـک و پێناسـەی تـایبەتی خــۆی هەیە، بێگومــان ئەم چەمــک و پێناســانەش لەنێــوان شــارەزایان و پســپۆرانی بــواری رۆژنامەوانی بۆچونی جیاوازی لەسەرە و بەشێوازی جیاواز ئاماژەی پێکـراوە، لەو ڕوانـگەیەوە توێژەر ئاماژەی بە گرنگترین ئەو چەمک و پێاناسانە کردووە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بوونەتە پێناسەی گشتگیر بۆ رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی.

لەڕوی چەمـکەوە چەنـدین گوزارشـتی بـۆ بەکـارهێنراوە تـوێژەر لێـرەدا ئامـاژەی گرنگتـرین و بڵاوترین ئەو گوزارشتانە کردووە کە بۆ ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی بەکارهێنراوە:

شۆڕشــی ئەلیکترۆنــی بەگرنگتــرین بــزوێنەری بڵاوکــردنەوەی ئەلیکترۆنــی دادەنرێــت، لەو ڕوانگەیەوە کاریگەری لەسەر پیشەسازی رۆژنامەوانی نوسراو بەجێهێشت و شـێوازێکی نـوێی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەرکەوت کە بەچەندین گوزارشت ئاماژەی پێکراوە وەک:

**·رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی- Electronic news paper**: هەروەها بە چەند گوزارشتێکی **دیکە** ئامـاژەی پێکـراوە وەک **(رۆژنـامەی خەیـاڵی، رۆژنـامەوانی سـەرهێڵ. رۆژنـامەوانی دەرەوەی هێڵ)**[٢]

---

بڕوانە:

[١]- دەربارەی ئێمە،https://www.xendan.org/about.aspx?jimare=1،٢٠٢١/٦/٥، ٢:١٢م.

[٢]- منال قدواح، اتجاهات صحفيين الجزائريين نحو استخدام الصحافة الالكترونيـة- دراسـه ميدانيـة، رسـالة ماجسـتير، جامعة منتوري- قستنطينية، كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، قسم علوم الاعلام الاتصال، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.

**- ڕۆژنـامەوانی ئەلیکترۆنـی-computers-assisted reporting:** پەیوەسـتە بە چەمکـی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنیەوە، بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە پرۆسەی داڕشتن و نەخشەسازی و چاپ و بڵاوکردنەودا.(١)

**- ڕۆژنامەوانی سەرهێڵ- online journalism:** کە نـاوەڕۆکی ڕۆژنـامەکەی بە گشـتی یـاخود پوختەیەکی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بڵاو دەکرێتەوە.(٢)

ڕۆژنامەوانی هاوڵاتی یاخود هاوڵاتی ڕۆژنامەنووس **-journalism Citizen:**چـونکە لێـرەدا وەرگر ڕۆڵی بکەر دەبینێت لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بە هاوکاری ئامراز تەکنیکیەکان و ئامرازە نوێکانی بواری پەیوەندیکردن.(٣)

**ب/ پێناسەی ماڵپەڕەکان**

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی بە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان لە بڵاوکردنەوەی بـابەتە ڕۆژنامەوانییەکـان**،** کەلە ئەنجـامی پشتبەسـتنی ڕۆژنـامەوانی کۆنبـاو بە تەکنەلۆژیـای زانیارییەکان و پەیوەندی کردنی هاوچەرخ دەرکەوتن، هەروەها بەمەستی باشترکردنی ماڵپەڕی ڕۆژنامەوانی کۆنباو و فەراهەم کردنی مەودایەکی زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە.(٤)

مەبەست لە ماڵپەڕەکان هەمـوو ئەو ڕۆژنامـانەن کە لەسـەر تۆڕەکـانی ئینتەرنێـت بەشـێوازی خـولی بـابەتە میـدیاییەکانی خۆیـان بـڵاو دەکەنەوە، یـاخود نـوێکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیـان بەشێوەی ڕۆژانە یاخود بەپێی توانای ئەو لایەنەی کە بەبەتەکانی تێدا بڵاودەکاتەوە.(٥)

ماڵپەڕەکـان ئامـاژەیە بـۆ شـێوازێکی نـوێی ڕۆژنـامەوانی، بە هاوبەشـی لە گەڵ ڕۆژنـامەوانی کۆنباو لە چەمک وبنەما گشتی و ئامانجەکانی، ئەوەی جیای دەکـاتەوە لە ڕۆژنـامەوانی کۆنبـاو پشتبەسـتنێتی بە ئـامرازە نوێیەکـانی ڕۆژنـامەوانی هـاوچەرخ، بەتێکهەڵکێشـکردنی هەمـوو

---

بڕوانە:

١ - فیصل ابو عیشە، الاعلام الالکتروني، دار اسامة، (عمان-اردن، ٢٠١٠)ص٩٩.

٢.عبدالرزاق محمد الدلیمی، الاعلام الجدید الصحافة الاللکترونیة، عمان (دار الوائل للنشر و التوزیع، ٢٠١١)، ص ٢١٥.

٣- محمد منصور هیبة، حسـن السـودانی، شـبکات التواصـل الاجتماعیـة و تاثیرهـا علـی جمهـور المتلقیـین، (مرکـز الکتـاب الاکادیمی- عمان)، ص٣١

٤- علی عبدالفتاح کنعان، الصحافة الالکترونیة في ضـل ثـورة التکنلوجیـة، (دار الیـازوری العلمیـة للنشـر و التوزیـع، عمـان، ٢٠١٤)،ص١٣

٥- عبدلرزاق محمد الدلیمی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٨.

ئامرازەکانی ڕۆژنامەوانی کۆنباو، بەمەبەستی گەیاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بە شێوازی جیاواز و کاریگەر، پشتبەستن بە ئینتەرنێت بە شێوازێکی سەرەکی، کە هەلێکی زۆر باش بە ڕۆژنامەوانان دەدات بۆ پێشکەشکردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی جیاواز بەڕێگای ئەلیکترۆنی پوخت.[١]

ماڵپەڕەکان شێوازێکی نوێی بڵاوکردنەوە، بە سود وەرگرتن تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی هاوچەرخ، هەروەها کۆکردنەوەی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندیکردن و ئامرازە کۆنباوەکان، بە بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت وەکو شوێنێک بۆ چاپکراو و خوێنراوکان و نمایشکردنیان لە شاشەیەکی دیاریکراودا، هاوکات سود وەرگرتن لە توانا نوێیەکانی لە وێنەگرتن و تۆمارکردن  دواتر پەرەپێدانی چەمکی ڕۆژنامەوانیەکی نوێ بە ناوی ڕۆژانامەوانی ئەلیکترۆنی.[٢]

ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکان، لە ڕێگەی کەشی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت و تۆرەکانی زانیاری و پەیوەندیکردن، بەبەکارهێنانی هونەرەکان و کارامەییەکانی ڕۆژنامەوانی چاپکراو، جگە لەوەی کارامەیی و میکانیزمەکانی گونجاون بۆ بەکارهێنانیان لە کەشی ئەلیکترۆنی وەک نێوانکارێک یان ئامرازێکی پەیوەندیکردن، لەگەڵ ئەوەشدا بە کارهێنانی دەق و دەنگ و وێنە و جیاوازی ئاستی کارلێککردن لە گەڵ وەرگر، هاوکات لێکۆڵینەوە لە زانیاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و چارەسەرکردن و شیکردنەوەیان و بڵاوکردنەوەیان بۆ جەماوەر بە شێوازێکی خێرا لە ڕێگەی کەشی ئەلیکترۆنیەوە.[٣]

پرۆفیسۆر (دیڤد یوفر) لە زانکۆی ئەمەریکا دەڵێت : ماڵپەڕە ڕۆژنامەوانییەکان دوانگەیەکن بۆ گۆڕینەوەی بۆچونەکان بە هۆی تایبەتمەندی کارلێکی و خێرایی و فراوانی لە بڵاوکردنەوەی، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت تێگەیشتنێکی تەواو لە نێوان ئەو دەستەو گەلانەدا بە دیبهێنن کە بەهەر هۆکارێک ناکۆکی لەنیوانیاندا دروست بوبێت، هاوکات ماڵپەڕەکان دەتوانن یارمەتی

بڕوانە:

١- باسم الطويسي، الاعلام الاللكترونية سياقات النشئة و التحدياد التطور، (مركز الجزيره للدراسات، بدون مطبعة، ٢٠١٠)، ص٩٠.

٢- الرقابة القانونية على اعلام الرقميي، مركز هردول دعم تعبير الرقمي، قاهرة-٢٠١٦، ل٢٨.

٣- خالد محمد غازى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٤

کەلێنی تەسکی بەردەست بدات تێگەیشتنی زیاتر بسەلمێنێ ئەگەر ڕەچاوی بەر پرسیارێتی کۆمەڵایەتی و رۆژنامەوانی بکرێت.[١]

ئامرازێکە لە ئامرازەکانی (فرەمیدیا-multimedia) تەواوی هونەرەکانی رۆژنامەوانی تێدا بڵاودەکرێتەوە لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەشێوازێکی دەوری، بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوسین، وێنەو، ڤیدۆ، هەندێک لە تایبەتمەندیەکانی کارلێکی و گەیاندنی بە خوێنەر لەرێگەی شاشەی کۆمپیوتەرەوە، دەکرێت ماڵپەڕی رۆژنامەیەکی چاپکراوبێت یاخود تەنها ماڵپەڕیەکی رۆژانامەوانی ئەلیکترۆنی سەربەخۆبێت و پەیوەست نەبێت بە چاپی ئەلیکترۆنیەوە.[٢]

ماڵپەڕەکان واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەم جۆرەی رۆژنامەوانی زۆر خێراتر لە جۆرەکانی دیکە و بەسود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، بە جۆرێک رۆژنامەوانی کۆنباوی ناچار کردووە ماڵپەڕی خۆیان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دابمەزرێنن، بەشێوەیەک داهاتوی رۆژنامەوانی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.[٣]

**لەبەر رۆشانیی ئەو چەمک و پێناسانەی کە توێژەر ئامازەی پێداون دەکرێت بڵێین :**

ماڵپەڕەکان جۆرێکی سەربەخۆی رۆژنامەوانیە لە ئەنجامی دەرکەوتن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت هاتۆتەبوون، کۆی هونەرەکانی رۆژنامەوانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەمەبەستی گەیاندنی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بە خوێنەر لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و شاشەی ئامێرە زیرەکەکانەوە، پاشان گواستنەوەی تەواوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کۆکردنەوەیان لە دەستی خوێنەر.

لەروانگەی ئەو پێناسانەی کە توێژەر پەیوەست بە رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی خستیە بەرچاو، دەکرێت ئاماژە بە گرنگترین ئەو لێکچونانە بکەین کە لەپێناسەکانی تایبەت بە رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی ئاماژەیان پێکراوە کە بریتین لە:

---

بڕوانە:

[١]- سی موسی عبدللة، الصحافة الالكترونية دراسه في التصميم المواقع والتفاعلية، **السـاورن للدراسات الانسانية الاجتماعية**، العدد الاول:ديسمبر٢٠١٥.

[٢]- رضا عبدلواحد امين، الصحافة الالكترونية، (دار الفجر للنشر و التوزيع، قاهرة،٢٠٠٧)، ص٩٥.

[٣]- ساقی بارزانی، جۆرنالیزم دەروازەیەک بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانەو ئەکادیمی، (چاپخانەی ئاراس- هەولێر،٢٠١٠)، ل٦٤.

١- ماڵپەڕەکان جۆرێکی نوێی رۆژنامەوانیە، لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، دەکرێت وێنەی رۆژنامەیەکی چاپکراوبێت، یاخود تەنیا لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەبەتەکانی بڵاو بکاتەوە.

٢- دەتوانرێت بەردەوم لەگەڵ روداوە هەنوکەییەکان هەڵبکات و بە خێراترین شێواز ئاراستەی وەرگرەکانی بکات.

٣- کۆی هونەرەکانی رۆژنامەوانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەمەش کارلێکی زیاتر دەکات لەگەڵ وەرگرەکانی.

٤- توانای پاشەکەوت کردنی بابەتەکانی هەیە، خوێنەر لە هەرکاتێکدا بێت دەتوانێت بە ئاسانی ئەو بابەتانەی دەست بکەوێت کە بەدوایدا دەگەڕێت.

٥- خیراترین ئامرازە لە بڵاو کردنەوەی هەواڵ وروداوەکان.

٦- ئەم جۆرەی رۆژنامەوانی بەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکانە، بوەتە پێویستیەکی هەنوکەیی و دەزگا رۆژنامەوانییەکانی ناچار بە بەکارهێنانی کردووە.

٨- ماڵپەڕەکان بوەتە هۆی سەرهەڵدانی ئامرازێکی نوێی رۆژنامەوانی کاریگەر، پێکهێنانی دۆخێکی نوێی رۆژنامەوانی لە وردی و چرکردنەوەی پەیامە رۆژنامەوانیاکان لە نێو خۆیدا، پشتبەستن بە تەکنیەکەکانی بیستن و بینین و ڤیدۆ.

## پێنجەم: جۆرەکانی ماڵپەڕەکان

لەگەڵ سەرەتاکانی دەرکەوتنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، جیهان دیاردەیەکی نوێی لە دامەزراندنی ماڵپەڕەکان بە خۆوە بینی، ئامرازەکانی راگەیاندن بە هەموو شێوازا و جۆرەکانیەوە لە کەناڵەکان و رۆژنامە و گۆڤارەکان ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت خستەکار. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەران و پسپۆرانی بواری رۆژنامەوانی یەک دەنگ نین لە دیاریکردنی پۆلێنێک بۆ ماڵپەڕەکان، ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ماڵپەڕەکان بەچەندین شێواز پۆلێن بکرێت، هەندێک لەتوێژەران ماڵپەڕەکانیان لەسەر بنەمای پیشەیی و هونەری دابەش کردووە، هەندێکی دیکەیان لە سەر بنەمای ناوەرۆکی ماڵپەڕەکان، بەشێکی دیکەیان لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزاری و بابەتە رۆژنامەوانیانە دابەشیان کردووە کە ئاراستەی جەماوەری دەکەن، لەو ڕوانگەیەوە ئاماژە بە باوترین ئەو پۆلێنکاریانە دەدەین کە بۆ ماڵپەڕەکان کراوە.

### ١/ ماڵپەڕی رۆژنامەی کاغەزی

ئەم جۆرەیــان هەنــدێجار هەڵگــری هەمــان نــاوی چــاپکراوەکەیەتی، هەمــان بــابەتە رۆژنامەوانییەکانی چاپکراوەکەی پێشکەش دەکات، هەوکات خستنە روی هەندێک بابەتی رۆژنامەوانی کە لەتواناى چاکراوەکەیدا نیە.[١]

بێگومان ئەم جۆرە لە ماڵپەڕەکان بەچەند تایبەتمەندیەک جیادەکرێنەوە وەکو:

• پێشکەشکردنی هەمان بابەتی رۆژنامەوانی کە چاپکراوەکەی پێشکەشی دەکات، لە وێنە و هەواڵ و راپۆرتەکان ... .

• پێشکەشــکردنی ئەو خزمەتگوزاریــانەی کە چاپکراوەکــان نــاتوانن پێشکەشــی بــکەن وەک خزمەتگوزاری وەڵامدانەوەی خێرا، ئەرشیف، گرێدانی زانیارییەکان بە ماڵپەڕی دیکەوە.

•پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (فرەمیدیا-multimedia).[٢]

### ٢/ ماڵپەڕی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی هاوبەش.

ماڵپەڕەکانی دەزگا رۆژنامەوانییەکان (خوێنراو، بینراو، بیستراو) ئەم پێگانە بەشێکن لە رۆژنامەکان یاخود تەلەفزیۆن و رادیۆکان، ماڵپەڕەکانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت تەواو کەری دەزگاکەی خۆیانن، هەندێک جار زانیارییەکانی بە شێوازی قوڵتر و خێراتر یاخود زانیاری جیاوازتر لە دەزگا بنەڕەتیەکەی بڵاو دەکاتەوە، زۆر جار بەتەواوی ڕەنگدانەوەی دەزگا بنەڕەتیەکەی خۆیەتی.[٣]

دکتـۆر( محمـد منصـورهیبة) لەکتێبـی(شـبکات التواصـل الاجتمـاعي وتاثيرهـا علـى جمهـور المتلقين) چەند تایبەتمەندیەکی ئەم جۆرەی ماڵپەڕەکانی دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:[٤]

---

بڕوانە:

[١]- مەم بورهان قانع، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، (خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی-٢٠١٢)، لا ٥٥.

[٢]- نجلا محمد جابر، دراسة التحليلية في الاعلام الجماهيري، (دار المعتز للنشر والتوزيع، الاردن -عمان- ٢٠١٥)، ص٣٨٧.

[٣]- هاوژین عمر، تەکنیکی نوسینی میدیایی، (چاپخانەی موکریان-هەولێر، ٢٠١٣)، لا٢٠٢.

[٤].محمد منصور هيبة، شبكات التواصل الاجتماعي وتاثيرها على جمهور المتلقيين، (مركز الكتاب الاكاديمى، عمان ٢٠١٦)،ص ٥٧.

**یەکەم**/ باوکردنی ئەو دامەزراوە رۆژنامەوانیەی کە گوزارشتی لێدەکات لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، هاوکات پشتیوانی رۆڵی رۆژنامەوانی دەزگاکەی دەکات، جا ئەو دەزگایە نوسراوبێت یان بینراو یاخود بیستراو .

**دووەم/** پاڵپشتیکردن و بەرهەم هێنانەوە و تەواوکردنی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە دەزگا بنەڕەتیەکە پێشکەشی دەکات.

**سێهەم**/لە مەودایەکی تەسکدا نەبێت کار لەسەر بابەتێک ناکات ئەگەر دەزگا بنەڕەتیەکەی بەرهەمی نەهێنابێت یاخود کاری لەسەر نەکردبێت.

### ٣/ ماڵپەڕی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی پوخت(on-line newspaper)

بریتین لەو ماڵپەڕە رۆژنامەوانیانەی کە کۆپی ئامرازەکانی دیکەی رۆژنامەوانی (خوێنراو، بینراو، بیستراو) نین، وەکو جۆرێکی نوێی رۆژنامەوانی خۆیان نمایش دەکەن، بابەتی رۆژنامەوانی هەمەجۆر لە خۆدەگرن وەک ( سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی..) سود لە پێشکەوتوو ترین تەکنەلۆژیای زانیارییەکان وەردەگرن، رۆژانە و بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکانیاندا دێت.[١]

ئەم جۆرەیان خوێنەر دەتوانێت لە هەرکاتێکدابێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستی بەزانیارییەکانی بگات، چەند تایبەتمەندیەکیان هەیە وەکو کارلێککردن و نوێکردنەوەی بەردەوامی ناوەڕۆکەکەی، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین ئەم جۆرەیان لە هەموو جۆرەکانی دیکە لە چەمکی رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنیەوە نزیکە.[٢]

---

بڕوانە:

١- محمد عەبدوڵا کەلاری، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٤.

٢- عبدالخالق ئیبراهیم، میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، (چاپخانەی موکریانی، هەولێر-٢٠١٤) ،لا ١٤١-١٤٢.

**له ڕوانگەیەکی دیکەوە توێژەر (بیرق حسین موسی) ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی لە ڕوی گەشەی تەکنیکیەوە پۆلێن دەکات بەسەر چوار قۆناغدا.**[1]

**قۆناغی یەکەم**/ لەم قۆناغەدا هەندێک لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە چاپکراوەکە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای( **GIF**)کە بریتی بوو لە گواستنەوەی وێنەی ڕواڵەتی بەشێک لە ڕۆژنامە چاپکراوەکە بۆسەر ماڵپەڕەکەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

**قۆناغی دووەم**/ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای **(PDF)** کە بریتی بوو لە وێنەی تەواوەتی پەڕەی ڕۆژنامەکان بە نوسین و ێنەکانیان، بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامە نوسراوەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، هاوشێوەی تەواوەتی چاپکراوەکە.

**قۆناغی سێیەم/** ئەم قۆناغە بریتی بوو لە رزگارکردنی ڕۆژنامەی چاپکراو کە ڕووبەڕوی لە ناچون بو بۆوە، ئەویش بە زیادکردنی ناوەرۆکی ڕۆژنامە نوسراوەکان لەسەر ماڵپەڕەکانی خۆیان.

**قۆناغی چوارەم/** ئەم قۆناغە بریتی بوو لە قۆناغی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فرەمیدیا، کە بوەتە تایبەتمەندیەکی بواری ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی، لەگەڵ ئەو گۆڕانە تەکنەلۆژیەی کە لەبواری بەکارهێنانی دەقدا هاتە کایەوە، کە بووە هۆکارێک ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی سەربەخۆ و بەدەر لە ڕۆژنامەوانی چاپکراو بێتە کایەوە.

**شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ماڵپەڕەکان**

لە بەر ڕۆشانیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی ئینتەرنێت، ماڵپەڕەکان گۆڕانێکی جۆریی لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان هێنایە ئاراوە، ئەمەش بە هۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە لە توانای ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن نەبوو، هاوکات بووە خاڵی جیاکەرەوی نێوان ئەم شێوازەی ڕۆژنامەوانی و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن. کەوابوو ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەی خۆی هەیە کە لێرەدا توێژەر ئاماژەی بەگرنگترین ئەو جیاکەرەوانە داوە :

---

بروانە:

[1]- بیرق حسین موسی، فن اخراج الصحفي لمواقع الجرائد الالكترونية، (دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٤)، ص ١٣٠.

**خێرایـــی لە گواســـتنەوەی زانیارییەکـــان/** ماڵپەڕەکـــان توانـــای گواســـتنەوەی هەنـــوکەیی زانیارییەکانی هەیە، هەروەها چاودێری روداوەکان دەکات و زانیارییەکان دادەڕێژێتەوە لە هەر گۆڕانکاریەک و پێشهاتێک لە روداوەکان لە هەرکاتێکدابێت، بەبێ چـاوەڕوانی کردنـی بـۆ رۆژی دوایـی وەک لە رۆژنـامەوانی نوسـراودا دەکرێـت.[١] هەروەهـا بەبەردەوامـی و بەخێرایـی لە پەرەسەندندایە و بووەتە دیاردەیەکی جیهانی پێویسـت، هەروەهـا بـوەتە ئـامرازێکی گرنـگ لە جیهـانی سـەرمایەداری ئەمەش بەهـۆی بەخششـی ئینتەرنێـت و بەکارهێنـانی بەشـێوازێکی بەرفراوان[٢]

**قـوڵایی زانـین/** واتە قـوڵی و گشـتگیری ئەو زانیاریـانەی کە ماڵپەڕەکـان پێشکەشـی دەکـات، ئەمەش پەیوەستە بە فراوانـی رووبەری ماڵپەڕەکـان، هەروەهـا پێشکەشـکردنی زانیارییەکـانی پشتەوەی روداوەکان زیادکردنی زانیارییەکـان لە کـاتی پێویسـت، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانرێـت خوێنەر لەکاتی گونجاوی خۆی بگەڕێتەوە سەربابەتەکانی رابردوو، چونکە دەبێت بەناوەندێکی زانیاری بۆ خوێنەرانی.[٣]

**ئاوێتەبون - کارلێکی/** ئاوێتەبوون تایبەتمەندی سەرەکی ماڵپەڕەکانە کەجەمـاوەر بـۆلای خـۆی پەلکێش دەکات، لێرەدا خوێنەر دەبێت بە کەسێکی بەشـدار و چـالاک لە مـاڵپەڕەکە نەک ئەوەی تەنیـا خـوێنەر یـاخود بێنەرێکـی ئاسـایی بێـت وەک لە رۆژنـامەوانی کۆنبـاودا هەیە.[٤] واتە پەیوەندیکردن لە ماڵپەڕەکان یەکلایەنە نیە و دولایەنەیە وەرگر لێرەدا وەرگرێکی ئاسـایی نـیە بەڵکو دەتوانێت رۆڵی نێرەریش ببینێت و پەیوەندیەکە پێچەوانە بکـاتەوە.[٥] هاوکـات خێرایـی وەڵامـدانەوە و ئاسـانی گفتووگـۆ لەسـەر روداو و دۆزەکـان وا لە جەمـاوەر دەکـات ببێـت بە

---

بڕوانە:

[١]- مروى عصام صلاح، الاعلام الالكتروني الاساس وافاق المستقبل، (دار الاعصار للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٣)،ص١٦٦.

[٢]- عباس مصطفى صادق، الاعلام الجديد المفاهيم والوسائل والتطبيقات، (دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان ، بـدون سـنة النشر)، ص١١٧.

[٣]- رضا عبدلواحد امين، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٦

[٤]- محمد خليـل الرفـاعي، تحريـر الصـحافة الالكترونيـة مـن منشـورات الجامعـة الافتراضـية السـورية، (جمهوريـة العربيـة السورية-٢٠٢٠)، ص١٣٢.

[٥]- الرقابة القانونية على الاعلام الرقمى، (مركز هردول لدعم التعبير الرقمي، قاهرة-٢١٦)، ص٨.

هاوبەشی سەرەکی لە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان و لەگەڵ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاوێتەبێت، لەرێگەی نوسینی دەق و دەنگ و وێنە و ڤیدۆکان .[١]

**کاردانەوە-feedback**/ تەکنیکی ماڵپەڕەکان پێشکەوتنی بەرچاوی بەسەر ناوڕۆکی رۆژنامەوانیدا هێنا، (کاردانەوە-feedback) یەکێک بوو لەو گۆڕانکاریانەی کە لەبواری رۆژانامەوانیدا هاتەکایەوە کە لە توانای رۆژنامەوانی کۆنباودا نەبوو، کە بووە هۆی ئاوێتەبوونی خوێنەران و ماڵپەڕەکان، کە پێشتر بەدرێژایی تەمەنی رۆژنامەوانی کۆنباو پەیوەندیەکی پەراوێزی لەنێوان وەرگر و ئامرازەکاندا بوونی هەبوو.[٢]

**جیهانیبوون**/ ماڵپەڕەکان توانای بڕینی سنوورەکانی نێوان وڵاتان و کیشوەرەکانی هەیە بەبێ هیچ چاودێری و ڕێگریەک، دەستبەجێ و بەهەرزان، ئەمەش لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە رۆژنامە کاغەزیەکان ئەگەر توانای دابینکردنی پێداویستیە تەکنیکیەکانیان هەبێت دەتوانن لە ڕێگەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیەوە کێبڕکێی رۆژنامە جیهانیەکان بکەن سنورەکان تێپەڕێنن و ناوەڕۆکێکی جۆرێتی باشتر پێشکەش بکەن.[٣]

**ئەرشیف و هەڵگرتن**/ ماڵپەڕەکان دەرفەتی ئەرشیف و دەستخستنی زانیارییەکان بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنێت، بەکارهێنەران دەتوانن لە هەرکاتێکدابێت بە دوای ئەو زانیاریانەدا بگەڕێن کە پێشتر تێدا بڵاو کراوەتەوە، تەنها بە نوسینی ناونیشانی بابەتی مەبەست و لەکەمترین ماوەدا ئەو زانیاریانەی کە خۆی مەبەستێتی بەدەستی دەهێنێت، ئەمەش هانی هەندێک لە توێژەرانی دا لە بەر رۆشنایی شۆرشی تەکنەلۆژیا و رۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی گوزارشتێکی نوێ بۆ ئەم شێوازەی رۆژنامەوانی دابنێن بەناوی رۆژنامەوانی لێکدانەوە **(الصحافة التفسيرية)** بەواتای هەبوونی توانایەکی بەرز لە دابینکردنی سەرچاوە زانیاری پێویست.[٤]

---

[١]- محمد نعمان عبدالسميع، العمل الصحفي نشآته انواعه تطوره، (دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، قطر- ٢٠١٤)،ص١١٩.

بڕوانە:

[٢]- على كنعان، الاعلام التفاعلي، (دار المجد للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٤)، ص١١١.

[٣]- ماهر عودة الشاملية، محمود عزت الحمام، مصطفى يوسف كافي، الاعلام الرقمي الجديد، (دار الاعصار العلمى للنشر والتوزيع، الاردن- ٢٠١٥)، ص١٨٩.

[٤]- نجلا محمد جابر، سەرچاوی پێشوو، ل٣٩٣.

**كـۆ ئـامراز-فـرە ئـامراز** / كـۆ ئـامراز يـاخود فـرە ئـامراز يەكـێكە لە تەيبەتمەنـدیە دیارەكـانی ماڵپەڕەكان، بێگومان بەكارهێنانی ئەم تایبەتمەندیەش یەكێكیترە لە بەخششـەكانی ئینتەرنێـت و بـوەتە تایبەتمەنـدیەكی گرنگـی ماڵپەڕەكـان، چـونكە هۆكـارێكە بـۆ دابینكردنـی نـاوەڕۆكێكی جیـاواز و كـاریگەر كە لەگەڵ پێداویسـتی و بەرژەوەنـدیەكانی بەكـارهینەرانی ئینتەرنێتـدا دەگونجێت، [1] هەروەها بەكارهێنانی پێكهاتەكانی فرە ئامراز گرنگی تایبەتی هەیە كەپەیوەستە بەرۆڵـی ئـامرازە بینراوەكـان لە ئاسـانكردن و پێشكەشـكردنی خزمەتگـوزاری جیـاواز بەپێـی خواستی بەكارهێنەر، چونكە وێنە و ڕەنگەكان بەشداری دەكەن لە كەمكردنەوەی ئەو هەوڵانەی كە خوێنەر دەبێت بیداتێ بۆ وەرگرتنی پەیامەكان.[2]

**بەشداریكردن/** هەندێك لە ماڵپەڕەكان دەرفەتی بەشـداریكردن بە خوێنەرانیـان دەدەن تـاوەكو بەشدار بن لە داڕشتنی نـاوەرۆكی ماڵپەڕەكانیـان، ئەوەش بە نـاردنی ڕاپـۆرت و وێـنە و گـرتەی ڤیدۆیی و ئەو بابەتانەی كە شیاوی بڵاو كردنەوەن و لە گەڵ ئامانجی ماڵپەڕەكە یەكدەگرێتەوە، هەر بۆیە زۆرێك لە ماڵپەڕەكان بەش و لینكی تایبەتیان بۆ بابەتی خوێنەرانیان تەخانكردووە.[3]

---

بڕوانە:

[1]- رضا عبدالواحد امين، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٠.

[2]- ماجد تربان، الاعلام الالكتروني الفلسطيني، (مكتبة الجزيرة للنشر، غزة-٢٠٠٨)،ص٨٦.

[3]- عبدلخالق ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤١.

# پاژی دووەم

## یەکەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی  لە ماڵپەڕەکان دا.

## دووەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان دا.

**یەکەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لەماڵپەڕەکان دا**

سـەدەی بیسـت و یەک بە سـەدەی ئینتەرنێـت ناودەبرێـت، ئەمەش بـووە هۆکارێـک کە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕبێت، دوای ئەوەی رۆژنامەوانان بە شێوازی کەسی هەوڵی ئاشکراکردنی گەندەڵی و نهێنیە شاراوەکانیان دەدا، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی رۆژنامەوانانی بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەیارمەتی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و بە هاوکاری لە گەڵ تۆڕە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا کاردەکەن، ئەمەش بووەتە هۆکارێک لە پێشکەوتنی ئەنجامدانی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و پیشاندانی ڕویەکی نوێی کاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.[١]

بۆیە دەکرێت بڵێین سەردەمی ژمارەیی یاخود تەکنەلۆژیا وەرچەرخانێکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵ، ئەم وەرچەرخانەش کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کلتوری، چونکە کاریگەریەکانی بووەتە هۆی دارشتنەوەی توانا فیکریەکانی مرۆڤایەتی، لەجیهانێکدا کە بووەتە گوندێکی بچوک مرۆڤەکان دەتوانن لەگەڵ رودانی کێشە و رووداوەکان ئاشنایان بن، لەو ڕوانگەیەوە تەکنەلۆژیا بووە هۆکارێک سیستەمە دەسەڵاتدارەکان نەتوانن زانیارییەکان بشارنەوە لەجەماوەر یاخود نکۆڵی لێبکەن.[٢]

کەواتە پاش ئەو گۆڕانەی کە تەکنەلۆژیا بەسەر راگەیاندندا هێنای راگەیاندنی بنکۆڵکارییش بەدەر نەبوو لەو گۆڕانکاریانە، ماڵپەڕەکان بوونە هۆکارێک لە سازاندنی شێوازێکی نموونەیی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و سازکردنی داتاکان و بەڵگەنامە بەکارهاتووەکان، هەروەها ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە زانیاری و سەرچاوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بوونە هۆی هاتنە ئارای شێوازێکی نوێ لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بە بەکارهێنانی **داتاکان** و **ڤیدۆ** و **وێنە** و **نەخشەی رووداوەکان** و تاوەکو بڵاوکردنەوەی لینکی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.[٣]

---

بڕوانە:

[١]- عیسى حسن، الصحافة الاستقصائية مهنة متاعب و الاخطار، (دار زهران للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٢)، ص٧٩.

[2]. Oliver Hahn and Florian Stalph Digital Investigative Journalism: Data, Visual Analytics and Innovative Methodologies in International Reporting, ,Springer International Publishing,Palgrave Macmillan, passau, Germany, 2018, p,21-22.

[٣]- العمل الاستقصائي في عصر التحول الرقمي، مي خلف، https://www.noonpost.com/content/30026، ٢٠٢١/٧/٢٦، ٥:٤٣م

هەرچەنـدە لەسـەرەتادا ئەو گۆڕانکاریـانەی بەسـەر راگەیانـدنی بنکۆڵکارییـدا هـات بە هـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـاوە نەبـووە هۆکارێـک بـۆ زیـادبوونی قەبـارە و نـاوەڕۆکی راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە سەر تۆڕی ئینتەرێـت، بەڵام دەرفەتێکـی نمـوونەیی بوو بۆ خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بەشێوەیەکی فراوانتر و گەیاندنی بە زۆرترین وەرگر، واتە توانـای پێشکەشـکردنی زانیارییەکـان بەشـێوەیەکی فراوانتـر. چـونکە ماڵپەڕەکـان و تەکنەلۆژیـای هـاوچەرخ بەگشـتی بـووە هۆکارێـک لەبەردەم خـوێنەران تـاوەکو ئاسانتر دەستیان بە **بەڵگەنامە** و **وێنە** و **ڤیـدۆ** و **دەنـگە تۆمارکراوەکـان** بگـات، ئەمەش وای لە خوێنەر کرد زیاتر لەگەڵ راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کارلێک بکات.(١)

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت ئاماژە بەو سودانە بدەین کە ماڵپەڕەکان لە ژیانی کۆمەڵ بەگشتی و راگەیانـدن بەتـایبەت هێنـایە کـایەوە، چـونکە بەکارهێنـانی تەکنەلۆژیـا بـووە هۆکارێـک بـۆ کارئاسـانیکردن لەئامـادەکردنی راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی، ئەم کـار ئاسـانیەش لە چەنـد ڕویەکەوە دەرکەوت:(٢)

١-بڵاوکـردنەوەی راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکـان لە ماڵپەڕەکـان کە خـوێنەر هەوڵـی بەدەسـتهێنانی دەدات و ناتوانێت بەشێوازە کۆنباوەکان دەستی بکەوێت.

٢- یارمەتیدەرە لە دروستکردن یاخود پێشخستنی کلتوری چاودێری، ئەم ڕەهەندەی تەکنەلۆژیا و ماڵپەڕەکان یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی بنکەیەکی زانیاری گرنگ و هەمەجـۆر سـەرباری قـوڵی و وردەکاری چیرۆکەکان کەسەرنجی خوێنەر رادەکێشێ.

**(د. محمـد ابـو حشـیش)** مامۆسـتای راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی لە زانکـۆی غەزەی فەلەسـتین کەڵکی تەکنەلۆژیا لە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەم شێوازە دەستنیشان دەکات کە بریتین لە:(٣)

**-ئاسانکاری و ئازادی دەستگەیشتن بەسەرچاوە فەرمی و نافەرمیەکـان:** ماڵپەڕەکـان بـوون بە هۆکارێـــک بـــۆ گەشەســـەندنی شـــێوازەکانی دەستگەیشـــتن بە زانیارییەکـــان لە لایەن

---

بڕوانە:

١- عیسی عبدالباقي، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩.

٢- بشری حسین الحمداني، التغطیة الصحفیة الاستیقصائیة تحقیقات عـابرة للحـدود، (دار اسـامة للنشـر والتوزیـع، عمـان-الاردن، ٢٠١٢)، ص٣١.

٣- عربي المصري، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٨.

ڕۆژنامەوانانەوە بەتایبەت ڕۆژنامەوانە بنکۆڵکارەکان و بەشداریپێکردنی هاوڵاتیان لە چەندین ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی.

**•دوبارە بڵاوکردنەوی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان:** دەرفەتێ لەبارە بۆ چەندبارە بڵاوکردنەوی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**•کاردانەوە:** لەم ڕێگەیەوە جەماوەر دەتوانێت بۆچونی خۆی بگەیەنێت سەبارەت بەو ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییانەی بەدەستیان دەگات.

**•توانای دەستگەیشتن بە بەڵگە و سەلمێنراوەکان:** دەرفەتێکی لەبارە بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامە و ئامارەکانی پەیوەست بەو بیرۆکەیەی کە ڕۆژنامەوانەکە کاری لەسەر دەکات.

کاری هاوبەش لە نێوان ڕۆژنامەوانان و سەرنوسەران و خوێنەران لێکەوتەیەکی دیکەی ماڵپەڕەکانە سەبارەت بە کاری ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی بەتایبەتی، کەپێشتر ئەم کارلێک و هاوکاریە لەنێوانیاندا نەبووە، سەرباری ئەوەی ئینتەرنێت بووە هۆکارێک بۆ بەشداریپێکردنی وێنە و ڤیدۆ و دەنگ و بەڵگەنامەکان و لە ماڵپەڕی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و پیشاندانیان لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، ئەمەش وایکرد بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت لەهەر شێوازێکی دیکە کاریگەرتر بێت کە پێشتر کاری لەسەر کراوە.[1]

کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئێستادا بەشێوەیەکی فراوان کاردەکات لە بواری ئاشکراکردنی گەندەڵی و نمایشکردنی وێنەیەکی بنکۆڵکاریی گشتگیر لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ کە پێشتر لەتوانای ئامرازە کۆنباوەکاندا نەبووە، ئەم گەشە سەندنەش دەگەڕێتەوە بۆ خستنەکاری **ماڵپەڕەکان** لە دابەشکردنی زانیاری و داتاکان کە ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی بەدەستی دەهێنن.[2]

یەکێک لە دیارترین ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بەشداریکردنی ماڵپەڕی سەنتەری نێودەوڵەتی ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی بوو لەگەڵ بیست و دوو بنکۆڵکاریی ڕۆژنامەوانی لە چواردە وڵاتی جیاواز بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاریی لەسەر (بازرگانی توتن لە جیهان) ئەم

---

بڕوانە:

[1]- عیسی محمود حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧،١٨.

[2]. Hugo de Brugh and Paul Lashmar, investigative journalism, third Edition, published by Routledge, New York, 2021, P,233,234

گـروپە لە رۆژنامەوانــان لەکـاتی کارکردنیــان پشـتیان بەسـت بە ماڵپەرێـک بـۆ کـارکردن و گفتوگۆکردن، لەو ڕێگەیەوە ڤیدۆ و وێنە و بەڵگەنامەکانیـان ئـاڵوگۆڕ دەکـرد، توانیـان بازرگـانی نایاسایی تـوتن بە ملیـارات دۆلار ئاشـکرا بـکەن کە بەکـار دەهێنـرا لە تـاوان و پاڵپشـتی کردنـی گروپە تیرۆریستیەکان.[١]

هەروەها توێژینەوەی (Jon marshall-2010) بە ناونیشانی ( گۆڕینی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بـۆ سـەردەمی ژمـارەیی) بـۆ دەستنیشـان کردنـی ئەو گۆرانکاریـانەی کە ئینتەرنێـت هێنـاویێتی بەسەر پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکان لەئاستی جیهاندا، لەمـاوەی سـاڵانی (**١٩٩٠-٢٠٠٩**) گەیشت بەو دەرئەنجامەی کە دەرکەوتنی ئینتەرنێت و جیهـانی تەکنەلۆژیـا بـوە هـۆی دووبـارە شـێوەکردنەوەی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی، لەگەڵ ئەوەشـدا دەرفەتـی بەشـداری و هەمـاهەنگی نێوان نوسەران و خوێنەرانی رەخساند کە لە پێشتر دەرفەتی ئەم هەماهەنگیە لە ئارادا نەبووە. لەگەڵ ئەو گەشەسـەندنەی کە راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی بەخـۆوەبینی لەسـەردەمی تەکنەلۆژیـا، چەندین بەرنامە و خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی پەیدابوون بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ماڵپەڕەکان و پاشان بەکارهێنانیان لە ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، نموونەی ئەو خزمەتگوزاریـانەش بریتین لە:[٢]

**١. ماڵپەڕەکان**: لەرێگەی ئەم ماڵپەڕانەوە دەتوانی زانیاری دەربارەی کەسایەتی و رێکخراوەکـان بەدەست بهێنیت، کاتێک پێشتر ئەم زانیاریانە وەکو (**ناو، نانیشان، ئیمیـل، ژمـارەی تەلەفـوون**) تۆمــار کرابێــت، ئەمەش ســودی دەبێــت لەو هەوڵ و کۆشاشــانەی کە لە کــۆکردنەوەی زانیارییەکاندا دەدرێت.

**٢.خزمەتگــوزاری گەڕان :** بــریتیە لەگەڕانــی تەواوەتــی بــۆ ئەو زانیاریــانەی کەبەدوایــدا دەگەڕێین،پەیوەستن بەو راپۆرتانەی کە کاری لەسەر دەکرێت.

٣.**خزمەتگـوزاری Google insights**: هەمـوو ئەو خزمەتگـوزاری و بەرنامـانە دەگـرێتەوە کە رۆژنامەوان پەنـای بـۆ دەبـات، دەبێـتە هـۆی کارئاسـانی بـۆ رۆژنـامەوان لە کـاتی ئامـادەکردنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، وەک بەرنامەکانی (Arc map-بۆ شیکردنەوە جوگرافیەکـان و ) (text

بڕوانە:

[١]- هالة حمدي غرابة، التغطية الاستقصائية لقضايا الواقع المعاصر، (دار العربي للنشر والتوزيع، قاهرة، ٢٠١٩)، ص ٢١.

[٢]- هالة حمدي غرابة، هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

wrangler - بۆ پشکنینی داتاکان و گونجانی دەق و نەخشەسازیەکان) (Spss -بۆ شیکردنەوەی زانیاریە ئاماریەکان).

**٥.ماڵپەڕی تایبەت بە وێنە و ڤیدۆکان:** هەندێکجار رۆژنامەوان گرنگی بە هەواڵێکی تایبەت دەدات لەماڵپەڕەکان نەک کۆی بابەتەکانی، کەواتە ئەم ئامرازە گۆشەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات دەربارەی چۆنیەتی خوێندنەوەی خوێنەر بۆ ناوەرۆکی ماڵپەڕەکان.

لە روانگەی ئەو پێدراوانەی پەیوەست بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە پانتایی ماڵپەڕە هەواڵییەکان و درکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان باسکران، دەکرێت ئاماژە بە لێکەوتەکانی یاخود سودەکانی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەگشتی ماڵپەڕەکان بەتایبەتی بکەین کە رەنگدانەوەیان هەبووە لەئاسانکاری و گەشەسەندنی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان:.

• ئاسانکاری بۆ گەیشتن بەو زانیاریانەی کە رۆژنامەوان بنکۆڵکار هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

•ئاسانکاری بۆ رۆژنامەوانانی بواری بنکۆڵکاریی پەیوەست بە بەدەستهێنانی سەرچاوەی پێوسیت بۆ ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکان.

•ئاسانکاری بۆ دەست را گەیشتن بەو جەماوەرەی کە پەیوەستن بە ناوەرۆکی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

•ئاسانی بڵاو کردنەوەی ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکان و گەیشتنیان بە جەماوەرێکی فراوانتر، پاشان کارلێک کردنیان لە گەڵ ڕاپۆرتەکان.

•بەکارهێنانی تەکنیەکانی تەکنەلۆژیا لە دەوڵەمەند کردنی شێوە و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

•گەرانەوە یاخود بینینی کاردانەوەی جەماوەر بۆ ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**دووەم/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لەماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا**

بەمەبەستی تێگەیشتن و رونکردنەوە و وێناکردنی دۆخی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان لە پانتایی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کورستاندا، توێژەر بە ئامرازی چاوپێکەوتن لە رێگەی چەند پرسێکەوە سەرنج و بۆچوونی کۆمەڵێک لە سەرنووسەرانی چەند ماڵپەڕێکی هەواڵی وەرگرتوە کە کار لەسەر راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان دەکەن، هاوکات بەمەبەستی زیاتر رونکردنەوەی ئەو دۆخە لە رەهەندی زانستیەوە توێژەر سەرنج و بۆچوونی یەکێک لە پسپۆڕانی بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی وەرگرتوە، بۆ ئەوەی لە هەردو رەهەندی **تیۆری** و **کردەنیەوە** بە شێوازێکی بابەتیانە دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ژینگەی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان بخرێتە بەرچاو:

**پرسی یەکەم/ رەچاوکردنی بنەما زانستییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی**

تایبەت بەم پرسە بەرتوێژەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیان وایە تاڕادەیەکی بەرچاو راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانیان بەرێبازی زانستی بنکۆڵکاریی ئامادەکردووە و رەچاوی بنەما زانستیەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی کراوە بەشێوەیەکی رێژەیی، هەروەکو (محمد رووف- سەرنوسەری ماڵپەڕی درەو) دەڵێت" ناتوانین بڵێین لە هەموو راپۆرتەکان تەواوی رێبازە زانستیەکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام تا ئاستێك هەوڵمانداوە پەیوەست بین بە بنەما زانستیەکانی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانەوە"[1] بەڵام (هێمن باقر- سەرنووسەری ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین) بۆچونی جیاوازی هەیە و لەوەڵامی ئەم پرسەدا دەڵێت "بەڵێ هەوڵمانداوە بە پێی رێبازی زانستی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان ئامادە بکەین، هەموو بنەماکانی راپۆرتێکی بنکۆڵکارییمان لە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانمان پەیڕەو کردووە"[2] لەگەڵ ئەوەشدا سەرنووسەری ماڵپەڕی (بوارنیوز- ئیبراهیم عەلی) هەمان بۆچوونی هەیە و لە وەڵامی ئەم پرسەدا دەڵێت" هەوڵمانداوە بەپێی رێبازە زانستیەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راپۆرتەکانمان ئامادە بکەین، هەموو ئەو بنەما و رێکارانە پەیڕەو بکەین کە لە

---

[1]- محمد رووف، سەرنووسەری ماڵپەڕی (درەو)، راهێنراو لە راگەیاندنی بنکۆڵکاری، چاوپێکەوتنی توێژەر، سێشەممە، ٢٠٢١/٨/٣١، سلێمانی، کات: ٢:٣٥م

[2]- هێمن باقر، سەرنووسەری ماڵپەڕی(دیبلۆماتیک مەگەزین) راهێنراو لە راگەیاندنی بنکۆڵکاری، چاوپێکەوتنی توێژەر، چوارشەممە ٢٠٢١/٩/١، سلێمانی،کات:٤:٤٠م

ئامادەکردنی راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی دەیخوازێت یاخود پێی دەناسرێتەوە"[١] پاش ئاماژەدان بە بۆچـونی سەرنووسـەرانی بەشـێک لە ماڵپەڕەکـان تـوێژەر ئەم پرسـەی ئاراسـتەی یەکێـک لە پسپۆرانی بواری راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی(**ئەرشـەد خەلیـل ئیبـراهیم/ ماسـتەر لە راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی)** کـردووە تـایبەت بەم پرسـە، لە رەهەنـدی تیـۆریەوە پێـی وایە "راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکـان بە شـێوەیەکی تەواوەتـی نەیـانتوانیوە بەپێـی رێبـازی زانسـتی راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی دابڕێـژرێن، بەڵام ئەمە واتـای ئەوەنـیە راپۆرتەکـان مەرجەکـانی راپـۆرتێکی بنکۆڵکارییان تێدا بەدیناکرێت یاخود بەپێی رێبازی راگەیەیاندنی بنکۆڵکاریی ئامـادە نەکـراون، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەمی شارەزایی ئەو رۆژنامەوانەی کە راپۆرتەکە ئامادە دەکات بە رێباز و مەرجەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی"[٢]

**پرسـی دووەم/ رۆچـوون و قوڵبـوونەوە بەنێـو رەهەنـدە شـاراوەکانی دۆزی راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکان.**

لەوەڵامـی ئەم پرسـەدا تەواوی بەرتوێژەکـان پێیـان وایە ڕۆچـوون و قوڵبـوونەوە بە رەهەندەکانی دۆزی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان سیمای دیـاری راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکانیـانن و بەو پێیەی رومالکردنی تەواوی رەهەنـدەکانی دۆزەی راپۆرتەکـان بنەمـایەکی گرنـگ و هەرە دیـاری راپـۆرتە بنکۆڵکارییەکـانن، هەروەکـو (محمـد رووف - سەرنووسـەری مـاڵپەڕی درەو )، ئامـاژەی پێـدەکات و تـایبەت بەم پرسـە دەڵێـت " تـا ئەو پەڕی توانـا رۆچـوینەتە نێـو قـوڵایی کێشـەو رووداوەکان، چونکە ئاشکراکردنی رەهەندە شاراوەکانی کێشـەو رووداوەکـان یەکێکە لە بنەمـا سەرەکیەکانی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، بۆیە هەرکـات ئـێمە نەمانتوانیبێـت بچیـنە نـاو قـوڵایی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانەوە و بۆئەوەی بەسـەر کـۆکردنەوەی زانیـارییە بـاوەڕ پێکراوەکانـدا زاڵ بـین وازمـان لێهێنـاوەو راپۆرتەکەمـان نەکـردووە"[٣] هەر سـەبارەت بەم پرسـە لەرەهەنـدی تیـۆریەوە (ئەرشـەد خەلیـل ئیبـراهیم/ ماسـتەر لە راگەیانـدنی بنکۆڵکـاریی) بۆچـونی وایەکە "دەکرێـت بەشـێوەیەکی رێژەیـی لەم پرسـە بـڕوانین، ئەمەش بەهۆکـاری ئەوەی زۆر جـار

---

[١]- ئیبراهیم عەلی، سەرنووسەری ماڵپەڕی (بوارنیوز) چاوپێکەوتنی توێژەر، یەکشەممە، ٢٠٢١/٩/٥،"ئۆنلاین" کات:١١:٠٠م.


[٢]- ئەرشەد خەلیل شوانی، ماستەر لە راگەیاندنی بنکۆڵکاری و مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتنی توێژەر، یەکشەممە ٢٠٢١/٩/١٢، "ئۆنلاین"کات:٤:٣٠م.

[٣]- محمد رووف، سەرچاوەی پێشوو.

ڕۆژنامەوان هەر لەسەرەتاوە وێنەی گشتی دۆزەکان وەردەگرێت، بۆ نموونە کاتێک ڕۆژنامەوان کار لە سەر کەیسی گەندەڵی دەکات بەشێوەیەکی گشتی کاری لەسەر دەکات نەک ئەوەی یەکێک لە دۆزە گەندەڵیەکان وەرگرێت، ئەمەش وادەکات ڕۆژنامەوان نەتوانێت لە ڕۆبچێتە نێو قوڵایی دۆزەکان ڕەهەندە شاراوەکانی بە شێوەیەکی تەواوەتی ئاشکرا بکات"[١]

**پرسی سێیەم/ گرنگترین دۆزی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان.**

هەڵبژاردنی دۆزی ڕاپۆرتەکان قۆناغێکی گرنگی ڕاپۆرتی بنکۆڵکارییە، ئەوانەی سەرکەوتوون لە دۆزەگرنگ و کاریگەرەکان ئەو کەسانەن کە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە لە بیرکردنەوە و بەستنەوەی دۆزی ڕاپۆرتەکان بە دۆخی کۆمەڵ چونکە هەڵبژاردنی بیرۆکە یاخود دۆزی ڕاپۆرتەکان نابێت تەنیا ڕەنگدانەوەی حەز و خوساتەکانی ڕاپۆرتسازبێت بەڵکو دەبێت ڕەنگدانەوەی دۆخ و خواستەکانی کۆمەڵ بێت،[٢] بێگومان ئەوەش بۆچونی جیاوازی لە نێوان سەرپەرشتیارانی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لێکەوتۆتەوە هەندێکیان وابەباش دەزانن ئەوە دۆزانە هەڵبژێرن کە "گرنگ، ئاسانە" بۆچونێکی تر هەیوە پێی وایە ئەو بابەتانە هەڵبژێرن کە "ئاسان، ناگرنگ" ە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیتریان وابەباش دەزانن ئەو بیرۆکانە هەڵبژێرن کە کارکردن تێدا سەخت بێت، لەگەڵ هەموو ئەم بۆچونانەدا بەڵام بۆچونی دیار ئەوەیە ئەو دۆزانە هەڵبژێردرێت کە بەلای کۆمەڵ ەوە گرنگە.[٣]




---

[١]- ئەرشەد خەلیل ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- أمين بن مسعود، من أجل صحافة نافذة، دليل أكاديمية الصحافة الاستقصائية( تونس، ٢٠٢١)ص٢٤.

[٣]- سامان نوح، دەروازەیەک بۆ ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، (چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٥)، لا٣٣.

لەم پرسەدا وەڵامی بەرتوێژەکان جیاوازە یاخود کارکردنی ماڵپەڕەکان پەیوەست بە دۆزەکانی کۆمەڵ لە دەزگایەک بۆدەزگایەکی دیەکە جیاوازە، بەڵام دۆزی هەرە دیار کە ماڵپەڕەکان کاریان لەسەر کردووە ئەو دۆزانەن کە پەیوەستن بە کێشە سیاسی و گەندەڵیەکانی کۆمەڵ بەجیاوازی جۆری گەندەڵیەکانەوە، بەرتوێژەکان هۆکاری ئەم گرنگیپێدانە بۆ هەردوو دۆزی سیاسی و گەندەڵی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو گرنگیپێدانەی خوێنەر و بینەری کۆمەڵی کوردستان پەیوەست بە دۆزە سیاسی و گەندەڵیەکان، لێرەشەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە ماڵپەڕەکان دۆزە کۆمەڵایەتیەکانیان پشتگوی خستووە یان گرنگیەکی ئەو تۆیان پێنەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونی پێچەوانە هەیە تایبەت بەم پرسە و (**هێمن باقر- سەرنووسەری ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین**) دەڵێت"راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانمان بە تەنیا چڕ نەکردۆتەوە لە یەکێک لە دۆزەکانی کۆمەڵ، بەڵکو هەوڵمانداوە سەرجەم دۆزەکان لە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانماندا رەنگبداتەوە، بەتایبەت دۆزەکانی، گەندەڵی، کۆمەڵایەتی، سکانداڵی سیاسی، سکانداڵی ئەخلاقی"[١]

## پرسی چوارەم/ بەربەست و ئالەنگاریەکانی بەردەم راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکان لە هەرێمی کوردستان

لەوەڵامی بەرتوێژەکاندا توێژەر گەیشت بەوەی کە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان سەرەڕای ماندبونی زۆر و کاتێکی زۆر خوێنەری کەمترە لە ماڵپەڕەکان، بۆیە دەزگا میدیاییەکان کەمتر خۆیان لە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان دەدەن، چونکە هەم کاتێکی زۆری رۆژنامەوانەکانی دەبات هەم تێچویەکی زیاتری تێدەچێت، هەم ماندووبون و سەبرێکی زۆری دەوێت، هەروەها گرانی و دەست گەیشتن بەزانیارییەکان بەڵگەنامەکان شارادنەوەیان لە لایەن ئەو کەسانەی دژی بەرژەوەندیەکانیانە، لەگەڵ نەبوونی رۆشنبیری و تێنەگەیشتن لە کەڵک و رۆڵی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە کۆمەڵ لە لایەن بەرپرسان و دزگا گشتی و تایبەتیەکانەوە، هاوکات هەڕەشە و دروست کردنی مەترسی لەسەر گیانی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار، سەرەڕای نەبونی ژینگەیەکی لەبار و دیموکراسی کە پێویستیەکی سەرەکی گەشەی راگەیاندنی بنکۆڵکارییە، لەگەڵ جێبەجێنەکردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری، هاوکات تازەیی و ئەم جۆرەی راگەیاندن لەنێو

---

[١] - هێمن باقر، سەرچاوەی پێشوو.

پانتایی راگەیاندنی کوردی بەگشتتی  وای کردوە خوێنەر زۆر گرنگی بەم جۆرەی راگەیاندن نەدات، گرنگترین ئەو بەربەستانەن کە روو بەڕوی ماڵپەڕە هەواڵییەکان دەبێتەوە لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

**پرسی چوارەم / شارەزایی رۆژنامەوانانی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان**

وەڵامی ئەم پرسە لەلایەن بەرتوێژەکانەوە وەڵامێکی رێژەییە زۆرینەیان پێیان وایە راپۆرتەکانی ماڵپەڕەکان لەلایەن رۆژنامەوانی راهێنراو بە راپۆرتی بنکۆڵکاریی ئامادە دەکرێت، زۆرێکیان لەلایەن دەزگا رۆژانامەوانیە دەرەکی و ناوەکیەکانەوە سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی راهێنانیان پێکراوە، هەر وەکو (**هێمن باقر- سەرنووسەری ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین**) تایبەت بەم پرسە ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت" ئەو رۆژنامەوانانەی کە لەم دەزگایەی ئێمە کاری بنکۆڵکاریی دەکەن رۆژنامەوانی تایبەتمەندی بواری بنکۆڵکاریین و چەندین خولی ناوخۆیی و دەرەکیان بینیوە سەبارەت بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی شارەزای رێباز و بنەماکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریین"[١]

هاوکات سەرنووسەری (**بوارنیوز- ئیبراهیم عەلی**) هەمان بۆچونی هەیە بەوەی کە "ئەو رۆژنامەوانانەی کە لەم دەزگایە کاری بنکۆڵکاریی دەکەن رۆژنامەوانی ئەکادیمی و تایبەتمەندی بواری بنکۆڵکاریین، یەکێک لە رۆژنامەوانەکانمان خاوەنی بروانامەی ماستەر و هاوکات قوتابی دکتۆرایە لە بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.[٢]

**لەبەر رۆشنایی ئەو سەرنج و بۆچونانەی کە پسپۆرو و سەرنووسەرانی ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان خستیانە ڕوو پەیوەست بە دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، توێژەر گەیشت بە چەند راستیەک سەبارەت بە دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان دا:**

---

[١]- هێمن باقر، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- ئیبراهیم عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

١.راپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەپێی بنەما زانستیەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راپۆرتەکانیان ئامادە دەکەن، یاخود لە دەزگایەک بۆ دەزگایەک جیاوازتر پەیڕەو دەکرێت.
٢.هەوڵدراوە بەشێوەیەکی قوڵ کار لەسەر دۆزەکان بکرێت و سەرجەم رەهەندەکانی دۆزەکان رووماڵ بکرێت، بگات بە لایەنە شاراوەکانی و ئاشنایان بکات بەوەرگر.
٣.ماڵپەڕەکان بە شێوەیکی یەکسان گرنگیان بە دۆزەکانی کۆمەڵ نەداوە یاخود لە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانیان رەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە دۆزە سیاسی و گەندەڵیەکان دراوە.
٤.گرانی دەستگەیشتن بەزانیارییەکان، مەترسی بۆ سەر ژیانی رۆژنامەوانانی بنکۆڵکار، نەبوونی رۆشنبیریەکی باش سەبارەت بە گرنگی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، نەبوونی توانای مادی و کاتی پێویست، لە گرنگترین ئەو بەربەست و ئاڵەنگاریانەن کە ڕوبەڕوی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەبێتەوە لە پانتایی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان دا.
٥.بەوپێیە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەسەرەتای گەشەی خۆیەتی، بەگشتی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار کەمن لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ رۆژنامەوانانی ماڵپەڕەکان راستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رۆژنامەوانانەی کار لە ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان دەکەن تاڕادەیەک شارەزاییەکیان پەیدا کردووە لە سەر چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان.

# بەشی چوارەم

# کردەنینامەی توێژینەوەکە

**دەستپێک.**

شــیکاری نــاوەڕۆک یەکــێکە لەو شــێوازە دیــارانەی کە لە تــوێژینەوە رۆژنامەوانییەکانــدا بەشـێوەیەکی بەربـڵاو بەکاردەهێنرێـت، هاوکـات یەکێکە لە کـۆنترین شـێوازەکانی تـوێژینەوە زانستیەکان، بەتایبەت لە رێکاری روپێوی لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکان، ئەم شێوازە بایەخی زیاتر پێدراوە بەتایبەت لەو توێژینەوانەی تایبەتن بە زانستی رۆژنامەوانی بەجیـاوازی هەریەک لە بوارەکـانی ئەو زانسـتە، هەربـۆیە دەتـوانین بڵێـین ئەم شـێوازە بـریتیە لە بەش بەشـکردن و شــیکردنەوەی بــابەتی دەستنیشــانکراو یــاخود لێکــدانەوەی ئەو پرســانەی کە پێشــتر بە لەبەرچـاوگرتنی ئامــانج و کێشــە و پرســەکانی تــوێژینەوەکە دارێــژراوە، ئەمەش لە رێــگەی پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە. لێرەوە دەکرێـت ئامـاژە بەوەبـدرێت کە ناسـاندن و شـیکردنەوەی بـابەتی تـوێژینەوەکە بەشـێوەیەکی زانسـتی و رێکخـراو لە روی چەنـدێتی و چـۆنیەتیەوە، هاوکـات دەستنیشـانکردنی تایبەتمەنـدیەکانی دور لە هەر لایەنگیریەکـی خـودی یــاخود ســازاندنێکی هەرەمەکیــانە، لە دیــارترین ئەو ئامانجــانەن کە ئەم شــێوازە کــار بــۆ بەدەستهێنانیان دەکات. بە لەبەر چاوگرتنی گرنگی و بایەخەکەی و نزیکی لە کێشـە و ئامـانجی توێژینەوەکەی، تـوێژەر لە رەهەنـدی کردەنـی تـوێژینەوەکەی بـۆ گەیشـتن بەئامـانج و وەڵامـی پرسەکانی توێژینەوەکەی پەنای بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازە بردوە.

# پاژی یەکەم

# ڕێکارەکانی شیکاری

**یەکەم: نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوە یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکانی توێژینەوەی زانستی، لە هەموو جۆر و بوارێکدابێت، چونکە کارێکی گران و زۆرجار نەکردەیە توێژەر بتوانێت کۆی کۆمەڵی توێژینەوەکەی وەربگرێت و توێژینەوەی لەبارەوە بکات، بۆیە پەنا بۆ بەکارهێنانی نموونەی توێژینەوە دەبات کە گوزارشت لە کۆمەڵی توێژینەوە دەکات، بێگومان دەستنیشان کردنی نموونەکانی توێژینەوەش بە ڕێگای زانستی دەبێت، بەجیاوازی ڕێگاکانی دیاریکردنی نموونەکانی توێژینەوە، لێرەدا توێژەر بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵی توێژینەوە دیارترینی ئەو ڕێگا زانستیانە بەکار دەهێنێت کەبتوانێت گوزارشت لە کۆمەڵی توێژینەوەکەی بکات و دواتر بتوانێت گشتاندن بۆ ئەنجامەکانی بکات.(١)

لەو ڕوانگەیەوە پێویستە ئاماژە بە قۆناغەکانی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە لە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بدرێت کە بە سێ قۆناغ گوزەر دەکات و بریتین لە.(٢)

قۆناغی یەکەم تایبەتە بە هەڵبژاردنی یەکەی سەرچاوە: واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕەکان، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ)

قۆناغی دووەم تایبەتە بە هەڵبژاردنی پێکهاتەکانی سەرچاوە: کەبریتین لە(بەرنامەکان، وتارەکان، پەڕەی ڕۆژنامەکان....)

---

(١)- بڕوانە:

- محمد عبدالعال النعيمى، عبدلجبار توفيق البياتى، غازي جمال خليفة، طرق ومناهج البحث العلمي، (الواراق للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٥)، ص٧٨.
- رشدي احمد طعيمة، تحليل المحتوى في العلوم الانسانية، مفهومه-اسسه- استخداماته، (دار الفكر العربي، القاهرة،٢٠٠٤)، ص١٤٠.
- مهنديس احمد خطيب، منهج البحث العلمي بين الاتباع والإبداع، (مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة، ٢٠٠٩)، ص٧٠.

(٢)- بڕوانە:

- محمد عبد الحميد، تحليل محتوى في بحوث الإعلام، (عالم الكتاب، القاهرة، ١٩٨٣)، ص٩٠.
- صابر بكر بۆكانی، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٧.

قۆناغی سێیەم تایبەتە ژمارەی مشتی توێژینەوەکە: بۆنموونە چەند زنجیرەی بەرنامەیەک، چەند وتاری رۆژنامەیەک .... .

بەمەبەستی دیاریکردنی قۆناغی یەکەمی نموونەی توێژینەوەکەی کە تایبەتە بە **سەرچاوە،** توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی **راپێیونامەیەکی بەرایی"** لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە شێوازی**(ئۆنلاین)** تێیدا توێژەر دیارترین ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستانی دەستنیشان کردووە کە بایەخیان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی داوە، یاخود کاریان لەسەر راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کردووە، پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی بەرتوێژەکان توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشت کە لە خشتەی (٢) ئاماژەی پێکراوە. بڕوانە خشتەی(٢)

| خشتەی (٢)ئەنجامەکانی راپێوینامەی بەرایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ماڵپەڕەکان | دوبارە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| ١ | دیپلۆماتیک مەگەزین-<br>Diplomatic magazine | ٦١ | ٥٠.٨ | **یەکەم** |
| ٢ | درەو میدیا- Draw | ٤٧ | ٣٩.٢ | **دووەم** |
| ٣ | بوار نیوز-Bwar news | ٢٨ | ٢٣.٣ | **سێیەم** |
| ٤ | پەرەگراف- Paragraf | ٢٤ | ٢٠ | **چوارەم** |
| ٥ | ستاندەر کورد-Standard Kurd | ١٤ | ١١.٧ | **پێنجەم** |
| ٦ | روداو rudaw | ١٣ | ١٠.٩ | **شەشەم** |
| ٧ | خەندان- Xendan | ١٣ | ١٠.٨ | **شەشەم** |
| ٨ | پەیامنێر- Payamner | ١٢ | ١٠ | **حەوتەم** |
| ٩ | زەمەن نیوز-Zeman news | ١١ | ٩.٢ | **هەشتەم** |
| ١٠ | Nrt | ١١ | ٩.٢ | **هەشتەم** |
| ١١ | سبەی- Sbey | ٩ | ٧.٦ | **نۆیەم** |
| ١٢ | پۆلەتیک- Platic | ٦ | ٥ | **دەیەم** |
| ١٣ | ئاوێنە-Awene | ٦ | ٥ | **دەیەم** |
| ١٤ | وێستگە- westga | ٣ | ٢.٥ | **یانزەیەم** |
| کۆ | ١٤ | | | |

بەرەچـاوکردنی ئەو ئەنجامـانەی کەتـوێژەر لە راپێوینـامەی بەرایـی دەسـتیکەوتوە، تـوێژەر مـاڵپەڕی (دیپلۆماتیــک مەگەزیــن- Diplomatic magazine)وەک نمـوونەی تـوێژینەوەکەی هەڵبژاردووە. لەقۆناغی دووەمـدا تـوێژەر نمـوونەی تـوێژینەوەکەی هەڵـبژاردووە کە تـایبەتە بە پێکهاتەکانی سـەرچاوەکە کە بـریتیە لە بەرنـامەی(سـندوقی رەش) کە یەکـێکە لەبەرنامەکـانی مـاڵپەڕی (دیپلۆماتیـک مەگەزیـن- Diplomatic magazine)، قۆنـاغی کۆتـایی کە بـریتیە لە ژمارەکانی نموونەی توێژینەوەکە تـوێژەر تێکـڕای راپۆرتەکـانی ئەو مـاڵپەڕیەی وەرگرتـووە کە وەک راپۆرتی بنکۆڵکاریی و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکـدا پێشـکەش کـراون بەنـاوی"سـندوقی رەش" لە بەرواری (٢٠٢٠/١٢/٣ تاوەکو ٢٠٢١/١١/٢٩)

**دیپلۆماتیک مەگەزین- diplomatic magazine**

دیپلۆماتیک مەگەزین- diplomatic magazine، یەکێکە لە مـاڵپەڕە هەواڵییەکـانی هەرێمـی کوردستان، لەبەرواری **٢٠١٧/١٢/٢١** دامەزراوە، بەدروشمی"دیجیتـاڵ میـدیایەکی ئەهلـی ئـازادە" دەسـتی بەکارەکـانی کـردووە، ئەم مـاڵپەڕیە بارەگـای سـەرەکی لە شـاری سـلێمانیە لە جـۆری ( مـاڵپەڕە پوخـت)ەکـانە، مـاڵپەڕێکی هەواڵـیـە بەشـێوەیەکی رۆژانە و بەبەردەوامـی رومـاڵی روداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئـابووری، وەرزشـی، کـۆمەڵایەتی... هەرێمـی کوردسـتان دەکـات، "بەرووماڵکردنی بێلایەنانە و پیشەییانە دەیەوێت نەوتراوەکان بڵێت و لەڕێگەی بەدواداچـوون و کنەکــردنەوە ئەو مەلەف و پرســانە دەوروژێنێــت و دەیانخــاتە ڕوو کە ئاشــکراکردنیان بۆڕایگشتی و کۆمەڵ گرنگن. دیپلۆماتیک سەنگەری لەکەس نەگرتووە و دوانگەی تایبەتی هـیچ لایەن و ئایـدیایەک نـیە، لەرووومـاڵکردن و وەشاندنیشـیدا چوارچێـوەیەکی دیـاریکراوی نـیە و لەرێگەی ژانەرەکانی رۆژنامەوانیەوە دەست بۆ هەموو ئەو پرس و بابەتانە دەبات کەرێسـاکانی رۆژنامەوانی رێگە بە رووماڵکردن و کاری رۆژنامەوانی دەدەن تێیدا"[١]

ئەم ماڵپەڕە یەکێکە لەو ماڵپەڕە رۆژنامەوانیانەی هەرێمی کوردستان کە گرنگیان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی داوە بەشێوەیەک بەرنامەی "**سـندوقی رەش**" کە یەکـێکە لەبەرنامەکـانی مـاڵپەڕی ناوبراو بۆ کارکردن لەسەرئەم جۆرەی راگەیاندن تەرخانی کـردوە، راپۆرتەکـانی ئەم بەرنـامەیە بەناوی راپۆرتی بنکۆڵکاریی ئاراستەی وەرگرەکانی دەکات.

[١]- هێمن باقر، سەرنووسەری ماڵپەڕی"**دیپلۆماتیک مەگەزین**" چاوپێکەوتنی توێژەر، چوارشەممە ٢٠٢٢/٢/١٠، ئۆنلاین،کات:٤:٤٠م.

## دووەم/ شیکاری ناوەڕۆک

شیکاری ناوەڕۆک شێوایێکی بنەڕەتیە لە شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ناوەڕۆک و شێوەی پەیامە رۆژنامەوانییەکاندا، کە بەکاردەهێنرێت لە خستنەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و بابەتیانەی شێوە و ناوەرۆکی بابەتە رۆژنامەوانییەکان، بەمەبەستی شیکردنەو و راڤەکردن و وردبینی کردنی زانیارییەکان بەشێوازێکی بابەتیانە و رون و گشتگیر.[١]

ئەم شێوازە وەکو رێکارێکی زانستی لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەرکەوت، دوای ئەوەی هەریەک لە توێژینەوەکانی "لیپمان-Lipman، تشارلز میرز Chrles mirsse" پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازە برد کە بەیەکەمین توێژینەوەی زانستی دادەنرێن کە ئەم شێوازە یان لە توێژینەوەکانیان بەکارهێناوە، پاشان ئەمانە بوونە هاندەرێک بۆ بەکارهێنانێکی فراوانی شێوازی شیکاری ناوەڕۆک، لە شیکردنەوەی بابەتە رۆژنامەوانییەکانی ئەو سەردەمە کە لەرێگەی ئامرازەکانی رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕەکان بڵاو دەکرایەوە.[٢]

دواتر ئەم شێوازە لە سەردەستی کۆمەڵێک لە توێژەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر گەشەی پێدرا و بەناوی (شیکاری ناوەڕۆک- Content Analysis) ناسێنرا. پاشان هەر ئەم شێوازە بەکارهێنرا لەشیکردنەوە و راڤەکردنی چەندین دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەربۆیە لەبەر رۆشانیی رێبازە زانستیەکانی توێژینەوە زانستیەکان رۆژ بەرۆژ بایەخی زیاتری پێدرا ، ئەمەش بوە هۆی دەرکەوتنی چەندین پێناسەی جیاوا بە درێژایی قۆناغەکانی گەشە و بەکارهێنانەکانی.[٣]

## چەمکی شیکاری ناوەڕۆک

شیکاری ناوەڕۆک وەک چەمکێکی زانستی، لە دوو وشە پێک دێت، وشەی "شیکاری" واتە شیکرنەوە و توێ توێ کردنی بنەما پێکهاتەییەکانی هەربابەتێک، پاشان وشەی "ناخ " ئاماژەیە

---

پەراوێز:

١- محمود احمد درويش، مناهج البحث في العلوم الانسانية، (مؤسسة العلوم الامة للاستثمارات الثقافية -القاهرة ٢٠١٨) ، ص.١٧٢.

٢- يوسف تمار، تحليل محتوى للباحثين وطلبة الجامعين، (طاكسيج –كوم- للدراسات للنشر والتوزيع الجزائر-٢٠٠٧)، ص٨

٣- احمد بن مرسلي، مناهج البحث العلمي في علوم الإعلام والاتصال، الطبعة الرابعة (ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠١٠)، ص ٢٥٠-٢٥٨.

بـۆ نـاوەڕۆکی بـابەتێکی(نوسـراو، وێـنە، دەنـگ، ڤیـدۆ) بەمەبەسـتی گەیشـتن بەو ئامـاژە و ئامانجانەی کە پرۆسەی شیکاریەکەی بۆ ئەنجام دەدەین.[١]

لەگەڵ گەشەسـەندن و بەکارهێنـانی زیـاتری ئەم ئـامرازە پێناسـەی زیـاتر و هەمەجـۆر بـۆ ئەم ئامرازە کراوە وەکو:

یەکێکە لە شێوازەکانی کـۆکردنەوەی داتـا و زانیارییەکـان لە تـوێژینەوە رۆژنامەوانییەکانـدا، ئەمەش بە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ژمارەیەک لە پێکهاتەکانی بابەتی تـوێژینەوەکەی لەیەکێـک لە دەزگا رۆژنامەوانییەکان وەکو رۆژنامە،گۆڤار، تەلەڤزیۆن، کتێـب، ماڵپەڕەکـان... هتـد. پاشـان شیکردنەوی شێوە و ناوەرۆکیان بە شێوەیەی چەندایەتی و چۆنایەتی.[٢]

شێوازێکی تـوێژینەوە زانسـتیەکانە هەڵدەسـتێت بە وەسـفکردنی ورد و رێکخـرا و بـۆ بـابەتە نوسـرا و بینـرا و بیسـتراوەکان، لە چوارچێـوەی دیـاریکردنی بـابەت و ئامـانجی تـوێژینەوەکە، هەروەها ناساندنی کۆمەڵی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی بەشـێک یـاخود نمـونەیەک لەو کـۆمەڵە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوی پاشان گەیشتن بە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان.[٣]

**کابلان-Kablan** وایدەبینێ شیکاری ناوەڕۆک "بریتیە لەو شێوازەی کە هەوڵـی دیـاریکردنی ماناکان دەدات کە لە شێوازی زانیندایە بەڕێگایەکی چەندایەتی رێکخراو.[٤]

**بیرلسـون Berlson وای دەبینـێ**" یەکـێکە لە شـێوازە زانسـتیەکانی تـوێژینەوە، بەئامـانجی وەسفکردنی چەندایەتی و بابەتیانە و رێکخراوی شێوە و ناوەڕۆکی بابەتە رۆژنامەوانییەکان.[٥]

---

بڕوانە:

[٤]- محمـد البشـير بـن طبـة، تحليـل محتـوى فـي بحـوث الاتصـال، **مجلـة الدراسـات والبحـوث الاجتماعيـة**، ژمـارە١٣/١٤ ديسمبر٢٠١٥،ص٣.جامعة الشهيد حمة لخضر.

[٥]- غادة عبدلتواب اليماني، بحوث ودراسات في الإعلام العربي، بناء المنهجي والاسدلال الاحصائي، (دار المعرفة الجامعي، ٢٠١٤)،ص٣٤.

[٣]- محمد سرحان علي المحمودي، مانهج البحث العلمي، (دار الكتب، الجمهورية اليمنية-صنعا، ٢٠١٥)،ص٦٠.

[٤]- عامر صباح، منهجية البحث في العلوم السياسة والاعلام، الطبعة الثانية، (ديـوان المطبوعـات الجامعيـة، الجزائـر، ٢٠١٠)، ص٩٨.

[٥]- سيف الاسلام سعد عمر، الموجز في المنهج البحث العلمي، (دار الفكر، دمشق-٢٠٠٩)، ص١٢١.

## سێیەم: دیاریکردنی یەکە و دەستەکانی شیکاری.

### ١/ یەکەکانی شیکاری

یەکەکانی شیکاری گوزارشتە لە کۆمەڵێک یەکەی بنەڕەتی کە یارمەتی توێژەر دەدات لە ئاشنابوون و زانینی وردەکاری بابەتی توێژینەوە و راڤەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی شیکاریەکە.

**بێرلسون پێنج یەکەی سەرەکی شیکاری دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:**[1]

• **ووشە**: بریتیە لەپرۆسەی پێوانەکردنی چەندبارەی ووشەیەک،کە گوزارشتێکی دیاریکراوە توێژەر هەڵدەستێت بە دیاریکردنی چەندێتی ئەو وشەیە، دەکرێت ئەو وشەیە گوزارشتێکی سیاسی، بیرەکی، پەروەردەیی، رۆژنامەوانی ...تد. بێت.

• **بابەت:** گوزارشتە لە رستەیەک یاخود بیرۆکەیەک پەیوەست بە بابەتی شیکارکراو، لە رستەی و دیاریکراو پێکدێت ئەو مانا و بیرۆکانە لە خۆدەگرێت کەبابەتی توێژینەوەکە کاری لەسەردەکات یاخود شیکار دەکات.

•**کەسێتی:** بریتیە لە دیاریکردنی چەندبارەی تایبەتمەندی و شێوەی دیاریکراوی کەسایەتیەکی دیاریکراو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، جائەگەر ئەو کەسایەتیە کەسێکی دیاریکراو بێت یاخود توێژێکی دیاریکراو بێت لە خەڵک یان کۆمەڵێک بێت لە کۆمەڵەکان.

•**تاک**: بریتیە لەو مانا و بیرۆکانەی کە لەڕێگەی یەکێک لە دەزگارۆژنامەوانیە جیاوازەکانەوە دەگوازرێتەوە، وەکو وتار و راپۆرتەکان و چیرۆکە رۆژنامەوانییەکان یاخود بەرنامە و کۆڕبەندەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان.

---

[1]- بڕوانە:

- صالح بن حمد العساف، المدخل إلى البحث في العلوم السلوكية، سلسلة البحث في العلوم السلوكية، الكتاب الاول، (مكتبة العبيكان، الرياض، ١٩٩٥)، ص١٤٢.
- محمد عبد الحميد، دراسة الجمهور في بحوث الإعلام، (عالم الكتاب، القاهرة، ١٩٩٣)، ص ١٧٣،١٧٥.
- محمد خليل الرفاعي، فلك صبيرة، محمد علي الحبش، اساليب تحليل النصوص، (من المنشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية-٢٠٢٠)، ص١٨٣-١٨٥.
- محمد عبد الحميد، تحليل محتوى في بحوث الإعلام، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٦-١٤٨.
- رشدي احمد طعيمة، تحليل المحتوى في العلوم الانسانية، مفهومه-اسسه- استخداماته، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٣.

**•پێوانە و کات :** بریتیە لە پرۆسەی پێوانەکردنی چەندبارەی درێژی وتارێک، ژمارەی پەڕەکان، گرتەکان، یاخود دیاریکردنی ماوەی گفتوگۆی نێو یەکێک لە ئامرازە رۆژنامەوانییەکان( نوسراو، بینراو، بیستراو)

**٢/ دەستەکانی شیکاری**

بریتیە لە پۆلێنکردنی بابەتی توێژینەوەکە بۆ دەستەی سەرەکی و لاوەکیەکان کە لەرێگەیەوە توێژەر دەتوانێت شیکاری بۆ بابەتی تویژینەوەکەی بکات، ئەشێت بابەتەکە (لێدوانێکی سیاسی بێت، یاخود پەیام یاخود بابەتێکی رۆژنامەوانی بێت یاخود فیلمێک)، بێتئەم کردارەش پرۆسەیەکی هونەریە بریتیە لە کرداری بەش بەشکردنی ناوەڕۆک بۆ کۆمەڵێک دەستەی جیاواز کە توانای پێوانە کردن و چەندبارەکردنی هەبێت، لەسەر بنەمای سەنگ و تایبەتمەندیە هاوبەشەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکە، و دوبارە پۆلێنکردنەوەی لە ژێرناونیشانێک،[١]

بێگومان دیاریکردنی ئەم دەستانەش بەڕەچاوکردنی لایەنی تێوری توێژینەوەکە و ئەو پرسانە دەبێت کە پەیوەستە بەئامانجی دیاریکراوی توێژینەوەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مەرجەکانی سەربەخۆیی، گشتگیری تێدا ڕەچاو بکرێت و هەر ئامانجێکی توێژینەوەکە کە پەیوەستە بەناوەڕۆکی بابەتەوەکەوە، لەچوارچێوەی دەستەیەکدا پۆلێنکرابێت.[٢]

**دەستەکانی شیکاری دابەش دەکرێن بۆ دوو بەشی سەرەکی کە بریتین لە:**

**آ•دەستەکانی تایبەت بە ناوەڕۆک کە بریتین لە:**[٣]

---

بڕوانە:

[١]- عامر صباح، منهجية البحث في العلوم السياسة والاعلام، الطبعة الثانية، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٣.

[٢]- محمد عبد الحميد، دراسة الجمهور في بحوث الإعلام،سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٠.

[٣]- بڕوانە:

- سعد سلمان المشهداني، مناهج البحث الاعلامي، (دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربية الموحدة- جمهورية البنانية، ٢٠١٧)، ص١٢٦-١٢٧.
- عبدلرحمان الهاشمي، محسن علي عطية، تحليل مضمون المناهج المدرسية، الطبعة الثانية، (دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان-٢٠١٤)، ص٢٠٥-٢١١.
- اسماء عبدلمطلب بني يونس، دليل مبتدىء إلى مناهج العامة في البحث العلمي، (دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن-٢٠١٨)، ص٢٣٤.

**٠دەستەی بابەت:** ئەم دەستەیە زۆرترین بەکارهێنـانی هەیە لە تـوێژینەوە شـیکاریەکان، بەپێـی نـاوەرۆکی بابەتەکـان و وەڵام دانەوەی پرسـەبنەڕەتیەکانی تـایبەت بە تـوێژینەوەکە پـۆلێن دەکرێت، یاخود بەپێی کۆمەڵێک لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بواری بابەتی توێژینەوەکە.

**٠دەسـتەی ئامـانج**: واتە روانینـی ئەو ئامانجـانەی کەتـوێژەر هەوڵـی زانـین و بەدەسـتهێنانیان دەدات لەماوەی سازاندن یاخود پرۆسەی شیکاریەکە.

**٠ دەسـتەی سـەرچاوەی زانیارییەکـان:** ئەم دەسـتەیە تـایبەتە بە پێـوانەکردنی چەنـدبارەی سەرچاوەکانی زانیاری تایبەت بە بابەتی تـوێژینەوەکە، بەجیـاوازی سـەرچاوەکان و دەزگاکـانی رۆژنامەوانیەوە.

**٠ دەستەی جەمـاوەری بە ئامـانجگیراو:** ئەم دەسـتەیە تـایبەتە بە زانینـی یـاخود ناسـینی ئەو جەمـاوەرەی کە شـێوەیەکی تـایبەت پەیـامە رۆژنامەوانییەکـانی ئاراسـتە دەکرێـت، دەیەوێـت بزانێت نێرەر پەیامەکانی ئاراستەی جەماوەرێکی تایبەت کردوە یاخود جەماوەر بەگشتی.

**٠دەستەی بەهاکان:** ئەم دەستەیە پەیوەستە بە ئاست و بنەماکانی بابەتی شیکار کـراو، زۆرێـک لەتـوێژەران بە چەمکـی ئامانجەکـان و هەنـدێکی دیکەیـان بە پێداویسـتیەکان نـاوی دەبەن، هەوڵی زانین و ئاشکراکردنی خواست و پێداویستیەکانی جەماوەر دەدات.

**٠دەســتەی بــکەر:** ئەم دەســتەیە ئامــاژەیە بە هەڵســوڕێنەر یــان ئامادەکــارانی پەیــامە رۆژنامەوانییەکان، پاشان گەیاندنیان بەوەرگر.

**٠تایبەتمەندیەکان**: گوزارشتە لە تایبەتمەندیەکانی ناوەڕۆکی بابەتە رۆژنامەوانییەکـان یـان ئەو کەسایەتی و گروپ و دامەزراوانەی کە پەیوەستن بەکێشەی توێژینەوەکەوە.

**ب٠دەستەکانی تایبەت بە شێوە.**

جـۆری دووەم لەدەسـتەکانی شـیکاری بـریتیە لەدەسـتەکانی تـایبەت بە شـێوەی بـابەتە رۆژنامەوانییەکان کە پیشکەش بە وەرگرەکان دەکرێت، کە ئاماژەیە بە شێوەی ئەو دەربڕینانەی کە بـابەتە رۆژنامەوانییەکـانی تێـدا داڕێـژراوە و دواتـر ئاراسـتەی وەرگرەکـانی کـراوە، ئەم دەستانەش دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێک کە بریتین لە:

**٠ کـات و ڕووبەر**: یەکەی رووبەر بـریتیە لە زانـین و ئاشـکراکردنی قەبـارەی یـاخود مـاوەی تەرخانکراو بۆ بابەتە رۆژنامەوانیەکە، کە هەندێجار زۆری قەبارە یاخود درێژی ماوە ئاماژەیە بۆ

گرنگی ئەو بابەتە، ئەم دەستەیەش لە بابەتە بیستراو و بینراوەکاندا بەدەستەی کات پیوانە دەکرێت.[١]

• **بۆتە هونەرییەکان:** گوزارشتە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی بابەتە رۆژنامەوانییەکان، هەندێک جار ورد تر دەبێتەوە بۆ هەریەک لەدەستەکانی ( ناونیشان، گرتەکان، تۆمارە بیستراوەکان).

• **ئامراز:** گوزارشتە لە ئاشنابوون بەئاستی گرنگیدان یان پیگەی بابەتی تویژینەوەکە لەدەزگا رۆژنامەوانییەکان.

•**شێوازەکانی قایلکردن:** ئەم دەستەیە گوزراشتە لە گرتنەبەری ئەو رێگا و شێوازانەی کە راپۆرتساز گرتویەتیەبەر بەمەبەستی بڕواهێنان بەوەرگر، هەروەها گەیشتن بە ئامانجەکانی کارکردنی.[٢]

**چوارەم: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شیکارینامەی توێژینەوەکە:**

١.لەبەر چاوگرتنی کێشە و پرس و ئامانجەکانی توێژینەوەکە و هاوکات ئەو پاشخانە زانینەی کە توێژەر پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکەی لای گەڵاڵە بوو بوون، توێژەر ئەو دەستەو یەکانەی دیاریکرد کە لە ڕێگەیەوە دەگات بەئامانجی توێژینەوەکەی.

٢.سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو کە توێژەر لە ڕێگەی بەدەستهێنانی چەندین توێژینەوەی پێشوو پەیوەست بەکێشەی توێژینەوەکەی بەدەستیهێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکانی تایبەت بە توێژینەوەزانستیەکان بەگشتی و ئەو سەرچاوانەی تایبەت بوون بە شێوای شیکاری ناوەڕۆک لە توێژینەوە رۆژنامەوانییەکاندا رێنیشاندەرێکی بەکەڵک بوون بۆ توێژەر لە کاتی ئامادەکردن و داڕشتنی شیکارینامەی توێژینەوەکەی و دواتر گەیشتن بەو شێوازە زانستیەی کە توێژەر پێی وابوو لەو رێگایەوە دەگات بە ئامانجی توێژینەوەکەی.

٣. دیاریکردنی دەستە و یەکەکانی توێژینەوەکە هەنگاوێکی دیکەی بنەڕەتی توێژینەوەکە بوون کە توێژەر لە رێگەی بەدەستهێنانی راپۆرتەکانی مشتی توێژینەوەکەی پاشان وردبینی کردنی کۆی ڕاپۆرتەکان ئەو دەستە و یەکانەی دیاریکرد کە لەرێگەیەوە دەتوانێت بەشێوازێکی رێکخراو و زانستیانەو بابەتیانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

---

بڕوانە:

[١]- عبدالرحمان الهاشمي، محسن علي عطية، تحليل مضمون المناهج المدرسية، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٥-٢١١.

[٢]- محمد بشير بن طبة، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢٤.

٤.پاش دەستنیشانکردنی دەستە و یەکەکانی شیکاری و ئامادەکردنی شیکارینامە، توێژەر رەشنووسی شیکارینامەکەی خستەبەردەستی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی بەمەبەستی خستنەڕوی تێبینیەکانی و بڕیاردانی کۆتایی.

٥.پاش وەرگرتنی رەزامەندی سەرپەرشتیار و ڕەچاوکردنی تێبینیەکانی، توێژەر شێوەیی کۆتای شیکارینامەی توێژینەوەکەی ئاراستەی چەند شارەزایەکی بواری توێژینەوە رۆژنامەوانییەکان کرد بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی لە رەهەندی زانستیەوە.

٦.دارشتنەوەی شێوەی کۆتایی شیکارینامە پاش ڕەچاوکردنی ئەو سەرنج و تێبینیانەی کەلەلایەن شارەزایان ئاراستەی توێژەر کرابوون.

**٥.دیاریکردنی دەستەکانی توێژینەوەکە**

مەبەست لەدیاریکردنی دەستەکان رونکردنەوەی توێژەرە بۆ ئەو چەمکانەی کە لەبەشی کردەنینامەی توێژینەوەکەی، بەپێی ئەو بەکارهێنانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکاریهێناوە، بڕوانە خشتەی(٣).

خشتەی(٣) دیاریکردنی دەستەکان

| ژ | چەمکەکان | دیاریکردن |
|---|---|---|
| ١ | وەرگری مەبەست | واتە ئەو وەرگرانەی یاخود ئەو تاکانەی کە راستەوخۆ بەرکەوتنیان هەبووە لەگەڵ راپۆرتەکاندا و لەلایەن ماڵپەڕەکەوە بەمەبەست گیراون. |
| ٢ | رەگەزی راپۆرتساز | مەبەست لە رەگەزی ئامادەکاری راپۆرتەکانە. |
| ٣ | شیوازی خستنەرووی راپۆرتەکان | واتە ئەو شێوازەی کە راپۆرتەکانی پێ نمایشکراوە. |
| ٤ | سنوری جوگرافی دۆزی راپۆرتەکان | مەبەست لەو شوێنە یاخود سنوورە جوگرافیەیە کە دۆز یاخود بابەتی راپۆرتەکان پێوەی پەیوەستن. |
| ٥ | ماوەی راپۆرتەکان | واتە ئاستی کورتی و مامناوەندی و درێژی ژمارەی وشەکانی راپۆرتەکان یاخود خولەکی تۆمارە ڤیدۆییەکان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | زانستیبوون | واتە پەیوەستبوون بە بنەما زانستی و پیشەییەکانی کردەی بنکۆڵکاریی و گەڕان بە دوای زانیارییەکان و لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنیان سەلماندنی زانیارییەکان بە بەڵگە. |
| ٧ | ڕەسەنبوون | واتە خودێتی ڕاپۆرتەکان بۆ خودی ڕۆژنامەوانەکە و یاخود دەزگاکە بەو پێیەی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی بەرهەمی خودی ڕۆژنامەوان یاخود دەزگاکەیە نەک هی ڕۆژنامەوان و دەزگایەکی دیکە. |
| ٨ | ڕۆچون وقوڵبوونەوە | واتە قوڵبوونەوە بە ناخی زانیارییەکاندا و رومالکردنی سەرجەم ڕەهەندەکانی کێشەو دۆزەکان. |
| ٩ | ئامانجەکان | واتە ئامانجی دەزگاکە لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکان. |
| ١٠ | پەیامەکان | مەبەست لە و پەیام و بانگەوازانەیە کە ڕاپۆرتەکان ئاراستەی وەرگرەکانیان کردوە. |
| ١١ | هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان | مەبەست لە دروستی و وردبینی و پاکتاو کردنی ئەو زانیاریانەیە کە پەیوەست بە دۆزەکانی ڕاپۆرتەکان بەدەستی دەهێنین و پاش دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستیان بەکاریان دەهێنین. |
| ١٢ | سەرچاوەکانی زانیاری | مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە ڕاپۆرتەبنکۆڵکارییەکان کەڵکیان لێوەرگرتیووە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەست بە دۆزی ڕاپۆرتەکان. |
| ١٣ | پێوەرەکانی دەستنیسانکردنی دۆزەکان | مەبەست لەو پێوەرانەیە کە پێویستە لە هەر دۆزێکی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی ڕەچاوبکرێت، بۆئەوی بتوانرێت بەڕێبازی بنکۆڵکاریی کاری لەسەربکرێت و لەکۆتایدا هەوڵ ماندوبونەکانی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی بەفیرۆنەچێت. |
| ١٤ | ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکان | مەبەست لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکان دارشتنی کۆتایی ڕاپۆرتەکانە، بەپێی ئەو مەرج و بنەمایانەی کە پێویستە لەهەر ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاریی ئاماژەی پێبدریت. |

## ٦. ڕێکارەکانی دروستی و جێگیری شیکاری ناوەڕۆک

### ١/ دروستی

دروستی شیکاری ئاماژەیە بۆ ئاستی دروستی ئەو ڕێگا و شێوازانەی کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ پێــوانەکردنی بــابەت و بیرۆکەکــان و کــۆی ئەو دەســتە یــاخود بڕگــانەی کەتــوێژەر هەوڵــی پێوانەکردنیان دەدات، بەرەچاوکردنی ئاستی روونی و گونجـاوی دەسـتەو یەکەکـانی شـیکاری لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە.[١]

بەمەبەستی گەیشتن بە ئاستی دروستی توێژینەوەکەی توێژەر ڕێگـایەکی زانسـتی گرتـۆتە بەر کە بــریتیە لە ئاراســتەکردنی فــۆرمی شــیکارینامەکەی بــۆ کۆمەڵێــک لە شــارەزایانی بــواری توێژینەوەکەی بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنێکی زانسـتیانە،[٢] تـوێژەر ئەم ڕێگـایەی بەکارهێنـاوە بەمەبەســتی زانینــی ئاســتی دروســتی و زانینــی بۆچــوونی زانســتی و بابەتیــان و هەروەهــا هەبوونی مەرجەکانی پێوانەکردن لە دەستە و یەکەکانی شیکاری و ناسـاندنەکانیان پەیوەسـت بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی، لە ئەنجامدا تـوێژەرە شایسـتەیی فـۆرمی تـوێژینەوەکی بەرێـژەی (٩١%) دەســتکەوت، بەبەکارهێنــانی ئەو هاوکێشــەیەی کە لە خــوارەوە ڕونکــراوەتەوە، بــۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئاستی شایستەی و دروستی دەستەکانی تـوێژینەوەکە، بـڕوانە خشـتەی (٤).

- **هاوکێشەی دروستی**

ژمارەی بڕگەکان × ژمارەی شارەزایان = کۆی گشتی بڕگەکان

$$378 = 7 \times 54$$

$$\text{ئاستی دروستی} = \frac{\text{کۆی بڕگە پەسەندکراوەکان}}{\text{کۆی بڕگەکان بەگشتی}} \times 100 = \frac{344}{378} \times 100 = 91$$

---

بڕوانە:

[١] - سعد سلمان المشهداني، منهجية البحث العلمي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٠.

[٢]- اسماء عبدلمطلب بني ويس، دليل مبتدىء إلى المناهج العامة في البحث العلمي، (دار النفـائس للنشـر والتوزيـع، عمـان- ٢٠١٨)، ص٢٣٦.

خشتەی (٤) بۆچوونی شارەزایان تایبەت بە فۆرمی شیکارینامە[١]

| ژ | دەستەکان | ژمارەی یەکەکان | دروست | % | نادروست | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رونکاریە تایبەتیەکان | ١٠٥ | ٩٩ | ٢٦.١٩ | ٦ | ١.٥٨ |
| ٢ | زانستیبوون | ٢٨ | ٢٥ | ٦.٦١ | ٣ | ٠.٧٩ |
| ٣ | رەسەنایەتی | ٢١ | ١٩ | ٥.٠٢ | ٢ | ٠.٥٢ |
| ٤ | رۆچوون وقوڵبوونەوە | ٣٥ | ٣١ | ٨.٢٠ | ٤ | ١.٠٥ |
| ٥ | هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان | ٢٨ | ٢٦ | ٦.٧٨ | ٢ | ٠.٥٢ |
| ٦ | ئامانجەکان | ٤٢ | ٣٨ | ١٠.٠٥ | ٤ | ١.٠٥ |
| ٧ | پەیامەکان | ٢١ | ١٨ | ٤.٧٦ | ٣ | ٠.٧٩ |
| ٨ | سەرچاوەکانی زانیاری راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان | ٣٥ | ٣١ | ٨.٢٠ | ٤ | ١.٠٥ |
| ٩ | پێوەرەکانی دۆزی راپۆرتەکان | ٢٨ | ٢٥ | ٦.٦١ | ٣ | ٠.٧٩ |
| ١٠ | ئەنجامی راپۆرتەکان | ٣٥ | ٣٢ | ٨.٤٦ | ٣ | ٠.٧٩ |
| ١١ | کۆ | ٣٧٨ | ٣٤٤ | ٩١ | ٣٤ | ٩ |

---

١. شارەزایان:

- پ.د.هێرش رەسوڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی تەکنیکی میدیا.
- پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.
- پ.ی.د.حەبیب ئیبراهیم، زانکۆی رۆربۆخۆم، پەیمانگای زانستی راگەیاندن، ئەڵمانیا.
- پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید. زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.
- پ.ی.د. پاڤێ جەمیل. زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.
- پ.ی.د.باقر داود، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، بەشی تەکنیکی میدیا.
- د.ئەکرەم فەرەیدون، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی راگەیاندن.

**٢/ جێگیری**

مەبەست لە جێگیری واتە هاوتابوون یاخود گەیشتن بە هەمان ئەنجامی شیکار ی لە رێگەی دووبارە شیکردنەوەی هەمان بابەت  لەهەمان کات و بارودۆخی خۆیدا، لەو سۆنگەیەوە توێژەر پشتی بەستووە بە هاونەوایی* نێوان دوو توێژەری جیاواز بۆ گەیشتن بە ئاستی جێگیری توێژینەوەکەی.(١) پاش دووبارەکردنەوەی پرۆسەی شیکاری بۆ رێژەی (١٠%) نموونەی توێژینەوەکە، ئاستی جێگیری بریتی بوو لە (٩٠.٥٤) بە پێی هاوکێشەی جێگیری کە لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

- **هاوکێشەی جێگیری**

$$\text{رێژەی جێگیری} = \frac{2\text{م}}{\text{ن١}+\text{ن٢}}$$

م٢= ژمارەی ئەو بڕگانەی کە دوو شیکەرەوەکە لەسەری کۆکن.

ن١=  ژمارەی ئەو برگانەی کە شیکەرەوەی یەکەم شیکاری کردوون(١).

ن٢= ژمارەی ئەو برگانەی کە شیکەرەوەی دووەم شیکاری کردوون  (٢).

$$90.54 = 100 \times \frac{67}{74} = \frac{35 + 32}{37 + 37}$$

---

بڕوانە:

١- عصام حسن احمد الدليمى، على عبدلرحيم صالح، البحث العلمي اسسه ومناهجه، (دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان- ٢٠١٤)، ص١٧١.

# پاژی دووەم

- خستنەڕووی ئەنجامەکان
- دەرئەنجام
- ڕاسپاردە
- پێشنیار

### یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان.

### ١/ رونکارییە تایبەتییەکانی راپۆرتەکان

#### ١/١.وەرگری مەبەست

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە جۆری ئەو وەرگرانەی کە راپۆرتەکانیان ئاراستە کراوە، بەپلەی یەکەم ئاراستەی جەماوەر بەگشتی کراوە، بەرێژەی (٥٢%)، پاشان برگەی گشتی و تایبەت پلەی دووەمی وەرگرتووە بەرێژەی (٣٥%)، ئەم رێژەیەش ئاماژەیە بەوەی پەیامەکان جگە لە تایبەتمەندێتی گشتی ئاراستەی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵیش کراوە و دۆخەکەیان خراوەتە ڕوو، دواتر بڕگەی تایبەتی پەیامەکان دێت واتە پەیامەکان ئاراسەی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵ کراون. کەئەمەش پلەی سێیەمی خشتەکەی گرتووە بەرێژەی (١٣%)، ئەم ئەنجامانەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە پەیامە رۆژنامەوانییەکان ئاراستەی وەرگر بەگشتی دەکرێت، چونکە پەیامەکان رەنگدانەوەی دۆخی ژیانی کۆمەڵن بەگشتی، بەڵام بەدەر لە گشتێتی پەیامە رۆژنامەوانییەکان زۆر جار ئەم پەیامانە دەبنە جێ بایەخی دەستە و گروپێکی تایبەت لە کۆمەڵ بە بەراورد بە کۆی گشتی تاکەکانی کۆمەڵ، بۆ نموونە کاتێک دۆزێکی وەرزشی کاری لەسەر دەکرێت، دەکرێت ببێت بە پەیامێکی گشتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژی وەرزشکاران زیاتر گرنگی پێدەدەن و دەبێتە جێی بایەخیان، کاریگەری زیاتر لە سەر توێژی وەرزشکاران جێدەهێڵێت، زۆر جاریش ئەم پەیامانە هەردوو رەهەندی گشتێتی، تایبەت لەخۆ دەگرێت. بڕوانە خشتەی(٥)

| خشتەی ( ٥) وەرگری مەبەست | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | رێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | تایبەت | ٣ | ١٣ % | سێیەم |
| ٢ | گشتی | ١٢ | ٥٢ % | یەکەم |
| ٣ | گشتی+ تایبەت | ٨ | ٣٥ % | دووەم |
| ٤ | کۆ | ٢٣ | ١٠٠ % | |

### ٢/١.ڕەگەزی ڕاپۆرتساز

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی کە تەواوی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکان بە ڕێژەی(١٠٠%) بریتی بوونە لە ڕەگەزی **نێر** و لەپلەبەندی یەکەمدا دێن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکەی کۆمەڵ ڕەگەزی **مێ** بەشداریەکی ئەوتۆی پێنەکراوە یاخود بواری بۆ نەرەخسێنراوە بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانی خۆیان لەم جۆرەی ڕاگەیاندن بسەلمێنن. بڕوانەخشتەی(٦).

| خشتەی (٦) ڕەگەزی ڕاپۆرتساز | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | نێر | ٢٠ | %١٠٠ | یەکەم |
| ٢ | مێ | ٠ | %٠ | - |
| ٣ | هەردوکیان | ٠ | %٠ | - |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | %١٠٠ | |

### ٣/١. ماوەی ڕاپۆرتەکان

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان بریتین لە ڕاپۆرتە کورتەکان بەڕێژەی(٨٥%) لەپلەبەندی یەکەمدا دێن، پاشان ڕاپۆرتە مامناوەندەکان لە پلەبەندی دووەمدا دێت بەڕێژەی(١٥%)، بەمەش هیچ ڕاپۆرتێک لە ڕاپۆرتەکان لە جۆری ڕاپۆرتە درێژەکان ئەژمار نەکراوە. ماوەی ڕاپۆرتەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ قەبارە پۆلێن دەکرێت کە بریتین لە "کورت، مامناوەند، درێژ" بەجۆرێک ڕاپۆرتە درێژەکان بریتین لەو ڕاپۆرتانەی کە ژمارەی وشەکانی زیاتر بێت لە (٣٠٠٠) ووشە و لەدۆخی نوسراودا و زیاتر لە (٣٠) خولەک لە دۆخی تۆمارە ڤیدۆییەکان، هەروەها ڕاپۆرتە مامناوەندەکان بریتین لەو ڕاپۆرتانەی کە ژمارەی وشەکانی لە نێوان (٢٥٠٠-٣٠٠٠) ووشەبێت لە دۆخی نوسراو داو، (١٥-٣٠) خولەک بێت لەدۆخی تۆمارە ڤیدۆیەکان، هەروەها ڕاپۆرتە کورتەکان بریتین لەو ڕاپۆرتانەی کە ژمارە

وشەکانینان بریتین لە کەمتر لە(٢٥٠٠) ووشە لەدۆخی نوسراو دا نزیکەی (١٥) خولەک لە دۆخی تۆمارە ڤیدۆییەکاندا.[1] بڕوانە خشتەی(٧).

| خشتەی (٧) ماوەی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | کورت | ١٧ | ٨٥ % | یەکەم |
| ٢ | مامناوەند | ٣ | ١٥ % | دووەم |
| ٣ | درێژ | ٠ | ٠ % | سێیەم |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ % | |

### ٤/١. شێوازی خستنە ڕوی ڕاپۆرتەکان

بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتەکان بە دوو شێوەی سەرەکی نمایش دەکرێن کە ئەوانیش بریتین لە( نوسراو-دەق، تۆماری ڤیدۆیی) ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە ڕاپۆرتەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە تۆماری ڤیدۆیی بەڕێژەی (١٠٠%) و لە پلەبەندی یەکەم دێن، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی پیگەکە زیاتر بایەخی بە تۆمارە ڤیدۆیەکان دەدات بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و هێنانەدی ئامانجەکانی، بڕوانە خشتەی (٨).

| خشتەی (٨)شێوازی خستنە ڕوی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | ڤیدۆ | ٢٠ | ١٠٠ % | یەکەم |
| ٢ | دەق | ٠ | ٠ % | - |
| ٣ | دەق+ وێنە | ٠ | ٠ % | - |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ % | |

[1] . حسن منصور، التحقيقات الاستقصائية في العالم العربي..الاهتمامات وأساليب الإعداد والكتابة والتقديم، **المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال**، العدد(٢٤)-يناير/مارس-٢٠١٩.ص٤.

**٥/١. سنوری جوگرافی دۆزی راپۆرتەکان**

دۆزی راپۆرتەکان لەروی سنوری جوگرافیەوە بەشێوەیەکی سەرەکی پۆلێن دەکرێن بۆ سێ سنووری جوگرافی کە بریتین لە( خۆجێیی، نیشتیمانی، دەرەکی) ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە دۆزی راپۆرتەکانی نموونەی تویژینەوەکە بەسەرسنووری دوو جۆریاندا دابەش بوونە، بەجۆرێک هەردوو جۆری سنوری(خۆجێی، نیشتیمانی) لەهەمان ئاست بەپلەی یەکەم و بەهەمان ریژەی (٥٠%) دابەش بوون، لەکاتێکدا هیچ دۆزێکی راپۆرتەکان لە جۆری دۆزی راپۆرتە دەرەکیەکان کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی تێڕوانینی ماڵپەڕەکان بۆ دۆزەکان تێڕوانینێکی ناوەکیە و نەیانتوانیوە وەرگرانی هەرێمی کوردستان بە دۆزە دەرەکیەکان ئاشنا بکەن، کە دەکرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریان بەسەر تاکی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، لەلایەکیترەوە دەکرێت ئاماژەبێت بەوەی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە تێروانینێکی دەرەکیان هەبێت لەکارەکانیان و تائیستاش شیوازی کارکردنی لۆکاڵی بەسەر کارکردنیاندا زاڵە. بڕوانە خشتەی(٩).

| خشتەی (٩) سنوری جوگرافی دۆزی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | خۆجێیی | ١٠ | ٥٠ % | یەکەم |
| ٢ | نیشتمانی | ١٠ | ٥٠ % | دووەم |
| ٣ | دەرەکی | ٠ | ٠ % | سێیەم |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ % | |

**٢/ ئاماژە پێکهاتەییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی**

**١/٢. زانستیبوون**

راپۆرتی بنکۆڵکاریی ڕێبازی زانستی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە راپۆرتساز لەکاتی کارکردن رەچاوی هەنگاوە زانستیەکانی کاری بنکۆڵکاریی بکات بۆئەوەی بتوانرێت کارەکەی بە کارێکی بنکۆڵکاریی هەژمار بکرێت، ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە راپۆرتەکانی نموونەی

تـوێژینەوەکە پشـتی بە بەڵـگەو سـەلماندن بەسـتووە بەرێـژەی(٣٧.٥%) لە پلەبەنـدی یەکەمـی زانسـتیبوونی راپۆرتەکـان هەژمـار دەکرێـت چـونکە بەڵـگەو سـەلماندن هەنگـاوێکی گرنـگ و زانستی راپۆرتی بنکۆڵکارییە هەرکارێکی بنکۆڵکاریی بەڵگە و سەلماندنی دروستی لەگەڵ نەبێ ئەوا بە کارێکی زانستی بنکۆڵکاریی ئەژمار ناکرێت، پاشان گریمانەسازی دێت بە پلەی دووەم و بەرێـژەی (٣٠%)، کە ئەمەش هەنگـاوێکی زانسـتی و گرنگـی راپـۆرتی بنکۆڵکـارییە و پێویسـتە رۆژنامەوانی بنکۆڵکار کێشەی راپۆرتەکەی بەگریمانە بکات بۆئەوەی بتوانێت کاری لەسەر بکات و هەوڵی سەلماندنی بـدات، ئەم ئەنجـامەش ئامـاژەیە بەوەی کە راپۆرتەکـان یەکێکـی دیـکە لە بنەمازانستەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی تێدا پەیـڕەو کـراوە و کە ئەویـش گریمـانەیە و زۆریـنەی راپۆرتەکان گریمانە سازی بۆکراوە ، هاوکات دانانی لە پرس پلەبەندی سێیەمدا هاتووە بەرێژەی (٢٠ %)، ئەمەش یەکێکـی دیـکە یە لە هەنگاوەزانسـتیەکانی هەرکـارێکی بنکۆڵکـاریی بەهەمـان شـێوە بەشـێک لە راپۆرتەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بە دانـانی پـرس و هەنگاونـان بـۆ وەڵامدانەوەیان دەستان بەئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاریی کردووە، پاشان سەلماندنی کردەیی لە پلەبەنـدی چوارەمـدا دێـت بەرێـژەی ( ١٢،٥%)، کە ئەمەش ئامـاژەیەکی دیـکەی زانسـتیبوونی راپۆرتەکانە بەوەی بەشێک لە راپۆرتەکانی نـموونەی توێژینەوەکە پشتی بە سەلماندنی کردەیی بەستووە واتە بە کردەیی دۆزەکەی خستۆتە ڕوو. بڕوانە خشتەی(١٠).

| خشتەی(١٠) زانستیبوون | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | گریمانەسازی | ١٢ | ٣٠ % | دووەم |
| ٢ | پرسیار | ٨ | ٢٠ % | سێیەم |
| ٣ | هەبوونی بەڵگەو سەلماندن | ١٥ | ٣٧،٥ % | یەکەم |
| ٤ | سەلماندنی کردەیی | ٥ | ١٢،٥ % | چوارەم |
| ٥ | کۆ | ٤٠ | ١٠٠ % | |

### ٢/٢. ڕەسەنایەتی

ئەنجامەکـان ئامـاژەن بەوەی کە تێکـڕای ڕاپـۆرتە بنکۆڵکارییەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە ڕاپۆرتی ڕەسـەنی مـاڵپەڕی مەبەسـتن بە ڕێـژەی **(١٠٠%)** لە پلەبەنـدی **یەکەمـدا** دێـن و لەلایەن ڕۆژنامەوانی ماڵپەڕەکەوە ئامادەکراوە و خودی ماڵپەڕەکە سەرپەرشتی ڕاپۆرتەکـانی کـردووە، چونکە ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی دەبێت کاری تایبەتی خودی ئەو دەزگایەبێـت کە ڕاپـۆرتەکەی تێـدا بڵاو دەکرێتەوە، واتە نابێت پێشتر و لەدەزگایەکی دیکەی ڕۆژنامەوانی کارەکە بڵاو کـرابێتەوە، بڕوانە خشتەی (١١).

| خشتەی (١١) ڕەسەنایەتی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | ڕاپۆرتی ماڵپەڕەکەن | ٢٠ | ١٠٠ % | یەکەم |
| ٢ | ڕاپۆرتی دەرەکین | ٠ | | - |
| ٣ | ڕاپۆرتی هاوبەشن | ٠ | | - |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ % | |

### ٣/٢. ڕۆچوون و قوڵبوونەوە

پرۆسەی ڕۆچوون و قوڵبـونەوە تایبەتمەنـدی و هەنگـاوێکی بـنەڕەت و پێویسـتی ڕاپۆرتەکـانە، واتە هەر دۆزێک یاخود کێشە و بابەتێـک کاتێـک ڕۆژنـامەوانی بنکۆڵکـار بیەوێـت کـاری لەسـەر بکات دەبێت کردەی ڕۆچوون و لە بەرچـاو بگرێـت و بەتەوای قـوڵ ببێـتەوە لەرەهەنـدەکانی و نابێـت تەنیـا گرنگی بە ڕەهەنـدێک یـاخود چەنـد ڕەهەنـدێکیان بـدات و ڕەهەنـدەکانی دیـکەی دۆزەکان فەرامۆش بکات، دواتر پێویستە توێ توێی هەر ڕەهەندێکی بکـات تادەگـات بەوەی کە خۆی بەدوایدا دەگەڕێت و پاشان شیکاریان بۆ بکات و مانا و ئاماژەکان بـۆ وەرگـر ڕونبکـاتەوە، دواتر لێکدانەوەیان بۆ بکات و تاو توێی کۆی دۆزەکە بکات، لەو ڕوانگەیەوە ئەنجامەکا ئاماژەن بەوەی کە کردەی شیکاری لە پلەبەنـدی یەکەمـدا دێـت بە ڕێـژەی (٢٢.٥%) واتە بە پـلەی یەکەم شیکاری بـۆ دۆزەکە کـراوە، پاشـان گەڕانـی قـوڵ کە یەکێـکی دیـکەیە لە هەنگاوەکـانی کـردەی

ڕۆچوون کە لە پلەبەندی دووەمدا دێت بەڕێژەی (٢١%)، ڕیۆرتساز پێویستە بە قوڵی بچێتە ناو هەر بابەتێک یاخود دۆزێکی هەر کردەیەکی بنکۆڵکاریی و نابێت بە شێوەیەکی رووکەش دۆزەکە رووماڵ بکات، پاشان رووماڵی رەهەندەکانی دۆزەکە کە لەپلەی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (٢٠% )، چونکە هەر دۆزێک چەندین رەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویستە کۆی رەهەندەکای دۆزەکان لە بەرچاو بگیرێت، ناکرێت لەیەک گۆشەنیگاوە دۆزەکان رووماڵ بکرێت، پاشان لێکدانەوە و تاوتوێکردن لە پلەی چوارەمدا دێت بە ڕێژەی(١٩%) کە هەنگاوێکی دیکەیە کە پێویستە راپۆرتساز لێکدانەوەی بابەتی و زانستی و واقعیانە بۆ ئەو داتا و زانیاری و بەڵگانە بکات، هاوکات راڤەکردنی پێکاهاتەکانی دۆزەکەش یەکێکی دیکەیە لە هەنگاوەکانی سازاندنی راپۆرتەکان کە پێویستە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی فەرامۆشی نەکات کە بریتیە لە راڤەکردنی رەهەندەکانی دۆزەکە بۆ پێکهاتە سەرەکیەکانی خۆی لە رێگەی راڤەکردنێکی بابەتی و زانستیانە ئەمەش لە پلەبەندی پێنجەمدا دێت بەرێژەی (١٧.٥%). بڕوانە خشتەی (١٢)

| خشتەی (١٢): ڕۆچوون و قوڵبوونەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
| ١ | راڤەکاری | ١٤ | % ١٧.٥ | پێنجەم |
| ٢ | شیکاری | ١٨ | % ٢٢.٥ | یەکەم |
| ٣ | روماڵی رەهەندەکانی دۆزەکە | ١٦ | % ٢٠ | سێیەم |
| ٤ | گەڕانی قوڵ | ١٧ | % ٢١ | دووەم |
| ٥ | لێکدانەوە و تاوتوێکردن | ١٥ | % ١٩ | چوارەم |
| ٦ | کۆ | ٨٠ | % ١٠٠ | |

### ٤/٢. هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان

راپۆرتی بنکۆڵکاریی پشت بە زانیاری ورد و دروست و باوەڕ پێکراو دەبەستێت، کەواتە بۆئەوەی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار بتوانێت زانیاریەکی ورد و دروستی دەستبکەوێت پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو زانیاریانە بکات کە دەستی دەکەوێت پێش ئەوەی پشتیان پێببەستێت یاخود ببێتە بنەمای داڕشتن و سازاندنی راپۆرتەکەی، ئەمەش لە رێگەی پرۆسەی

هەڵسـەنگاندنێکی بـابەتی و زانسـتیانە بـۆ ئەو زانیاریـانەی کە دەسـتی کەوتـووە یـاخود مەبەسـتێتی بەکاریـان بهێنێـت، بەشـێوازی وردبینـی و دروسـتی و رەخنەلیگـرتن و پاکسازیکردنیان تا گەیشتن بەو زانیاریانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات، لەو روانگەیەوە ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی ڕاپۆرتەکانی نموونەی تویژینەوەکە بەشێوەیەکە کە راپۆرتەکان بەپلەی یەکەم و بەرێـژەی ( ٣١%) هەڵسـەنگاندنی بـۆ ئاستی دروستی زانیارییەکان کـردووە، پاشـان پاکسـازیکردنی زانیارییەکـان لە پـلەی دووەمـدا دێت بە ڕیژەی(٣٠%)، دواتـر وردبینـی کردنـی زانیارییەکـان یەکێکـی دیـکەیە لەهەنگاوەکـانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە پلەی سێیەمدا دێت بەرێژەی (٢٣%)، هەروەهـا رەخـنەی زنیاریەکـان لە پلەی چوارەمدا دێت بەریژەی(١٣%). بەم شـێوەیە دەکرێـت بوترێـت راپۆرتەکـانی نمـوونەی توێژینەوەکە بە ئاستی جیا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی ئەنجامـداوە. بڕوانەخشتەی(١٣).

| خشتەی (١٣) هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | وردبینی زانیارییەکان | ١٧ | ٢٦ % | سێیەم |
| ٢ | دروستی زانیارییەکان | ٢٠ | ٣١ % | یەکەم |
| ٣ | رەخنەی زانیارییەکان | ٨ | ١٣ % | چوارەم |
| ٤ | پاکسازیکردنی زانیارییەکان | ١٩ | ٣٠ % | دووەم |
| ٥ | کۆ | ٦٤ | ١٠٠ % | |

### ٥/٢. ئامانجی راپۆرتەکان

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە ئامانجی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رایگشتی بە پـلەی یەکەم دێـت بە ڕێـژەی(٢٤%)، دواتـر گەیشـتن بە راسـتیە شـاراوەکان کە یەکێکـی دیـکەیە لە ئامانجەکـانی راپۆرتەکان لە پلەی دووەمدا دێت بە رێژەی (٢١%)، کە راپۆرتەکان هەوڵـی بەدەسـتهێنانیان بـۆ داوە، پاشان ئامـانجی دەرخسـتنی هەڵە و کەمووکوریەکـانی دامەزراوەکـانی کـۆمەڵ یەکێکـی دیکەیە لە ئامانجەکان کە پلەبەندی سێیەمی ئامانجەکانی گرتووە بەرێژەی (١٦%)، پاشان کردە

ئابروچووەکان "الفضيحة" ئامانجێکی گرنگی راگەیاندنی بنکۆڵکارییە کە لەپێناویدا کاردەکات، یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە کاری بۆکردووە بە جۆرێک لە پلەبەندی چوارەمدا دێت بە رێژەی(١٤%)، هەروەها ئاگادارکردنەوە لە مەترسیەک ئامانجێکی دیکەیە و لە پلەبەندی پێنجەمدا دێت بەرێژەی(١٣)، کۆتا ئامانج کە راپۆرتەکان هەوڵی بەدەستهێنانیان داوە ئامانجی ئاشکراکردنی گەندەڵەیەکی شاراوەیە کە لە پلەبەندی شەشەم دێت بە رێژەی(١٢%). ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە هەرکارێکی زانستی ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە بێگومان راگەیاندنی بنکۆڵکارییش بەدەر لە ئامانجە گشتیەکانی راگەیاندن، ئاماجی تایبەت بەخۆی هەیە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەدات، لەو روانگەیەوە ئەو ئامانجانەی کە لەئەنجامی ئەم توێژینەوەی بەدەستیهێناوە لە گرنگترین ئەو ئامانجانەن کە کە راپۆرتەکانی نمونەی توێژینەوەکە هەوڵی بەدەستهێنانی داون و کاری بۆ کردوون. لێرەوە دەکرێت بوترێت راپۆرتەکان بەبێ ئامانج نەبوون ئامانجی خۆیان دەستنیسان کردووە و تا رادەیەکی باش و بەرێژەی جیاواز هەوڵی بەدەستهێنانی داون، بڕوانە خشتەی(١٤).

| خشتەی (١٤) ئامانجی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | رێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | گەیشتن بە راستیە شاراوەکان | ١٨ | ٢١ % | دووەم |
| ٢ | ئاشکراکردنی گەندەڵیەکی شاراوە | ١٠ | ١٢ % | شەشەم |
| ٣ | ئاشکراکردنی کردە ئابڕوچونەکان "فضيحة" | ١٢ | ١٤ % | چوارەم |
| ٤ | هەوڵدان پێکهێنانی رایگشتی | ٢٠ | ٢٤ % | یەکەم |
| ٥ | دەرخستنی هەڵە و کەموو کوڕیەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵ | ١٣ | ١٦ % | سێیەم |
| ٦ | ئاگادارکردنەوە لە مەترسیەک | ١١ | ١٣ % | پێنجەم |
| ٧ | کۆ | ٨٤ | ١٠٠ % | |

## ٦/٢. پەیامی ڕاپۆرتەکان

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە پەیامی هۆشیارکردنەوەی دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکانی کۆمەڵ لە ئەنجامدانی کاری نایاسایی ریزبەندی یەکەمی ئەو پەیامانەی گرتووە کە ڕاپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە هەڵگری بوونە بەڕێژەی (٤٩%)، پاشان پەیامی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە کردە نایاساییەکانی کۆمەڵ یەکێکی دیکە لە پەیامەکان بەڕێژەی( ٣٣%) کە لە پلەبەدنی دووەمی خشتەکە خراوەتە ڕوو، واتە ڕاپۆرتەکان پەیامی هۆشیارکردنەوەیان داوە بە تاکەکانی کۆمەڵ  لەو کردە نایاساییانەی کە لە هەناویدا ڕوودەدەن، پاشان هۆشیارکردنەوەی کەسایەتیە گشتی و تایبەتیەکان لە ئەنجامدانی کردە ئابرووچونەکان"فضيحة" لە پلەبەندی سێیەمی  خشتەکە خراوەتەڕوو بەڕێژەی (١٨%)، ئەمەش یامێکی دیکەی ڕاپۆرتەکانە کە ئاراستەی کەسەیەتیە دیارەکانی کۆمەڵ کراوە لە ئەنجامدانی هەرکردەیەکی ناجۆر و ئاشکراکردنیان، بێگومان هەر کردەیەکی ڕۆژنامەوانی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک یاخود چەند پەیامێک ئاراستەی وەرگرەکانی دەکرێت، لێرەوە دەکرێت بڵێین ڕاپۆرتەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیەش هەڵگری چەند پەیامێکن کە لەڕێگەی ڕاپۆرتەکانەوە هەوڵیانداوە ئەو پەیامانە بە وەرگر و کەسایەتی و لایەنەکانی پەیوەست بە دۆزی ڕاپۆرتەکان ئاگاداربکەوەنەوە لەوەی دەکرێت ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن هەموو ئەو کردە نەخوازراوانە ئاشکرا بکات کە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەنجامبدرێن، جا ئیتر ئەم کردانە لەلایەن کەسایەتیە گشتی و تایبەتیەکان یاخود دامەزراوەکان ئەنجامبدرێت. بڕوانە خشتەی(١٥).

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| | خشتەی (١٥)پەیامی ڕاپۆرتەکان | | | |
| ١ | هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە کردە نایاساییەکانی کۆمەڵ | ١١ | ٣٣ % | دووەم |
| ٢ | هۆشیارکردنەوەی دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان لە ئەنجامدانی کاری نایاسایی | ١٦ | ٤٩ % | یەکەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | هۆشیار کردنەوەی کەسایەتیە گشتی و فەرمیەکان لە کردە ئابڕوچوونەکان "**الفضيحة**" | ٦ | ١٨ % | سێیەم |
| ٤ | کۆ | ٣٣ | ١٠٠ % | |

**٧/٢. پێوەرەکانی دۆزی راپۆرتەکان**

یەکێک لە ئاماژەکانی سەرکەوتنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی هەڵبژاردنی ئەودۆزە یاخود کێشەو بابەتانەیە کە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی کاری لەسەردەکات، رەنگە هەموو دۆزێک ئەگەر رەگەزەکانی" راستەقینەیی، زانین، بایەخ، ئاشکراکردن" لە خۆنەگرێت ئەوا دەکرێت لەئەنجامدا چیرۆکێکی باشی لێدەرنەچێت یاخود بە راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی ئەژمار نەکرێت، چونکە دواجار رۆژنامەوانی بنکۆلکار ناگات بەو ئامانجانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات و ماندووبونی بە فیڕۆ دەچێت، لەو روانگەیەوە ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی ئاستی رەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی کە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەچاوی کردووە لە هەڵبژاردنی دۆزی راپۆرتەکان بەجۆرێکە کە پێوەری ئاشکراکردن پلەبەندی یەکەمی گرتووە بەرێژەی (٣٤%)، کە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی راپۆرتەکان دۆزێکی شاراوەیان ئاشکرا کردوە واتە تەنیا کارلەسەر ئەو دەنگۆیانە کراوە کە پێشتر پەی پێبراوە یاخود لەلایەن کەسایەتی دامەزراوە فەرمیەکانەوە هەوڵی شاردنەوەیان دراوە، پاشان پێوەری بایەخ- کەڵک، لە پلەبەندی دووەمدا دێت بەڕێژەی( ٢٥%)، وەک ئاماژەیەک بەبایەخی دۆزەکە بەلای تاکەکانی کۆمەڵ چونکە رۆژنامەوانی بنکۆڵکارپێویستە کار لەسەر دۆزێک بکات جێی بایەخ و کەڵکی کۆمەڵ و تاکەکانی بێت، هەروەها پێوەری زانین لە پلەبەندی سێیەمدا دێت بەرێژەی (٢٢%)، کە گوزارشتە لە سەر تیشک خستنە سەر زانیاری نوێ، پێویستە ئەو دۆزانەی کاری لەسەر دەکرێت زانیاری نوێیان لەسەر ئاشکرابکرێت واتە ئەو زانیاریانەی کە پێشتر پەی پێنەبراوە، دواتر پێوەری راستەقینەیی دێت بەرێژەی(١٩%) کە لە پلەبەندی چوارەمی خشتەکە ڕونکراوەتە، ئەمەش ئاماژەیە بە واقعیبوونی دۆزی راپۆرتەکان. دەکرێت لێرەوە ئاماژە بەوە بدەین کە دۆزی راپۆرتەکان گونجاو بونە بۆ ئەوەی بە رێبازی زانستی راپۆرتی بنکۆڵکاریی کاریان لەسەر

بكرێت و له ئەنجامدا راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی لێ بەرهەمبێت و ماندوو بوونی رۆژنامەوانی بنکۆڵکار بەفیڕۆنەچێت. بڕوانە خشتەی(١٦).

| خشتەی (١٦) پێوەرەکانی دۆزی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | رێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | راستەقینەیی (واقعي) | ٢٠ | ١٩ % | چوارەم |
| ٢ | زانین | ٢٣ | ٢٢ % | سێیەم |
| ٣ | بایەخ- کەڵک | ٢٦ | ٢٥ % | دووەم |
| ٤ | ئاشکراکردن | ٣٥ | ٣٤ % | یەکەم |
| ٥ | کۆ | ١٠٤ | ١٠٠ % | |

**٨/٢. سەرچاوەکانی زانیاری راپۆرتەکان**

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوە وەک سەرچاوەی زانیارییەکانی بەکاری هێناون یاخود کەڵکی لێوەرگرتوون بە جۆرێکە کە شارەزایانی تایبەتمەند لە پلەی یەکەمی سەرچاوەکان ئەژمار دەکرێت بەرێژەی(٣١%)، پاشان دامەزراوە فەرمیەکان و شایەدحاڵەکان بەیەک ئاست لە پلەبەندی دووەمی سەرچاوەکان دێن بەرێژەی(٢٦%)، دواتر قوربانیەکان یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوەکان لە پلەبەندی سێیەمی سەرچاوەکان دێت بە رێژەی(١٣%)، بە پێی ئەم ئەنجامانەش بێت دەتوانین بڵێین زانیاری راپۆرتەکان لە زۆرێک لەو سەرچاوانەوە وەرگیراون کە راپۆرتی بنکۆڵکاریی پشتی پێدەبەستن لە دەستکەوتنی زانیارییەکانیان، چونکە سەرچاوەکانی زانیاری تایبەتمەندیەکی دیاری راپۆرتەکانە، رۆژنامەوانی بنکۆڵکار ناتونێت زانیاری لە هەموو سەرچاوەیەک وەربگرێت یاخود هەموو سەرچاوەیەک نابێت بە سەرچاوەی زانیاری بۆ راپۆرتی بنکۆڵکاریی، بەڵکو هەندێک لەسەرچاوەکان دەکرێت تەنها ببن بە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی دروستی زانیارییەکان نەک سەرچاوەی سەرەکی راپۆرتەکان، بڕوانە خشتەی (١٧).

| ژ | بڕگەکان | دوبارە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| | خشتەی (١٧) سەرچاوەکانی زانیاری ڕاپۆرتەکان | | | |
| ١ | دامەزراوە فەرمیەکان | ١٤ | ٢٦ % | دووەم |
| ٢ | قوربانیان | ٧ | ١٣ % | چوارەم |
| ٣ | شایەدحاڵەکان | ١٤ | ٢٦ % | سێیەم |
| ٤ | شارەزایانی تایبەتمەند | ١٧ | ٣١ % | یەکەم |
| ٥ | سەرچاوەی نادیار | ٢ | ٤ % | پێنجەم |
| ٦ | کۆ | ٥٤ | ١٠٠ % | |

**٩/٢. ئەنجامی ڕاپۆرتەکان**

ئەنجامەکـان ئامـاژەن بەوەی کە ئەنجـامی ڕاپۆرتەکـانی نـمونەی تـوێژینەوەکە بەجـۆرێکە خستنەڕووی دۆزەکان لە پلەبەندی یەکەمی ئەنجامەکان ئەژمار دەکرێت ڕێـژەی (٤٥%)، دواتـر سـەلماندنی گریمانەکـان لە پلەبەنـدی دووەم دێـت بە ڕێـژەی(٢٧%)، دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ دۆزەکان، پیشنار و ڕاسپاردە لە ئەنجامەگرنگەکانی هەر ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکارییـن و ڕاپۆرتەکـانی نمـوونەی ئەم تـوێژینەوەیە بەریـژەی(٥%) پێـی گەیشـتووە و لە پلەبەنـدی سـێیەمی خشـتەکە ئاماژەی پێکراوە. ئەم ئەنجامـانەش ئامـاژەیە بەوەی کە ڕاپۆرتەکـان بەزۆری دۆزەکانیـان تەنیـا گرنگیان بەخستنەڕووی دۆزەکان داوە و لە کۆتاییدا چارەسەری پێویستیان بۆ کێشەی دۆزەکان نەخسـتۆتە ڕوو، هەروەهـا پێشـنیار و ڕاسـپاردەیان ئاراسـتەی لایەنـی پەیوەندیـدار بە دۆزی ڕاپۆرتەکـان نەکـردووە. چـونکە یەکێـک لە تیبەتمەنـدیە گرنـگ و دیارەکـانی ڕاگەیانـدنی بنکۆڵکاریی ئەوەیە کە تەنیـا گرنگـی بە خسـتنەڕووی دۆزەکـان یـاخود کێشـەکان نـادات بەڵکـو پێویستە ڕۆژنـامەوانی بنکۆڵکـاریی بەدەر لە خسـتنەڕوو هەوڵـی دۆزینـەوەی چارسـەر کێشـەو دۆزەکان بدات و لە کۆتـایی ڕاپـۆرتەکەی بینخـاتەروو کە لە ئەنجـامی پرۆسـەی بنکۆڵکـارییەکە پێـی گەیشـتووە، لەگەڵ ئەوەشـدا پێشـنیار و ڕاسـپاردەکانی ئارسـتەی لایەنـی پەیوەندیـدار بە

دۆزی راپۆرتەکەی بکات، هەروەها سەلماندنی گریمانەکان و وەڵامدانەوەی پرس ی راپۆرتەکان کە تایابەت بە ناوەرۆکی دۆزەکان خراوەتە ڕوو یەکێکی دیکەیە لەو ئەنجامانەی کە پێویستە لە رۆژنامەوانی بنکۆڵکار لە کۆتایی توێژینەوەکەی پێی بگات، بڕوانە خشتەی(١٨).

| خشتەی (١٨) ئەنجامی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دوبارە | رێژەی % | پلەبەندی |
| ١ | خستنەڕووی کێشەکان | ٢٠ | ٤٥ % | یەکەم |
| ٢ | خستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشەکە | ٢ | ٥ % | چوارەم |
| ٣ | پێشنیار و راسپاردە | ٢ | ٥ % | چوارەم |
| ٤ | سەلماندنی گریمانەکان | ١٢ | ٢٧ % | دووەم |
| ٥ | وەڵامدانەوەی پرسیارەکان | ٨ | ١٨ % | سێیەم |
| ٦ | کۆ | ٤٤ | ١٠٠ % | |

**دووەم: دەرئەنجام**

لەبەر رۆشـانیی ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکەی و شـیکردنەوەی داتـا و زانیارییەکـانی خشـتەی شیکارینامەکە، توێژینەوەکە گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:.

١.رەچاوکردنی بنەما زانستیەکانی راپـۆرتی بنکۆڵکـاریی لەو راپۆرتـانەی کە تـاوتوێ کـراون لەم توێژینەوەیدا.

٢.زۆرێـک لە راپۆرتەکـان بەگریمـانە نەکـراون بەڵکـو لە شـێوازی داڕشـتنی "پـرس" پرۆسـەی بنکۆڵکارییەکە ئەنجامدراوە.

٣.هەمـوو زانیارییەکـانی راپۆرتەکـان بەبەڵـگەو سـەلماندن و سـەلماندنی کردەیـی پستڕاسـت کراونەتەوە، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگی زانستیبوونی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکانە.

٤.رەسەنبوونی کۆی ئەو راپۆرتانەی کە تاوتوێ کراون لەم توێژینەوەیدا.

٥.راپۆرتەکـان تـاڕادەیەکی بـاش پرۆسـەی رۆچـوون و قوڵبوونەوەیـان ئەنجامـداوە، رومـاڵی رەهەندەکانی دۆزی راپۆرتەکانیان کردووە، بەقوڵی بەدوای ئەو بەڵـگەو زانیاریـانەدا گەراون کە دۆزی راپۆرتەکان خواستویەتی.

٦. هەڵسەنگاندن بۆ زانیارییەکـانی راپۆرتەکـان ئەنجامـدراوە، بەشـێوەیەک هەوڵـی وردبینـی و دروستی زانیارییەکان دراوە، هەروەها بەرەخنە گرتن لە زانیارییەکـان توانیویـانە پاکسـازی لەو زانیاریانە بکەن کە بونەتە بنەمایەک لە سازاندنی راپۆرتەبنکۆڵکارییەکان.

٧.هانـدان بـۆ پێکهێنـانی رایگشـتی و ئاشـکراکردنی کـردە نایاسـاییەکانی نـاو کـۆمەڵ و دامەزراوەکانی لە دیارترین ئەو ئامانجانەن کە راپۆرتەکان هەوڵی بەدەستهێنانی داون.

٨.دۆزی راپۆرتەکـان هەمـوو ئەو پێـوەرانەی تێـدا ڕەچـاو کـراوە کە پێویسـتە لە هەر دۆزێکـی راپۆرتێکی بنکۆڵکارییدا هەبێت، بۆ ئەوەی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی بتوانێت کاری لەسەر بکات و هەوڵ ماندووبونەکی بەفیڕۆنەچێت.

٩.پشت بەستنی راپۆرتەکان بەوەرگرتنی زانیاری لەو سـەرچاوانەی یـاخود لەو کەس لایەنـانەی کە راستەوخۆ پەیوەستن بە دۆزی راپۆرتەکان.

١٠.پێشـنیار نەکردنـی یـاخود نەخسـتنەڕووی چارەسـەری گونجـاو بـۆ ئەو دۆزانـای کەپرۆسـەی بنکۆڵکـارییەکەی لەسـەر ئەنجامـدراوە، بەڵکـو زیـاتر هەوڵـی خسـتنەرووی کێشـەکە یـاخود دۆزەکانیـان داوە، هاوکـات پێشـنیار و راسـپاردەیان ئاراسـتەی لایەنـی پەیوەندیـدار بەدۆزی راپۆرتەکان پێشکەش نەکردووە.

١١.ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی بەدیارخست کە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەسەرەتاکانی کاری خۆیدایە لە هەرێمی کوردستان.کە ئەمەش پەیوەستە بە نەبـوونی ژینگەیەکـی لەبـار بـۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و هەروەها نەبوونی هۆشیاری پەیوەست بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لای کاربەدەستان و وەرگران لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: راسپاردە**

لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی توێژەر  بە پێویستی زانی چەند راسپاردەیەک ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەی ماڵپەڕی( دیپلۆماتیک مەگەزین) بکات، کە بریتین لە:.

١.پێویسـتە رەگەزەکـانی گریمـانە کە بـریتین لە" **ڕوداو، هۆکـار، کـارلێکراو**"  لە دارِشـتنی گریمانەکـان رەچـاوە بکرێـت، بـۆئەوەی بتوانرێـت گریمـانەیەکی زانسـتیانە دابرێژرێـت و رۆژنامەوانی توانای سەلماندنی هەبێت.

٢.راپۆرتی بنکۆڵکاریی تەنیا بریتی نیە لە خستنەرووی دۆزەکە یاخود کێشەکە بەڵکو پێویسـتە لەکۆتایدا چارەسـەری دۆزەکـان بخـرێتەڕوو، هەروەهـا پێشـنیار و راسـپاردە ئاراسـتەی لایەنـی پەیوەندیدار بە دۆزی راپۆرتەکان بکرێت.

٣.تەنیا کار لەسـەر پرسـە خۆجێیەکـان نەکرێـت، زیـاتر گرنگـی بەو دۆزانەی کـۆمەڵ بـدرێت کە رەهەندی نیشتیمانیان هەیە.

٤.هەوڵبـدرێت کـار لەسـەر دۆزە دەرەکیەکـانیش بکرێـت وبەتـایبەت ئەو دۆزانەی بەجۆرێـک لە جۆرەکان پەیوەستن بە دۆخی هەرێمی کوردستانەوە.

**چوارەم: پێشنیار**

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی توێژەر بە پێویستی زانی کە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە ئاراستەی دامەزراوە زانستیەکان و رۆژنامەوانان و توێژەران و دەزگا رۆژنامەوانییەکان بکات.

١.گرنگیدانی زیاتر بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەناوەندە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەشەکانی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی، بۆئەوەی بتوانرێت رۆژنامەوانی تایبەتمەند بە بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئامادەبکرێت.

٢.ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕی زانستی بۆ ئەو رۆژنامەوانانەی کە لەبواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی کاردەکەن، بۆئەوەی لە روی زانستیەوە زیاتر ئاشنابن بە رێباز و بنەما زانستیەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

٣.ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بۆدەرخستنی ئەو بەربەست  و ئاستەنگانەی کە رێگەلە بەرەو پێشچوونی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەگرن، هاوکات گرنگیدان بەو دەرفەتانەی کە کە رێگەخۆشکەرن لە گەشەکردنی.

٤.کردنەوەی بەشی تایبەت بەراگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە دەزگاکانی رۆژنامەوانی، هەروەها دەستگیرۆیی رۆژامەوانی بنکۆڵکار لەو دامەزراوانە و کارئاسانی بۆکردنیان لە روی کات و دارایی، سەرەڕای پاراستنیان لەروی ئەمنیەوە.

٥.هۆشیارکردنەوی دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکانی کۆمەڵ و کەسایەتیەکان لە گرنگی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و ئەو رۆڵەی دەیبینێت لە پێشخستنی کۆمەڵ، هەروەها ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆدەدات کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ کتێب

### ١. بەزمانی کوردی.

١. ئاراز رەمەزان ئەحمەد، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسی- رۆڵی ماڵپەڕەکان لەپێکهێنانی زانینی سیاسی لەهەرێمی کوردستام، لەبڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، بەبێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ٢٠١٩.

٢. ئێرڤینگ فانگ، و،گۆران سەباح، مێژووی هۆیەلی گەیاندن - شەش شۆڕشی زانیاری، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە٨٨٣، هەولێر،٢٠٠٩.

٣. رەئوف رەهنموون ، فەرهەنگی مەردۆخ، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، سنە،١٣٨٥ھ.

٤. سەروەت عبدڵا، تاوانە ئینتەرنێتیەکان لەنێوان یاساو ئەخلاقدا، چاپخانەی بابان،سلێمانی-٢٠١٠.

٥. ساقی بارزانی، جۆرنالیزم دەروازەیەک بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانەو ئەکادیمی، چاپخانەی ئاراس- هەولێر،٢٠١٠.

٦. سامان فەوزی، هێڵەیاساییەکانی کاری رۆژنامەوانی، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت، ٢٠١١.

٧. سامان فەوزی، هونەر رەسوڵ، میدیای ئینتەرنێتی و گرفتە یاساییەکانی، لە بڵاوکروەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی-٢٠٠٤.

٨. سامان نوح، دەروازەیەک بۆ رۆژنامەگەری بنکۆڵکاریی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٥.

٩. شریڤا ستاڤانا، و، کەرکوکی، ئاژانسەکانی دەنگوباس لە کۆترەوە بۆ ئینتەرنێت، هەولێر-٢٠٠٨.

١٠. صابر بکر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، ٢٠١٦.

١١. صادق حمە غەریب، رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١٥.

١٢. عبدلخالق ئیبراهیم، میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر-٢٠١٤.

١٣. عەلی نانەوازادە، فەهەنگی کوردی هەرمان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، کوردستان -هەولێر،٢٠٠٥.

١٤. مەغدید سەپان، ئاژانسەکانی دەنگوباس، بلاوکراوەی ئاراس ژمارە٥٠٥، هەولێر-٢٠٠٦.

١٥. مەغدید سەپان، بنەماکامی ئیتیک و ئیتیک لە راگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی پەنجەرە، تاران-٢٠١٥.

١٦. محمد عبدڵاکەلاری،جیهانگیری میدیا، چاپخانەی خانی- دهۆک، لا١٠٧.

١٧. موحەمەد مونیر حیجاب، و. یەحیا عومەر ڕێشاوی ، میدیا و بابەتیبوون لەسەدەی بیست و یەکدا، ناوندی رۆشنبیری سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، سلێمانی -٢٠١٨.

١٨. مەم بورهان قانع، لەبارەی راگەیاندنەوە، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٩. هاوژین عمر، تەکنیکی نوسینی میدیایی، چاپخانەی موکریان-هەولێر، ٢٠١٣، لا٢٠٢.

٢٠. هێرش رەسوڵ، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی-٢٠١١.

٢١. یۆستاین گاردەر،ئۆتەبیوهمە، و-بەهرۆزحەسەن، جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا، چاپی چوارەم، چاپخانەی رجایی- تاران، ٢٠١٤.

**٢. بەزمانی عەرەبی**

١. احمد بن مرسلي، مناهج البحث العلمي في علوم الإعلام والاتصال، الطبعة الرابعة ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠١٠، ص ٢٥٠-٢٥٨.

٢. اسماء عبدالمطلب بني ويس، دليل مبتدىء إلى المناهج العامة في البحث العلمي، دار النفائس للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٨، ص٢٣٦.

٣. اياد الداود، فن التقصي، الفيلم الوثائقي التحقيقي، معهد الجزيرة للاعلام، ٢٠١٩.

٤. ابن منضور، ليسان العرب، دار المعارف،قاهرة، بدون سنة النشر.

٥. أمين بن مسعود، من أجل صحافة نافذة، دليل أكاديمية الصحافة الاستقصائية، تونس، ٢٠٢١.

٦. برنامج الانمائية لامم المتحدة- العراق ،الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبيقات عمله.

٧. بسنت عبدالمحسن عبدالطيف العبقاوى، الصحافة الالكترونيه و بينتها على الشبكة الانترنيت، خوارزم العلمية للنشر والتوزيع،جدة، ٢٠١٠.

٨. بشرى حسين الحمداني، التغطية الصحفية الاستيقصائية تحقيقات عابرة للحدود، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠١٢.

٩. بشرى داود سنجرى ، صناعة التحقيقات الاستقصائية  المقومات الفنيه المهنية للمحقق الصحافي ، المقومات الفنية المهنية للمحقق الصحافي ، دار الكتاب الجامعي ، الجمهوريه البنانية ، ٢٠١٥.

١٠. باسم الطويسي، الاعلام الاللكترونية سياقات النشئة و التحدياد التطور، مركز الجزيره للدراسات، بدون مطبعة، ٢٠١٠.

١١. بيرق حسين موسى،  فن اخراج الصحفي لمواقع الجرائد الالكتترونية، دار غيداء للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٤.

١٢. تحقيق الصحفي كشكل من اشكال التخطية التفسيرية الاستققصائية، فى الضوابط التحقيقات الصحفين الامنية، الرياض جامعةيفالعربية للعلوم الامنية،٢٠١٠.

١٣. حرية الاطلاع على المعلومات الصحافة- دليل صحفيين العرب،لندن،٢٠٠٧.

١٤.حسن احمد ابو حشيش، اوراق العمل ضمن مساق الصحافة الاستقصائية،جامعه الاسلامية- غزه، ٢٠١٦.

١٥. حسين على ابراهيم الفلاحي، صحافة التحري والاستقصاء التحقيقات الصحفية الاستقصائية، دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربيةالمتحدة- الجمهورية اللبنانية، ٢٠١٧،ص٣٥.

١٦. حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع... والاشكاليات، دار العالم العربي، قاهرة- ٢٠١٤.

١٧. حسن محمد أبو حشيش، ، مساق الصحافة الاستقصائية، الجامعة الإسلامية – غزة، ٢٠١٤.

١٨. حسين شفيق ، الإعلام الالكتروني :بين التفاعلية و الرقمية.رحمة برس للطباعة و النشر، ٢٠٠٧.

١٩. حارث عبود، مزهر الاعاني، الاعلام و الهجرة الى عصر الرقمي، دار المكتبة حامد للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٤.

٢٠. حسين على الفلاحي، الاعلام الجديد و الاعلام التقليدى، دار الغيداء و النشر- عمان، ٢٠١٣.

٢١. خالد محمد غازى، الصحافة الالكترونية العربية:الالتزام والانفلات فى الختاب والطرح، وكالة الصحافة العربية الناشرون، جمهورية العربة المصرية، ٢٠١٦.

٢٢. دليل صحافة الاستقصائية من اجل التنمية، موسسة فريدريش ايبرت، مصر، ٢٠١٦.

٢٣. رضا عبدالواحد امين، الصحافة الالكترونية، دار الفجر للنشر و التوزيع، قاهرة،٢٠٠٧.

٢٤. رشدي احمد طعيمة، تحليل المحتوى في العلوم الانسانية، مفهومه-اسسه- استخداماته، دار الفكر العربي، القاهرة،٢٠٠٤ص١٤٠.

٢٥. رقابة القانونية على اعلام الرقميي، مركز هردول دعم تعبير الرقمي، قاهرة-٢٠١٦.

٢٦. زهير ياسين، طاهات وآخرون، التحقيقات الاستقصائية لدول ربيع العربي فى الشبكة اريج، دراسة تحليلية، ٢٠١٨.

٢٧. سعد سلمان المشهداني، الصحافة العربية الدولية"مفهوم-الخصائص-المشاكل-النماذج-الاتجاهات" دارالكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة-٢٠١٤.

٢٨. سيف الاسلام سعد عمر، الموجز في المنهج البحث العلمي، دار الفكر، دمشق-٢٠٠٩، ص١٢١.

٢٩. سعد سلمان المشهداني، مناهج البحث الاعلامي، دار الكتاب الجامعي، دولة الامارات العربية الموحدة- جمهورية البنانية، ٢٠١٧، ص١٢٦-١٢٧.

٣٠. سعد سلمان المشهداني، منهجية البحث العلمي، دار اسامة للنشر والتوزيع- الاردن-٢٠١٩ص١٩٠.

٣١. سعدحتر- محمد فاضل العبيدلي، مؤسسة فردريش ناومان من اجل الحرية،غير مطبوع.

٣٢. سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، الطبعة الثانية، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع، كويت-٢٠١٤.

٣٣. سى موسى عبدللة، الصحافة الالكترونية دراسه في التصميم المواقع والتفاعلية، الساورن للدراسات الانسانية الاجتماعية، العدد الاول:ديسمبر٢٠١٥.

٣٤. شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية-دراسات فى التفاعلية فى التصميم المواقع، دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٥.

٣٥. صحافة الاستقصائية مهنة المتاعب، والاخطار ، زهران للنشر و التوزيع-الاردن ، ٢٠١٢.

٣٦. صحافة الاستقصائية، معهد الصحافين المعترفين-الجامعة اللبنانية الامريكية بتعاون مع مركز قناة الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير، (الدوحة-قطر، مارس-٢٠١٦)، ص٢٠.

٣٧. صالح بن حمد العساف، المدخل إلى البحث في العلوم السلوكية، سلسلة البحث في العلوم السلوكية، الكتاب الاول، مكتبة العبيكان، الرياض، ١٩٩٥، ص٩١.

٣٨. عبدالرزاق محمد الدليمى، الاعلام الجديد الصحافة الاللكترونية، عمان دار الوائل للنشر و التوزيع،٢٠١١.

٣٩. عامر صباح، منهجية البحث في العلوم السياسة والاعلام، الطبعة الثانية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠١٠، ص١٠٣.

٤٠. عبدالرحمان الهاشمي، محسن علي عطية، تحليل مضمون المناهج المدرسية، الطبعة الثانية، دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان-٢٠١٤،ص٢٠٥-٢١١.

٤١. عبدالعزيز شريف، آخلاقيات الاعلام، دار يافا العلمية للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٣، ص٤٩.

٤٢. على عبدالفتاح كنعان، لصحافة الالكترونية في ضل ثورة التكنلوجية، دار اليازورى العلمية للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٤.

٤٣. عبدالرزاق الدليمي ، الصحافة الاستقصائية ، داراليازورى العلمية للنشر و التوزيع ، مطبعة – بيروت.

٤٤. عباس مصطفى صادق، الاعلام الجديد المفاهيم والوسائيل والتطبيقات، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان ، بدون سنة النشر.

٤٥. على اجقو، الصحافة الالكترونية العربية كالمواقع و الافاق جزائير، دار الكتاب الجزائيرية، ٢٠٠٥.

٤٦. عربى مصري، التحرير الاستقصائي ، من المنشورات جامعة الالفتراضية السورية ، جمهقرية العربية السورية ، ٢٠١٨.

٤٧. عزام ابو الحمام، المنهج العلمى فى الصحافة الاستقصائية ، دار الاسامة للنشر و التوزيع ، الاردن – عمان، ٢٠١٤.

٤٨. على عبدالفتاح كنعان، الصحافة الالكترونية، دار اليازورى، بدون سنة او مكان الطبع.

٤٩. عيسى عبدالباقى موسى، الصحافه الاستقصائية آطر نضرية ونماذج تطبيقية، دار العلوم النشر و التوزيع – القاهيرة، ٢٠١٣.

٥٠. على كنعان، الاعلام التفاعلي، دار المجد للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٤.

٥١. عيسى محمود حسن، الصحافة الاستقصائية مهنة متاعب و الاخطار، دار زهران للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٢.

٥٢.على عبدالفتاح كنعان، ادارة المؤسسات الاعلامية، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٤.

٥٣. غادة عبدالتواب اليماني، بحوث ودراسات في الإعلام العربي، بناء المنهجي والاسدلال الاحصائي، دار المعرفة الجامعي، ٢٠١٤.

٥٤. فيصل ابو عيشه، الاعلام الالكتروني، دار اسامة، عمان-اردن، ٢٠١٠.

٥٥. كاظم المقدادي،الإعلام الدولي، تصدع السلطة الرابعة، إعادة تشكيل الخارطة الإعلامية، بغداد: مطبعة البحر الأبيض،٢٠١١.

٥٦. محمد منصور هيبة، حسن السودانى، شبكات التواصل الاجتماعية و تاثيرها على جمهور المتلقيين، مركز الكتاب الاكاديمى- عمان.

٥٧. محمد نعمان عبدالسميع، العمل الصحفي نشآته انواعه تطوره، دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، قطر- ٢٠١٤.

٥٨. مروى عصام صلاح، الاعلام الالكتروني الاساس وافاق المستقبل، دار الاعصار للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٣.

٥٩. مركز قناة الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير، الدوحة-قطر، مارس-٢٠١٦.

٦٠. محمد الراجي، بيئة الصحافة الالكترونيه سياقات التطور و التحدياته، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠٢٠.

٦١. محمد خليل الرفاعي، تحرير الصحافة الالكترونية من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، جمهورية العربية السورية-٢٠٢٠.

٦٢. محمد منصور هيبة، شبكات التواصل الاجتماعي وتاثيرها على جمهور المتلقيين، مركز الكتاب الاكاديمى، عمان ٢٠١٦.

٦٣. ماجد تربان، الاعلام الالكتروني الفلسطيني، مكتبة الجزيرة للنشر، غزة-٢٠٠٨.

٦٤.محمد خليل الرفاعي، فلک صبيرة، محمد علي الحبش، اساليب تحليل النصوص، من المنشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية-٢٠٢٠، ص١٨٣-١٨٥

٦٥. محمد عبدالحميد، تحليل محتوى في بحوث الإعلام، عالم الكتاب، القاهرة، ١٩٨٣، ص١٣٦-١٤٨.

٦٦. محمد عبدالحميد، دراسة الجمهور في بحوث الإعلام، عالم الكتاب، القاهرة، ١٩٩٣ ١٧٣،١٧٤،١٧٥

٦٧. محمد عبدالعال النعيمى، عبدلجبار توفيق البياتى، غازي جمال خليفة، طرق ومناهج البحث العلمي، الواراق للنشر والتوزيع، عمان-٢٠١٥، ص٧٨.
٦٨. محمد منير حجاب، البحوث الإعلامية والاجتماعية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة- ٢٠٠٥ ص١٠٩.
٦٩. مهنديس احمد خطيب، منهج البحث العلمي بين الاتباع والإبداع،مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة، ٢٠٠٩، ص٧٠.
٧٠. محمود احمد درويش، مناهج البحث في العلوم الانسانية، القاهرة، مؤسسة العلوم الامة للاستثمارات الثقافية ، ٢٠١٨، ص.١٧٢.
٧١. محمد سرحان علي المحمودي، مانهج البحث العلمي، دار الكتب، الجمهورية اليمنية-صنعا، ٢٠١٥.
٧٢. ماهر عودة الشاملية، محمود عزت الحمام، مصطفى يوسف كافي، الاعلام الرقمي الجديد، دار الاعصار العلمى للنشر والتوزيع، الاردن- ٢٠١٥.
٧٣. محاضرات حسن محمد ابو حشيش، الصحافة الاستقصائية، مدرس الصحافة و الاعلام قسم الصحافة و الاعلام فى الجامعة الإسلامية.
٧٤. مارك هنتر، مساق تمهيدي عن الصحافة الاستقصائية في الجامعات العربية، شبكة (إعلاميون من أجل صحافة عربية استقصائية-أريج)، ٢٠١٩.
٧٥. مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، مناهج البحث العلمى وتطبيقاتها في الإعلام والعلوم السياسية، دار الوفا لدينا الطباعة ولنشر، الاسكندرية،٢٠٠٧، ص٩٥.
٧٦. محمد فاتح حمدي، سميرة سطوطاع، مناهج البحث في العلوم الاتصال والاتصال وطريقة اعداد البحوث، دار الحامد للنشر والتوزيع، ص١٣٠.
٧٧. مارل لى هنتر،لوك سينجيرز، يحى غانم، سعد متر، محمد فاضل العبيدي، الصحافة الاستقصائية مناهج الشاملة بحسب اريج ، ، مؤسسة فردريش ناومان من اجل الحرية، غير مطبوع، موجود pdf.
٧٨. نائل عبدالحافظ العواملة، اساليب البحث العلمي، قسم الادارة العامة، كلية الاقتصاد والعلوم الادارية، الجامعة الاردنية،١٩٩٧.

٧٩. نجلا محمد جابر، دراسة التحليلية في الاعلام الجماهيري، دار المعتز للنشر والتوزيع، الاردن -عمان- ٢٠١٥.

٨٠. هالة حمدي غرابة، التغطية الإستقصائية لقضايا الواقع المعاصر، دار العربي للنشر والتوزيع، قاهرة، ٢٠١٩.

٨١. نزار بشير جديد، الاعلام المقروء بين الصحافة الورقية الصحافة الالكترونيه، دار الاعصار العلمى للنشر و التوزيع، عمان،٢٠١٥.

٨٢. هاشم حسين تميمى، التحقيق الاستقصائي التلفزيوني،الطبعة الثانية، دار الكتب الوثائق، بغداد-٢٠١٩.

٨٣. وسام فاضل راضي، مهند حميد تميمي، الاتصال ووسائله الشخصية والجماهرية والتفاعلية، دار الكتاب الجامعي ، دولةالامارات العربية المتحدة- الجمهورية اللبنانية-٢٠١٧.

٨٤. يعقوب بن محمد الحارثي، مسؤلية المدنية عن النشر الالكتروني، دار الوائل للنشر و التوزيع، عمان-٢٠١٥.

٨٥. يعقوب بن محمد الحارثي، مسؤلية المدنية عن النشر الالكتروني.

٨٦. يوسف تمار، تحليل محتوى للباحثين وطلبة الجامعين، الجزائر-، طاكسيج –كوم- للدراسات للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧.

**٣.بەزمانی ئینگلیزی**

1.Stephen Gillers, journalism under fire protection the future of investigative reporting, Colombia journalism review of books, New York, p220.221.22

2.David Leigh, investigates journalism, registered company springer Nature Switzerland,2019.

3.Hugo de Burgh, investigative journalism, second Edition, published by Rout ledge,2008.

4.Digital Investigative Journalism: Data, Visual Analytics and Innovative Methodologies in International Reporting, Oliver Hahn and Florian Stalph, Springer International Publishing,Palgrave Macmillan, passau, Germany, 2018.

5.Bill Birnbauer, The Rise Of Nonprofit Investigative Journalism In The United States, Routledge/Taylor& francis Group,2019.

6. Paul Lashmar Hugo de Brugh and, investigative journalism, third Edition, published by Routledge, New York, 2021.

7.James L. Aucoin, The Evolution of American investigative journalism, The Curators of the University of Missouri University of Missouri Press, Columbia, Missouri 65201 Printed and bound in the United States of America,2005.

**دووەم/ توێژینەوەکان**

١. بشرى الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية ،من وجهة النظر الصحفين العراقين، بحث مقدم للمؤتمر العلمى الثالث، **نحو رؤية المستقبلية لبناء اعلام مسؤل**، ابرل ٢٠١٦، كلية الاعلام الجامعة العراقية.

٢. رابح عمار، الصحافة الالكترونية و تحديات الفضا الالكتروني- دراسة الميدانية للصحافة الالكترونية الجزائيرية، اطروحة الدكتورا، غير منشور، جامعة وهران، كلية علوم الانسانية و الاسلامية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، ٢٠١٦-٢٠١٧.

٣. روان عماد الحمام، دور الصحافة الاستيقصائيةفى الكشف قضايا الفسادمن وجهة الظرالصحفيين الاردنين،رسالة ماجستير غير منشور،جامعة الشرق الاوسط،كلية الاعلام، قصم الصحافة الاعلام،٢٠١٤.

٤. قورارى صونية، اتجاهات جمهور الطلبة نحو الصحافة الااللكترونية، دراسة الميدانيه على عينة الطلبةالجامعين مستخدمين للانترنيت في الجامعةبسكرة، رسالة الماجستير، غير منشور، جامعة محمد خيضر-بسكرة، كلية العلوم الانسانية الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية،٢٠١٠-٢٠١١

٥. منال قدواح، اتجاهات صحفيين الجزائريين نحو استخدام الصحافة الالكترونية- دراسه ميدانية، رسالة ماجستير، جامعة منتورى- قستنطينية، كلية العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، قسم علوم الاعلام الاتصال، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.

٦. معوقات الصحافة الاستقصائيةالعراقية من وجة نظرالصحفيين العراقيين . بحس مقدم للمؤتمر العلمى الثالث " نحو رؤية المستقبليةلبناء اعلام مسؤل" اعداد، آ.م.د، بشرى الحمدانى ،كلية الاعلام الجامعن العراقية ، ١٨-١٩ نيسان،٢٠١٦.

٧. منير ابو راس، ياسر البناء، الصحافة الاستقصائية، مفهومها و ماهيتها-نشتآها و تطورها-علاقاتها بالبحث العلمي، ورقة البحثية، الجامعة الاسلامية-غزة، كلية الاداب، قصم الصحافة، ٢٠١٢.

٨. منيرابو راس، ياسرالبنا، زاهرالبيك، الصحافةالاستقصائية:مفهومها و ماهيتها-نشتآها و تطورها-علاقتهابالبحث العلمي، ورقة البحثية، الجامعة الاسلامية- غزة،كليةالاداب، قصم الصحافة،٢٠١٢.

**سێیەم/ گۆڤار**

١. الصحافة الاستقصائية منهج الجديد لكشف الفساد لتحديد القيم الاجتماعية، فاضل محمد البدرانی، **مجلة العلوم الاجتماعية**، العدد١٣، جويلية٢٠١٥.

٢. یادگار علی محمد، ڕۆڵی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە دروستکردنی وێنەی (حەشد شەعبی) لای خوێندکارانی زانکۆ، **گۆڤاری زانکۆی گەرمیان**، ٢٠١٨، زانکۆی گەرمیان.

٣. حسن منصور،التحقيقات الاستقصائية في العالم العربي..الاهتمامات و اساليب الاعداد والكتابة والتقديم، **مجلةالعربيةلبحوث الاعلام والاتصال**-العدد (٢٤)،مارس/يناير-٢٠١٩،.كلية الاعلام –جامعة الاهرام الكندية.

**چوارەم/ ماڵپەڕەکان**

١- ئەناهیتا، http://ferheng.info/alfba/38112،٢٠٢١/٤/٢٣، pm٥:٢٠.

٢-دەربارەی ئێمە ،https://nirij.org/ ، ٢٠٢١/٤/١٧، ١٢:٥٥ص .

٣-دەربارە، https:// www.awene.com، ٢٠٢١/٦/٥، ٩:٤٣م.

٤-دەربارەی ئێمە، https://www.kurdiu.org/ku/b/462681، ٥ /٢٠٢١/٦، ١:٤٠م

٥-دەربارەی ئێمە،https://www.xendan.org/about.aspx?jimare=1،٢٠٢١/٦/٥، ٢:١٢م.

٦-عن اريج ،https://arij.net ، ٢٠٢١/٤/١٤، ٥:٠٠ م

٧-أربعة أمور لا تنطبق على الصحافة الاستقصائية، https://arij.net/materials،26/4/2021، 11:8 pm

٧-التحقيقـــات االستقصـــائية لـــدول الربيـــع العربـــي فـــي شـــبكة أريـــج، https://joa.journals.ekb.eg/article_79873_054cb3b580ce1b51189cd5636f9ac4a9.pdf،٢٠٢١/٤/٢٩. ٣:١٣ pm

٨-العمـــل الاستقصـــائي فـــي عصـــر التحـــول الرقمـــي، مـــي خلـــف، https://www.noonpost.com/content/30026، ٢٠٢١/٧/٢٦، ٥:٤٣م.

**پێنجەم/ چاوپێکەوتن.**

١-ئیبراهیم عەلی، سەرنووسەری ماڵپەڕی "**بوارنیوز**" چاوپێکەوتنی توێژەر، یەکشەممە، ٢٠٢١/٩/٥،"ئۆنلاین" کات:١١:٠٠م

٢-ئەرشەد خەلیل شوانی، ماستەر لە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتنی توێژەر، یەکشەممە ٢٠٢١/٩/١٢، "ئۆنلاین"کات:٤:٣٠م

٣-هێمن باقر، سەرنووسەری ماڵپەڕی"**دیپلۆماتیک مەگەزین**" چاوپێکەوتنی توێژەر، چوارشەممە ٢٠٢١/٩/١، سلێمانی،کات:٤:٤٠م

٤-محمد رووف، سەرنووسەری ماڵپەڕی "**درەو**" چاوپێکەوتنی توێژەر، سێشەممە، ٢٠٢١/٨/٣١، سلێمانی، کات: ٢:٣٥م.

# پاشکۆ

**پاشکۆی ژمارە (١)**

زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن
خوێندنی باڵا/ماستەر

ڕاپێوینامەی بەرایی

ئەم کاتەت باش ...

بەڕەچاوکردنی پێگەی بەڕێزتان لەناوەندی ڕاگەیاندنی کوردیدا، ئەم ڕاپێوینامەیەتان ئاراستەدەکەین ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرچاوڕونی سەبارەت بە پێگەی ئەم پێگە ڕۆژنامەوانیانەی کەئاماژەی پێدەکەین، وەک هەنگاوێکی گرنگی سازاندنی راپێوینامەی بنەڕەتی ودیاریکردنی نموونەی (**Sample**)ی تویژینەوەکەمان بەناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا**)کەبەشێکە لەپێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندندا، لێرەشەوە متمانەی زۆرمان بە وردی و بابەتیانەی وەڵامەکانی بەڕێزتان هەیە، لەپێناو گەیشتن بە دەرئەنجامیکی ورد و بەبەتیانەی گشتگیر لەتویژینەوەکەمان.

ڕێزو پیزانینمان بۆتان

| سەرپەرشتیار | توێژەر |
| --- | --- |
| پ.ی.د. فواد عەلی ئەحمەد | هەژار کیفە شریف |

- ڕەگەز / ( نێر ) (مێ )
- بڕوانامە/ ئامادەیی ، بەکالۆریۆس ، ماستەر ، دکتۆرا
- شوێنی دانیشتن/ سلێمانی هەولێر دهۆک
- پیشە /
- پرسەکان:

✓ **بەرکەوتنم لەگەڵ ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا هەیە.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆر وایە | وایە | تارادەیەک | وانیە | زۆر وانیە |

✓ **دۆخی راگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا لەم ئاستەدایە.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زۆرباش | باش | ناوەند | پەسەند | ناپەسەند |

✓ **ئاستی بایەخدانی کام لەم ماڵپەڕە هەواڵییانەت لابالاترە لەبواری (راپۆرتی بنکۆڵکاریی)دا؟**

- دیپلۆماتتیک مەگەزین-Diplomatic magazine
- درەو میدیا- Draw
- خەندان- Xendan
- پەیامنێر- Payamner
- بوار نیوز-Bwar news
- پەرەگراف- Paragraf
- سبەی- Sbey
- ستاندەر کورد- Standard Kurd
- زەمەن نیوز-Zeman news
- پۆلەتیک- Platic
- ئاوێنە-Awene
- وێستگە- westga

## پاشكۆی ژماره (٢)

زانكۆی سلێمانی
كۆلێژی زانسته مرۆڤایەتیەكان
بەشی راگەیاندن

بەڕێز (..........)

بەڕەچاوكردنی پێگە و توانای زانستی بەڕێزتان، ئەم شیكارینامەیەتان دەخەینە بەردەست، كەپەیوەستە بەتوێژینەوەیەكی زانستی/ **ماستەر** بەناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی راپۆرتی بنكۆڵكاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەكانی هەرێمی كوردستان دا**)، بەو هیوایەی كەموكوڕی و لایەنە ئەرێنیەكانم بۆ دیاریبكەن رێنیوێنیەكانتانم پێببەخشن بە ئامانجی باشتر كردن و راستكردنەوەیان لە روی زانستیەوە.

رێز و پیزانینم بۆتان ..

| | |
|---|---|
| خوێندكار | سەرپەرشتیار |
| هەژار كیفە شریف | پ.ی.د. فواد عەلی ئەحمەد |

## یەکەم/ ڕونکارییە تایبەتیەکانی ڕاپۆرتەکان

| وەرگری مەبەست | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | تایبەت | | | |
| ٢ | گشتی | | | |
| ٣ | گشتی+ تایبەت | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

| ڕەگەزی ڕاپۆرتسازی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | نێر | | | |
| ٢ | مێ | | | |
| ٣ | هەردوکیان | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

| ماوەی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | کورت | | | |
| ٢ | مامناوەند | | | |
| ٣ | درێژ | | | |
| ٥ | کۆ | | | |

| شیوازی خستنه ڕوی ڕاپۆرتەکان. | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | ڤیدۆ | | | |
| ٢ | دەق | | | |
| ٣ | دەق+ وێنە | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

| سنوری جوگرافی دۆزی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | خۆجێیی | | | |
| ٢ | نیشتمانی | | | |
| ٣ | دەرەکی | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

## دووەم/ ئاماژەپێکهاتەییەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

| زانستیبوون | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | گریمانەسازی | | | |
| ٢ | پرسیار | | | |
| ٣ | هەبوونی بەڵگەو سەلماندن | | | |
| ٤ | سەلماندنی کردەیی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | کۆ | | | |

| رەسەنایەتی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | راپۆرتی ماڵپەڕەکەن | | | |
| ٢ | راپۆرتی دەرەکین | | | |
| ٣ | راپۆرتی هاوبەشن | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

| ڕۆچوون و قوڵبوونەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | راڤەکاری | | | |
| ٢ | شیکاری | | | |
| ٣ | روماڵی رەهەندەکانی دۆزەکە | | | |
| ٤ | گەڕانی قوڵ | | | |
| ٥ | لێکدانەوە و تاوتوێکردن | | | |
| ٦ | کۆ | | | |

| هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | وردبینی زانیارییەکان | | | |
| ٢ | دروستی زانیارییەکان | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ڕەخنەی زانیارییەکان | | | |
| ٤ | پاکسازیکردنی زانیارییەکان | | | |
| ٥ | کۆ | | | |

| ئامانجی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | گەیشتن بە ڕاستیە شاراوەکان | | | |
| ٢ | ئاشکراکردنی گەندەڵیەکی شاراوە | | | |
| ٣ | ئاشکراکردنی کردە ئابڕوچونەکان "فضيحة" | | | |
| ٤ | هەوڵدان پێکهێنانی ڕایگشتی | | | |
| ٥ | دەرخستنی هەڵە و کەموو کوڕیەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵ | | | |
| ٦ | ئاگادارکردنەوە لە مەترسیەک | | | |
| ٧ | کۆ | | | |

| پەیامی ڕاپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە کردە نایاساییەکانی کۆمەڵ | | | |
| ٢ | هۆشیارکردنەوەی دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان لە ئەنجامدانی کاری نایاسایی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | هۆشیار کردنەوەی کەسایەتیە گشتی و فەرمیەکان لە کردە ئابڕوچوونەکان"**الفضيحة**" | | | |
| ٤ | کۆ | | | |

| **پێوەرەکانی دۆزی ڕاپۆرتەکان** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ز | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | ڕاستەقینەیی (واقعي) | | | |
| ٢ | زانین | | | |
| ٣ | بایەخ- کەڵک | | | |
| ٤ | ئاشکراکردن | | | |
| ٥ | کۆ | | | |

| **سەرچاوەکانی زانیاری ڕاپۆرتەکان** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ٢ | دامەزراوە فەرمیەکان | | | |
| ٣ | قوربانیان | | | |
| ٤ | شایەدحاڵەکان | | | |
| ٥ | شارەزایانی تایبەتمەند | | | |
| ٦ | سەرچاوەی نادیار | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | کۆ | | | |

| ئەنجامی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | دروست | نادروست | پێشنیار |
| ١ | خستنەڕووی کێشەکان | | | |
| ٢ | خستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشەکە | | | |
| ٣ | پێشنیار و راسپاردە | | | |
| ٤ | سەلماندنی گریمانەکان | | | |
| ٥ | وەڵامدانەوەی پرسیارەکان | | | |
| ٦ | کۆ | | | |

## پاشکۆی ژمارە (٣)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن
خوێندنی باڵا: ماستەر

**بەڕێز** ........................

ئەم فۆڕمەی لە بەردەستی بەڕێزتاندایە سەبارەت بە توێژینەوەیەکی زانستی یە بە ناونیشانی (**هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان دا**)، لە سۆنگەی ئاستی زانستی و پیشەیی بەڕێزتان ئەم فۆڕمەمان ئاڕاستەکردن بە مەبەستی دەربڕین و دیاریکردنی سەرنج و تێبینییە زانستییەکانتان سەبارەت بە چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە بوارەکە.

**لەگەڵ ڕێزدا...**

### پرسەکان

- تا چەند ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێبازی زانستی بنکۆڵکاریی ئامادەکراوە؟
- تاچەند ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان ڕەهەندە شاراوەکانی دۆزەکانی ئاشکراکردووە و ڕۆچوەتە نێو قوڵایی دۆزەکان؟
- گرنگترین ئەو دۆزانە کامانەن کە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کردووە؟
- دیارترین بەربەست و ئالەنگاریەکانی بەردەم ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی ماڵپەڕەکان لە هەرێمی کوردستان کامانەن؟
- تاچەند ڕۆژنامەوانانی ماڵپەڕەکانی هەرێمی کوردستان شارەزان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان؟

## ملخص البحث

موضوع هذه الدراسة هو (تقييم التقارير الإستقصائية للمواقع الإخبارية في اقليم كردستان-ديپلوماتيک مەگەزین نموذجة) وهو موضوع الحالي والمهم في العلم الإعلام، وقد أصبح رصيدا قيما لوسائل الإعلام منذ ذلك الحين، هذا البحث هي محاولة علمية لتقييم وبيان واقع التقارير الاستقصائية في مجال المواقع الإلكترونية الإخبارية في إقليم كوردستان من خلال التحليل والبحث عن بنيات التقارير الاستقصائية للتقارير التي تشير مواقع إقليم كوردستان إلى متلقيها باسم التقرير الاستقصائي، لهذا الغرض اختار باحث موقع (ديپلۆماتيک مەگەزین- diplomatic magazine) كالنموذج لهذا البحث، بعد مجموعة التقارير برنامج (سندوقى ڕەش) في الموقع المذكور عددهم (٢٠) تقريراً منتج في هذا تاريخ (٢٠٢٠/١٢/٣— ٢٠٢١/١١/٢٩) تم العمل عله.هدف هذا البحث هو التعرف على مستوى العلمية تقارير الاستقصائية، فضلا عن صحة التقارير التي تم نشرها في تلك المنشورات و إلى جانب الأهداف التي حاولت التقارير تحقيقها وتقديمها و الى أي مدى تمكنت من تنفيذ عملية التنقيب و تعميق التقارير.. هذه الدراسة من نوع البحوث الوصفية، استخدم منهج مسح التحليلي المتوافق مع مسار البحث، كما استخدم اسلوب تحليل مضمون لتحقيق أهداف البحث في بعد إجراء عملية البحث. وفي الختام، توصلت الدراسة إلاستنتاجات ابرزها أن التقارير الاستقصائية تم إعدادها بطريقة التخطيط العلمي الاستقصائي ، بالاعتماد على الأدلة والمعلومات المسندة بالبراهين، لقد قامت التقارير الذهاب والتعمق إلى حد كبير، تغطية أبعاد قضية التقرير، وبحثت بعمق عن الأدلة والمعلومات التي تريدها قضية التقرير، وأن نتائج إجراءات التحقيقات لم تكن مبررة. و أدرجت في قضية التحقيق. الاقتراحات و التوصيات موجهة للأطراف المعنية.

# Summary

The subject of this study is (Evaluation of investigative reports of the news sites in the Kurdistan region- Diplomatic magazine as an example ) which is the current and important topic in media science, and has become a valuable asset to the media since then, this research is a scientific attempt to assess and show the reality of investigative reports in the field of news websites in the region Kurdistan through analysis and search for the structures of investigative reports of reports that the sites of the Kurdistan region refer to the recipients in the name of the investigative report, for this purpose the researcher chose the site (دیپلۆماتیک مەگەزی diplomatic magazine) as the model For this research, after the set of reports program (سندوقی ڕەش) on the site mentioned number (20) productive reports on this date (3/12/2020— 29/11/202 1) The purpose of this research is to identify the level of scientific investigative reports, as well as the validity of the reports published in those publications, as well as the objectives that the reports have tried to achieve and submit, and to what extent they have been able to avoid the exploration process and deepen the reports. This descriptive research-type study used a research-path-compatible analytical survey approach, and a guaranteed analysis method was used to achieve research objectives after the research process. In conclusion, the study reached conclusions, most notably that the investigative reports were prepared in a scientific planning method, based on evidence and evidence-based information, the reports went in depth to a great extent, covered the dimensions of the report case, and looked in depth at the evidence and information that the report case wanted. The results of the investigation procedures were unjustified. It was included in the investigation case. Suggestions and instructions are addressed to the parties concerned.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
University of Sulaymaneyah
College of Humanities
Media Department

# Evaluation of investigative reports of the news sites in the Kurdistan region
## Diplomatic magazine as an example

A thesis Submitted By:
**Hazhar Kaifa Sharif**

Dissertation submitted in partial fulfillment of the requirement for t
Degree of Masters of humanities college in the medi.

Supervised by:
**Dr. Fuad Ali Ahmed**

20722 2022 1444